دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

ژمارە: ٥٣٣

www.kurdistanukurd.com

سی شەمە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٩- ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٠ - ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سیاسی



گرفتەکانی بەردەم راگەیاندنی کوردی ٥

سیاسی

سەرەتای بە رێکخراوبوونی خەباتی مەدەنی ٦

کوردستانی



مەترسیی وشکبوون لەسەر گۆلی ورمێ ٧

ئەدەب و هونەر



ژیانی مامۆستا (هێمن) لە ئاوێنەی چەند دێرە شێعرێکیدا ١١

### سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# ئەگەر بمانهەوێ لە ئێراندا پێگەیەک بۆ کورد دروست بکەین، دەبێ ناو ماڵی خۆمان رێک بخەین



**کوردستان . بەشی سیاسی:** "خالید عەزیزی" لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ رۆژنامەی "کوردستان"دا رایگەیاند کە ئەگەر بمانهەوێ لە ئێرانێکی فرەنەتەوەو ئاڵۆزدا، جێگەو پێگەیەکی لەبارو متمانە پێکراو بۆ کورد دروست بکەین، دەبێ سەرەتا ناوماڵی خۆمان رێک بخەین و کێشەو ناکۆکییەکانمان چارەسەر بکەین.

لەم چاوپێکەوتنەدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان روانگەکانی حیزبەکەی سەبارەت بە چەند پرسێکی گرنگ و دوایین ئاڵوگۆڕو پێشهاتە سیاسییەکان دەخاتە روو.

لەم چاوپێکەوتنەدا سکرتێری گشتیی "حدک" بە ئاماژە بەو کەمپینەی کە بۆ لێک نزیکبوونەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات کار دەکا، وێڕای پێداگری لە سەر هەڵوێستەکانی پاش کۆنگرەی چواردەی حیزبەکەی بەرانبەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان رادەگەینێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دیالۆگ و دانیشتن لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ مەرجێکی تایبەتی نیەو ئامادەیە.

دەقی چاوپێکەوتنەکە لە لاپەڕەی٤دا بخوێننەوە.

## پەیامی ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردییەوە

راگەیاندنکارانی کورد!

هۆگران و خوازیارانی گەشە و پێشکەوتنی رۆژنامەنووسیی کوردی!

٢٢ی ئاوریلی ئەم ساڵ ( ٢ی بانەمەڕ ) ١١٢ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردیدا تێدەپەڕێ. لە ٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨دا رۆژنامەی " کوردستان " یەکەم رۆژنامەی کوردی لە شاری قاهیرە لەلایەن رووناکبیری گەورەی کورد " میقداد میدحەت بەدرخان" ەوە دەرچوو. یەکەم هەنگاوی یەکەم ئەزموونی رۆژنامەنووسیی کوردی هەرچەند بە ناچار لە دوورە وڵاتی و لە ماوەی ٤ ساڵ دەرچوونیدا لە وڵاتانی دەرەوە ئەم شار ئەو شاری کردو٣١ ژمارەی لێ درەچوو، یەکەم بەردی بناخەی کۆشکێک بوو کە ئەمرۆ هیچ ڕەشەبایەک توانای تێک ڕماندنی نیە. یەکەم نەمامی رۆژنامەنووسیی کوردی کە بەدەستی بەدرخانییەکان گوورا، ئەمڕۆ سێبەری لەسەر هەموو بەشەکانی کوردستان و تەنانەت لەسەر هەموو کوردێک لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە دایە.

بنەماڵەی مەزنی بەدرخان بەر لە میقداد میدحەت و دوای ئەویش خزمەتی زۆر گەورەیان بە فەرهەنگ وزمانی نەتەوەکەیان کردوە. پاش دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی، ئەم بنەماڵەیە لە ئەستەمبوڵ، دیمەشق و لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤاری کوردی و دامەزراندنی قوتابخانە درێژەیان بە خزمەتە فەرهەنگییەکانیان داوە. بێگومان ئەگەر میقداد بەگیش لەو سەردەمەدا دەستی بۆ کارێکی ئاوا گەورە نەبردبووایە بەهۆی پێشکەوتنی تێکنیکی رۆژنامەنووسی لەلایەک و بەرەوژوور چوونی ئاستی وشیاری وتێگەیشتوویی رووناکبیرانی کورد، کەسێک یان کەسانێکی دیکە لە جێگایەکەوە دەستیان پێ دەکرد، بەڵام گرنگی و گەورەیی کاری میقداد بەگ و دواتر عەبدولڕەحمان بەگی برای لەوە دابوو کە لەلایەک خوێندەواری لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی کورددا دەگمەن بوو و لە لایەکی دیکەشەوە ئیمکانی کارکردن لە کوردستانیان نەبوو، بەڵام ئەوان کۆڵیان نەداو لە دەروەی وڵات دەستیان پێ کرد.

هەوڵ و تێکۆشانی میقداد بەگ بۆ دەرکردنی رۆژنامەی کوردی لەبەر ئەوە بوو کە گرنگیی ئەم کارەی بۆ دەرکەوتبوو. ئێستا کە ١١٢ ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەم یەکەم رۆژنامە کوردییەدا تێ دەپەڕێ گرنگیی ئەم کارە زۆر زیاتر لەوکاتیش دەردەکەوێ.

دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە فەرهەنگ وزمانی کوردی دابوو. تا ئەو سەردەمە زمان و ئەدەبیات و مێژووی کورد یان بە هۆنراوە بووە یان سەرزارەکی.

درێژە لە لاپەڕەی ٣

### وەزیری رەفاهی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد:

## باغچەی ساوایان دەبێ منداڵان وەک حوسێن فەهمیدە پەروەردە بکەن



سادق مەحسوولی وەزیری رەفاهی دەوڵەتەکەی ئەحمەدی نژاد رایگەیاند کە دەوڵەت لە بەرنامەی دایە بە شێوازی پەروەردەی منداڵان لە باغچەی ساوایاندا بچێتەوە. ناوبراو وتی منداڵان دەبێ لە سەر کلتووری شەهیدپەروەری پەروەردە بکرێن.

مەحسوولی هەر لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی دەوڵەت بۆ باغچەی ساوایاندا رایگەیاند کە دەوڵەت تەنیا یارمەتی ئەو بەشە لە باغچەی ساوایان لە سەراسەری ئێراندا دەکا کە پرەنسیپەکانی دینی ئیسلام لە پەروەردەی منداڵاندا رەچاو دەکەن و کار لە سەر جێ خستنی کلتووری شەهیدپەروەری لە قۆناغی منداڵیدا دەکەن. نابراو لە درێژەدا وتی کە ئەرکی باغچەی ساوایانە بەرنامەی پەروەردەی منداڵان بە شێوەیەک دابرێژن کە هەموو کچ و کوڕێکی ئێران لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا بتوانێ وەک حوسێن فەهمیدە خۆی لە پێناو ئامانجەکانی نیزامدا بتەقێنێتەوە. مەحسوولی هەروەها نەیشاردەوە کە هەر باغچەی ساوایانێک کە پێچەوانەی ئەم رێنمایانە بجووڵێتەوە، لە لایەن دەوڵەتەوە بەرخوردی پێ دەکرێ.

## پێنج ئەندامی بنەماڵەیەک لە تاران بە ئێعدام مەحکووم کران



پێنج ئەندامی بنەماڵەیەکی دانیشتووی تاران کە لە نارەزایەتییەکانی رۆژی عاشورادا دەسبەسەر کرابوون، بە تاوانی «محاربە» بە ئێعدام حوکم دراون.

«موتتەهەرە بەهرامی» کە پێشتر هەواڵی حوکمی ئێعدامی لە ئاژانسەکانی هەواڵدا بڵاو بۆوە، ئێستا بە پێی دوایین زانیارییەکان ئاشکرا بووە کە ناوبراو وێڕای هاوسەرو کوڕەکەی و دوو کەسی دیکە لە خزمانی خۆی و هاوسەرەکەی کە هەر هەموویان لە رۆژی عاشورادا دەسبەسەر کراون، لە لایەن دادگای شۆڕشەوە بە ئێعدام حوکم دراون.

ناوەکانی ئەو ٤ کەسەی دیکە بریتین لە: موحسین دانش پوور، ئەحمەد دانش پوور، ریحانە حاج ئیبراهیم و هادی قائیمی.

دەوترێ یەکێک لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتەو پێشتر ئەندامی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق بووەو هەر بۆیە ئەو پێنج کەسە تۆمەتی ئەندامێتی لە رێکخراوی موجاهیدینی خەلقیان دراوەتە پاڵ و بە تاوانی «محاربە» حوکم دراون.

شایانی باسە دەوترێ وەزارەتی ئیتلاعات لە سیناریۆیەکی نوێدا بۆ سەرکوتی نارازییان، تۆمەتی ئەندامێتی لە موجاهیدینی خەلق دەداتە پاڵ دەسبەسەرکراوەکانی نزیک لە کەڕووبی و مووسەوی، تا ئەو دوو پاڵێوراوە نارازییەی پۆستی سەرکۆماری نەتوانن بەو حوکمانە ئیعتراز بکەن.

## چەند خوێندکاری دیکەی کورد لە خوێندن بێ بەش کران




بە پێی دوایین هەواڵەکان، لە درێژەی سزادانی خوێندکارانی کورددا کە ماوەیەکە پەرەی سەندوە، چەند خوێندکاری دیکەش لەلایەن کومیتەی ئینزباتیی زانکۆوە لە خوێندن بێ بەش کران.

بە پێی هەواڵێک کە ئاژانسی "دانشجونیوز" بڵاوی کردۆتەوە چەند چالاکی خوێندکاریی زانکۆی "کوردستان" لە سنە لە خوێندن بێ بەش کراون کە ناوەکانی چەند کەس لەو خوێندکارە بێبەشکراوانە بریتین لە: محەممەد حەمیدی (خوێندکاری قۆناغی فەوق لیسانس) مەهدی کابەر (خوێندکاری قوناغی فەوق لیسانس، سینا رەوشەنی، شەهاب فازڵی، هەمزە حەسەنی و پەریا نیک بین.

## بەند کراوانی سیاسی داوا لە بان کی مون دەکەن سەردانی بەندیخانەکانی ئێران بکا




عیسا سەحەر خیز بە نوێنەرایەتی لە لایەن ژمارەیەکی بەر چاو لە بەندکراوانی سیاسیی ئێرانەوە لە نامەیەک دا بۆ بان کی مون داوای لە ناوبراو کردوە کە لە سەردانەکەیدا بۆ ئێران، سەردانی بەندیخانەکان بکا و لە نزیکەوە بارودۆخی بەندکراوانی سیاسیی ئێران ببینێ.

بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی" کلمە" ئەم نامەیە لە لایەن ژمارەیەکی بەرچاو لە بەندکراوانی بەندی ٣٥٠ بەندیخانەی ئێوینەوە واژۆ کراوە و تێیدا داوای دانیشتنی راستەوخۆ و تایبەتیان لەگەڵ سکرتێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە.

ڕێکەوتی ١٠ی ئاوریلی ٢٠١٠ فرۆکەیەکی هەڵگری سەرکۆماری لیهێستان کە لە ورشۆو بەرەو رووسیە دەچوو کەوتە خوارەوەو هەموو سەرنشینەکانی کە ١٣٢ نەفەر بوو هەموویان لەو کارەساتەدا کوژران. بەم بۆنەیەوە سکرتێری گشتیی حیزب پەیامێکی هاودەردی بۆ باڵوێزخانەی لیهێستان لە ئیسپانیا نارد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

# نامەی هاودەردیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ باڵویزخانەی لەهێستان لە ئیسپانیا

بەرێز باڵیۆزخانەی لەهێستان لە مادرید!

لەسەفەری ئوروپایی ساڵی رابردوودا، ئیسپانیا یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە سەفەرم بۆ کرد و لەگەڵ حیزب و رێکخراو و بەپرسانی سیاسی و دیپلۆماتیکی ئیسپانیایی و غەیری ئیسپانیایی و یەکێک لەوان باڵیۆزی لەهێستان دانیشتن و چاوپێکەوتنم هەبوو. هەر دوو لا لەسەر

دامەزراندنی پەیوەندیی بەردەوام و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون لەسەر ئێران و کوردستان هاودەنگ بووین.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو هەلومەرجە ناسکە، لەو تراژدییە دا کە وڵاتەکەتان و خەڵکی لەهێستان تووشی هاتووە، خۆ بە شەریکی خەم و پەژارەتان دەزانێ و سەرەخۆشیتان لێ دەکا.

حیزبەکەم دڵنیایە کە ئێوە دەتوانن هەرچی زووتر ئەو بۆشاییەی کە ئەم ڕووداوە تاڵە پێکی هێناوە قەرەبوو بکەنەوە.

بەرێزەوە

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

کوردستان ١٢ی ئاوریلی ٢٠١٠

# بەرێوەچوونی یادی ئەنفال و شیمیابارانکرانی شاری سەردەشت لە شاری لینشۆپینگ

ڕۆژی ١٨ - ٠٤ - ٢٠١٠ کۆمیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردییەکان بە پشتیوانیی هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لە شاری لینشۆپینگ کۆڕێکی ڕێز لێنان لە یادی ئەنفال لە باشووری کوردستان و ٢٣ی ساڵەی شیمیاباران کرانی شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرێزان «بوبی ئەسەر» لێکۆڵەر لە پرسی ئەنفال و «سەلاح کەرکووکی» چالاکوان لە بواری ئەنفال دا بەڕێوە برد.

سەرەتا کاتژمێر ١٤:٣٠دوای نیوەرۆ لە لایەن بەرێوەبەری بەرنامە کاک ناسیح قادر ساتێک بێ‌دەنگی بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردستان و بە تایبەت شەهیدانی ئەو دوو کارەساتە ڕاگەیاندرا. پاشان کاک ناسیح بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی هاوکاری بەخێرهاتنی گشت لایەکی کرد و سوپاسی ئامادەبووانی ئەم کۆڕیادەی کرد و کورتەیەک لە ژیانی ئەو دوو بەرێزەی بۆ بەشداربووان باس کرد.

دوای ئەم بەشە داوا لە بەرێز بوبی ئەسەر لێکۆڵەر لە پرسی ئەنفاڵ کرا کە باسەکەی پێشکەش بکات، بەڕێزیان ئاوڕێکی خێرای لە کارەسات و جەنایەتەکانی حکوومەتی بەعسی عێراق لە ئاست گەلی کورد و بە تایبەت ئەنفال و ژینۆسایدی کورد لە باشووری کوردستان لە سەدەی بیستدا دایەوە و کۆمەڵێک بەڵگەی جۆراوجۆری لەمەر ئەم کردەوە درندانەیەی حکومەتی بەعس کە دەرحەق بە گەلی کورد ئەنجامی دابوون نیشان دان. بەرێزی ڕووداوەکانی ئەنفال لە باشووری کوردستان و بە تایبەت دەڤەری بارزانی بۆ گشت لایەک ڕوون کردەوە و باسی لە چۆنیەتیی لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە دەڤەری بارزان کرد و هاوکات چەند نموونەیەکی لە دیدارو چاوپێکەوتنەکانی ٦ مانگ لێکۆلینەوەی خۆی لەگەڵ کەس‌و کاری ئەنفالکراوەکان باس کرد.

دوای ئەم بەشە داوا لە بەرێز کاک سەلاح کەرکووکی چالاکوان لە بواری ئەنفال لە وڵاتی سوئێد کرا کە بێت و باسەکەی خۆی لە مەڕ چونیەتیی کارەساتی ئەنفال و هەروەها بەدواداچوونی پرسی ئەنفال لە دەرەوەی وڵات پێشکەش بکات. بەڕێزیان وێرای سوپاس لە پێکهێنەرانی ئەم کۆڕیادە، ئاوڕی لە هەوڵ و تێکۆشانی کوردەکانی نیشتەجێ لە وڵاتی سوئێد و چەند وڵاتێکی ئوروپایی دایەوە. بەڕێزیان ئاماژەی کرد کە چلۆن لە ساڵانی بەڕیوەچوونی کارەساتی ئەنفال لەبەردەم بالوێزخانەی ئەوکاتی حکوومەتی بەعس خۆپێشاندانیان دەکرد. جیا لەو باسە لە سەر باری دەروونیی کەس‌و کاری ئەنفال کراوەکان قسەی کرد و گوتی کە دوای چەند دەیە چاوەڕوانی خەمی ون بوون و بێ‌چارەنووسیی کەس‌وکاریان بۆتە ئازارێک کە هەمیشە دەروونیان ئازار دەدا و هەروەها ژیانی بنەماڵەی ئەنفالکراوەکانی شی کردەوە. هاوکات لە سەر کارەساتی شیمیابارانی شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی کرد و گوتی کە پێویستە ئەم پرسەش بخرێتە نێو پرۆسەی بەدواداچوونی زیاتر و دوای ٢٣ ساڵ دەبێ کاری وردتری بۆ بکرێ و نەهێڵین کە ئەم کارەساتە تەنیا لە شارێکی وەک سەردەشت دا بمێنێتەوە، چونکە پێویستە پەروەندەی ئەم جەنایەتە زیاتر لە ئێستا بخرێتە بەردەم کۆڕو کۆمەڵە بەشەر دۆستەکان.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی هەر دوو بەرێز دا ئاماژە بە کاری بەردەوام کرا بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵکوژییە بە ژینوساید بناسێندرێ و هاوکات قەرەبووی کەس‌و کاری قوربانیەکان بکرێتەوە و بە درووست کردنی بنکەی تەندرووستی چارەسەری باری دەروونیی ئەو ئازیزانە بکرێ.

دوای تەواو بوونی وتەکانی کۆرگێران بەشدارانی ئەم یادە بە دەربرینی کۆمەڵێک پرسیار و تێ‌بینی و پێشنیار باسەکانی پەیوەندیدار بە پرسی ئەنفال و شیمیابارانی سەردەشتیان دەوڵەمەندتر کرد. لە بەشی کۆتاییدا کۆرگێران وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە و بەم شیوەیە کۆتایی بە کۆریادی ئەنفال و ٢٣هەمین ساڵیادی شیمیابارانی شاری سەردەشت هات.

کۆمیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردییەکان پێک هاتوە لە:

ـ کۆمەڵەی کلتوری کوردی

ـ یەکیەتی کوردان لە شاری لینشۆپینگ

ـ کۆمەڵەی کەم‌ئەندامان و بە ساڵاچووان

ـ کۆمەڵەی دێموکراتیکی کوردی

ـ ڕێکخراوی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی کورد

ـ کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە سیاسی‌یە کوردستانی‌یەکان لە شاری لینشۆپینگ پێک هاتووە لە:

ـ یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان

ـ پارتی دێموکراتی کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

ـ حیزبی شیوعیی کوردستان

ـ سازمانی خەبات‌ی کوردستانی ئێران

ـ ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان

ـ پارتی سەربەستیی کوردستان

# سەردانی سەرۆکی دەزگای ئاراس ، راوێژکاری وەزیری روشنبیری و چەند روژنامە نووسێکی بیانی بۆ بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک

کوردستان: پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٨ی خاکەلێوە ،»بەدران ئەحمەد حەبیب» سەرۆکی دەزگای ئاراس و دوکتور»فازڵ جاف» راوێژکاری وەزیری روشنبیری و چەند روژنامە نوسێکی بیانی ، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کرد ولە لایان هەئیەتێکی «حیزبە»وە بە سەروکایەتیی بەرێز خالد عزیزی سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا.

لەم سەردانە دۆستانەیەدا سەرنج و بۆچوونی جیاواز لە سەر پرسی کورد بە گشتی و بارودۆخی ناوچەکە و داهاتووی ئێران بە تایبەتی هاتنەگۆڕێ و سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو پێوەندییانەدا راو بۆچوون وهەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی خستە ڕوو و بە ئاماژە بە خێرایی رەوتی ئاڵوگۆڕەکان جەختی لە سەر ئەوە کردوە کە کورد پێویستە لە دەرفتەکان کەڵک وەربگرێ و قورسایی خۆی لە هاو کێشەکاندا بباتە سەرێ.

# لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا تەرمی فەرماندە عەبدوڵا شێنانی بە خاک سپێردرا

تەرمێ عەبدوڵلا شێنانی، یەکێک لە فەرماندە هەڵکەوتووەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە رێوڕەسمێکی شایان و بە شکۆدا لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە خاک سپێردرا.

ئێوارەی رۆژی هەینی، ٢٧ ی خاکەلێوە تەرمی عەبدوڵلا شێنانی، فەرماندەی قارەمانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەناوچەکانی بانە، بۆکان و سەقز و زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان کە رۆژی شەممە، ١٤ ی خاکەلیوە بە هۆی نەخۆشییەوە لە وڵاتی نۆروێژ کۆچی دوایی کردبوو، لە دواماڵاواییەکی گەرم و بەشکۆی هاورێیانی پێشمەرگەی دا و لە تەنیشت مەزاری هاوڕێیانی شەهیدی بە ئامێزی دایکی نیشتمان سپێردرا.



لەو رێوڕەسمەدا کە بە بەشداریی زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ئەندامانی حیزبی دێموکڕات لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، رانیە و شارەکانی دیکەی هەرێمی باشووری کوردستان بەڕێوەچوو، تەرمی فەرماندە عەبدوڵا شێنانی لە نێو کۆڕی ماتەمینیی هاوڕێیانی پیشمەرگەی دا، کە ٦ رۆژ بوو چاوەڕوانی هاتنەوەی تەرمەکەی لە نۆروێژرا بۆ کوردستان بوون، بە خاک سپێردرا.

عەبدوڵلا شێنانی، کادرو فەرماندەری ئازاو بوێری پیشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەکانی بۆکان، بانە و سەقزو، کە زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەی دا خەبات و تێکۆشانی کردبوو، ساڵی ١٣٨٠ ی هەتاوی بە هۆی نەخۆشییەکی قورسەوە کوردستانی بەرەو وڵاتی نۆروێژ بە جێ هێشتبوو.

بەڵام ئەو نەخۆشییە قورسە سەرەنجام پاشنیوەڕۆی رۆژی شەممە ١٤ی خاکەلێوە کاک عەبدوڵا شێنانی لە پێ خست و ئەو فەرماندە بەوەجەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نەخۆشخانەیەک لە شاری ترۆندهایمی نۆروێژ، کۆچی دوایی کرد.

هەر بەم بۆنەیەوە بەیانیی رۆژی شەممە، ٢٨ ی خاکەلێوە بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ئەندامانی حیزب دانیشتووی شارو ناوچەکانی هەرێمی باشووری کوردستان رێورەسمی پرسە وسەرەخۆشی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای ئەو رێوڕەسمەدا کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتارێک دا تیشکی خستە سەر بەشێک لە ژیان و خەباتی نەمر عەبدوڵلا شێنانی و گوتی کە عەبدوڵلا شێنانی پێشمەرگەیەکی ئازا و هەڵمەتبەر، فەرماندەیەکی ژیر و بەوەج و تەڕراح و کەسایەتییەکی رووح سووک و جێی متمانەی خەڵکی کوردستان بوو.

کاک مستەفا مەولوودی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی ئەوەی کرد کە بە مەرگی کاک عەبدوڵلا شێنانی گەلی کورد یەکێک لە بەجەرگترین، فیداکارترین، خەباتگێرترین و دڵسۆزترین رۆڵەکانی خۆی لە دەست دا.

دواتر ماموستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە وتەیەکی کورت دا بە ئاماژە بە کەسایەتیی بەرز و شۆڕشگێرانەی نەمر عەبدوڵلا شێنانی ئاماژەی بەوە کرد کە فەرماندە عەبدوڵلا شێنانی قۆناغی لاوی و خۆشیی سەردەمی گەنجیی خۆی لە پێناوی سەربەستیی گەلەکەی دا بردە سەر و بە کردەوە خەبات و تێکۆشانی بێوچانی کرد و لەو کاتەش دا کە نەخۆشی بڕستی لێ بڕیبوو، دوایی ساڵەکانی تەمەنی لە حەسرەتی رزگاریی و ئازادیی گەلەکەی دا بردە سەر کە بە داخەوە پێی نەگەیی.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا کاک ئەحمەد قادری شێعرێکی لە پەسنی نەمر عەبدوڵلا شێنانی دا پێشکێشی ئامادەبووان کرد.

دواتر رامین شێنانی، کوڕی نەمر عەبدوڵلا شێنانی لە وتەیەکی کورت دا پەیامی بنەماڵەکەی پێشکێش کرد کە تێی دا سپاسی هەموو خەڵکی کوردستان وکادر و پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کرد کە بە هاوسۆزی و هاوخەمیی بێوێنەیان خەمی ئەو کۆستەیان لە گەڵ بنەماڵەکەی دابەش کردوە.

شایانی باسە کە نەمر عەبدوڵلا شێنانی دووهەمین شەهیدی بنەماڵەکەی بوو.

# خەڵاتی «ئازادیی رادەربڕین» لە لایەن هەواڵنێرانی بێ سنوورەوە درایە ژیلا بەنی یەعقووب

کوردستان: ژیلا بەنی یەعقووب رۆژنامەنووس، وێبلاگنووس و



چالاکی مافی ژنان خەڵاتی ئازایەیی ئازادیی رادەربڕینی رێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنووری پێدرا. رێورەسمی بەخشرانی ئەم خەڵاتە بە وێبلاگی «ئێمە رۆژنامەنووسین»، کە وێبلاگی ژیلا بەنی یەعقووبە لە مانگی ژوئەنی ئەمساڵ لە شاری بۆن لە وڵاتی ئاڵمان دا بەڕێوەدەچێ.

رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە راگەیاندراوێکدا بە بۆنەی بە خشینی ئەم خەڵاتە را یگە یا ند و ە کە ژیلا بەنی یەعقووب لە ریزی هەرە پێشە و ە ی تێکۆ شا ن بۆ ئا ز ا د یی رادەربڕین لە وڵاتەکەی دا خەبات دەکا و ئەو و بنەماڵەکەی هەتا ئێستا تێچوویەکی قورسیان بۆ ئەو مەبەستە داوە.

لە پاش راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێراندا کە نارەزایەتیی بەربڵاوی خەڵکی لێکەوتەوە، ژیلا بەنی یەعقووب و هاوسەرەکەی بەهمەن ئەموویی لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەسبەسەر کران.

بەپێی دووایین ئاماری کومیتەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسان تا کۆتایی حەوتووی دووهەمی مانگی خاکەلێوە لانیکەم ٣٥ رۆژنامەنووس لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون و ١٨ رۆژنامەنووسی دیکە بە مەرەخەسیی نەورۆزی هاتبوونە دەرێ و بەرەبەرە گەڕاونەتەوە بۆ زیندان.

پێشتر ئەم کومیتەیە بە راگەیاندنی ئەوەی کە یەک لە سێی رۆژنامەنووسانی زیندانیی جیهان لە ئێران دان، ئەم وڵاتەی بە گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسان لە جیهاندا ناوبردبوو.

ژیلا بەنی یەعقووب پاش راگەیاندنی ناوی وەک براوەی خەڵاتی ئازادی رادەربڕین یادی لە رۆژنامەنووسانی ئێرانی کرد کە ئێستا لە بەندیخانە دان و گوتی ئەوان زیاتر لە ئەو شایانی ئەو خەڵاتەن.

## کوژرانی لاوێکی خەڵکی بێژوێی سەردەشت بە هۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیمەوە

کوردستان: هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی سەردەشت لاوێکی دیکەی کوردیان کوشت.

شەوی یەکشەممە، ١٥ ی خاکەلێوە پۆلێک کاسبکاری ناوچەی سەردەشت لە ناوچەی ئالان کەوتوونەتە کەمینی هێزە دژی گەلیەکانی کۆماری ئیسلامی و تەقەیان لێ کراوە.

لە ئاکامی ئەو ڕووداوەدا کە لە نیزیک گوندی بێژوێ ڕووی داوە، لاوێکی کاسبکار بە ناوی عوسمان سەعیدی، کوڕی حەمەدەمین، خەڵکی بێژوێ دەکەوێتە بەر دەسرێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و لە جێدا گیان لە دەست دەدا.

هەر لەو تەقە و لێدانەدا زیانێکی مادیی زۆریش وەبەر کاسبکاران کەوتوە و زیاتر لە ١٢ سەر ولاغی کاسبکارانیش بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم کوژراون.

بەیانیی ئەو ڕووداوە، واتە بەیانیی ڕۆژی یە کشە ممە کۆمەڵێک لە کاسبکارەکانی هاوڕێی عوسمانی جوانەمەرگ و خەڵکی ئاوایی بێژوێ و گوندەکانی دەوروبەر تەرمی عوسمان هەڵ دەگرن و بەرەو فەرمانداریی شاری سەردەشت دەکەونە ڕێ.

بەشێک لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە دامودەزگا ئیداری و دەوڵەتییەکانی ڕێژیم لە سەردەشت کە لە جووڵەی خەڵکی ئاگادار دەبن، لە نیزیک مارەغان پێشیان پێ دەگرن تا خەڵکی تووڕە و وەزاڵە هاتوو ئارام و هێور بکەنەوە.

بەڵام ئەژمارێکی زۆر لە لاوان و خەڵکی بە هەستی ناوچەی سەردەشت لە نەڵاس و ڕەبەت و گوندەکانی دەوروبەر بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی بە کوشتنی بێ تاوان و سەرەڕۆیانەی ڕۆڵەکانیان لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە لە بەر دەرکی فەرمانداریی سەردەشت کۆ دەبنەوە و داوای وڵام و هۆکاری کوشتنی عوسمان دەکەن. بەڵام کاتێک لە لایەن فەرمانداریی شارەوە هیچ وەڵامێکیان پێ نادرێتەوە، بە بەرد و دار هێرش دەکەنە سەر ئەو دامودەزگایەی ڕێژیم و بە ئاورتێبەردانی چەندین ماشێن زیانی مادیی بەرچاو بەو ناوەندەی ڕێژیم دەگەیەنن و ئاڵای ڕێژیم دێننە خوارێ و ئاوری تێبەردەدەن.

شایانی باسە کە تەقە لێکردنی سەرەڕۆیانە و کوشتن و بریندار کردنی کاسبکاران لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان ڕۆژ نیە کە کارەساتێکی بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە لێ نەکەوێتەوە، بەڵام تا ئێستا تاقە یەک کەسیش لە بکوژانی ڕۆڵەکانی کورد لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییەوە دادگایی نەکراون و سزایان بۆ دیاری نەکراوە.

### کومیتەی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان :

## بارودۆخی ڕۆژنامەنووسە بەندکراوەکانی ئێران لەو پەڕی خراپیی دایە



کومیتەی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان کە بنکەی سەرەکی لە نیۆیۆرکە، ڕۆژی ٣ شەممە لە ڕاپۆرتی مانگانەی خۆی دا ڕایگەیاند کە زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە هەر ئێستا لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دان، لە ژێر فشارێکی قورسی جەستەیی و دەروونی دان.

کومیتەی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان کە ڕێکخراوێکی ناحکومەتییە و بۆ پاراستی مافی ڕۆژنامەنووسان دامەزراوە، لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی دا ئاماژە بەوە دەکا کە کاربەدەستانی بەندیخانەکان بە گوێرەی ڕێنوێنییەکانی سەروویی خۆیان بۆ دادنپێدانان بە تاوانی نەکردراو ، ڕۆژنامەنووسە بەندکراوەکان دەخەنە ژێر ئەشکەنجەی قوورس و ئەگەر ددان بەتاوانێکیش دا بنێن، لەگەڵ سزای سێدارە و مردن بەرەوڕوو دەبنەوە.

بە گوێرەی دوایین ڕاپۆرتەکانی کومیتەی داکۆکی لە ڕۆژنامە نووسان، تا حەوتووی ڕابردوو لانیکەم ٣٥ ڕۆژنامەنووس لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا بوون و ١٨ کەسی دیکەیان بۆ تێپەڕاندنی پشووی سەری ساڵ لە زیندان مورەخەس کراون و پاش تەواو بوونی پشوو دەبێ بۆ بەندیخانە بگەڕێنەوە.

« جۆئێل سایمۆن» لێپرسراوی ئەو ڕێکخراوە بە ئاماژە بە دۆخی نالەباری ڕۆژنامەنووسانی بەند کراو لە ئێراندا، ئۆباڵی ساخ و سەلامەتی بەندکراوەکان دەخاتە ئەستۆی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و دەڵێ خەڵکی هەموو جیهان ڕێژیمی ئێران بە لێپرسراوی سەرەکی لە بەرامبەر سڵامەتیی ڕۆژنامەنووساندا دەناسن. ئەوانە هیچ تاوانێکیان نەکردووە جگە لە ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانیان. بە وتەی سایمۆن لە ئێراندا جگە گرتنی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسان ، بارودۆخیشیان لە ناو بەندیخانەکاندا زۆر نالەبار و جێی نیگەرانییە.

جێی باسە کە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردووش ئەو ڕێکخراوەیە بە بڵاو کردنەوەی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر دۆخی نالەباری ڕۆژنامەنووسان لە ئێراندا، ئەو وڵاتەی بە گەورەترین بەندیخانەی جیهان بۆ ڕۆژنامەنووسان لە قەڵەم دابوو. بە وتەی ئەو ڕێکخراوە ، ١ لە سەر ٣ی ڕۆژنامەنووسانی بەندکراوی جیهان لە ئێراندان.

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان لەو ڕاپۆرتە ٢٠ لاپەڕەییەی خۆیدا ناوی بەشێک لە ڕۆژنامەنووسانی بەندکراوی هیناوە کە بریتین لە : عەدنان حەسەنپوور ، محمەد سدیق کەبوودوەند، موجتەبا لوتفی، حوسێن درخشان، نادر کەریمی ، محمەد پورعەبدوڵا، ئەحمەد زەیدئابادی، کەیوان سەمیمی، عیسا سەحەرخیز، مەسعود باستانی ، محمەد داوەری ،جەواد ماهزادە ،ساسان ئاقایی و شیوا نەزەرئاهاری.

پێویست بە گوتنە کە ئەو ڕێکخراوە هەموو ساڵەی ١ جار و لە مانگی دێسامبر دا ڕاپۆرتێکی لەسەر بارودۆخی ڕۆژنامەنووسان لە جیهاندا بڵاو دەکاتەوە.

### پەیامی کەبوودوەند

## بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان

**کەبوودوەند کە زیاتر لە هەزار ڕۆژە بە تاوانی بەرگری لە مافی مرۆڤ لە زیندان دایە، لە بەرەبەری چوارمین ساڵرۆژی زیندانی کرانی خۆی و هەروەها شەشەمین ساڵرۆژی دامەزرانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان پەیامێکی لە زیندانی ئێوینەوە ناردۆتە دەرەوە کە نووسینگەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەم شێوەیە پەیامی سەرۆکی زیندانی کراوی خۆی بڵاو دەکاتەوە.**

سڵاو لە ویژدانە پاک و بەخەبەرەکان

لە ٩ی ئاوریلی ٢٠٠٥ بەرانبەر بە ٢٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٤ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دامەزرا بۆ ئەوەی هەوڵێک بێ بۆ داوای پاراستن و دابین کردنی مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ، ئازادیە بنەڕەتیەکان و هەوڵێک بۆ ڕزگاری لە ترس و نیازو دابین کردنی ئاسایشی مرۆڤانەی مرۆڤەکان.

ئەم ڕێکخراوەیە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤی کردە مەنشووری خۆی و خۆی پێبەند بەوە کرد کە بەرنامەکان و چالاکیەکانی لە چوار چێوەی مەنشووری مافی مرۆڤدا بەڕێوە بەرێ. ئەم ڕێکخراوەیە کە ئێستا ٥ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە ئەمنیەتیترین هەلومەرجدا وەپشت سەر ناوەو لە دەی ئاوریلەوە (٢١ خاکەلێوە) پێ دەنێتە شەشەمین ساڵی چالاکییەوە، لە سێ ساڵی ڕابردووە لە خراپترین هەلومەرج و نائاساییترین حاڵەتی ئەمنیەتیدا کە بەڕێوەبەرەکەی لە بەندیخانەدا بووە بە شێوەی نائاسایی و لە




ڕووی ناچاریەوە داوە.

لە وەها بارودۆخێکدا ئەگەرچی هەندێ لە هاوکارانی ڕێکخراوەکە دەستیان لە چالاکی هەڵ¬گرت، بەڵام ژمارەیەک لە چالاکان بە بیروباوەڕو سەرەڕای فشارو هەڕەشەکان مەیدای چالاکییان چۆڵ نەکردو مانەوە. هەر چەندە من بە دۆستانم ڕاسپاردبوو کە بە لەبەر چاو گرتنی هەلومەرجی ئێستا کە تێچووی هەر چەشنە چالاکیەک زۆرو پڕمەترسیی بووە، بۆ پێشگرتن لە تێچووی نەخوازراو و ئەگەری گرتن و دەسبەسەرکردنی هاوکاران چالاکیەکانیان بە لانیکەمی خۆی بگەیەنن، بەو حاڵەش لە دوو مانگی ڕابردوودا دوو کەس لە ئەندامان و هاوکارانی ڕێکخراوەکەمان بۆ وێنە کاوە قاسمی کرماشانی قۆڵبەست کراون.

بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی ئێستا بێ¬گومان تێکۆشەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستانیش ئێستا لە دۆخێکی زۆر دژواردا بە سەر دەبەن و من وەکوو ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگەیە لە گەڵ دانی تێچووی بێ جێ بێ ئاگامدا نیم و ئەگەر دۆستانی من لەم کەش وهەوا ئەمنیەتیەدا کە ئاسایشی نیە بە ناچاری چالاکیەکانیان بە تایبەت لە بواری هەواڵنێری ڕێکخراوەکەدا کەم کردۆتەوە یا ڕایان گرتووە بێگومان ئەوە بڕیارێکی ناخۆش بووە کە لە هەمان کاتدا لەبەر ناچاری و لەبەر نەبوونی هەلومەرجێکی لەبارو نەبوونی لانیکەمێکی ئەمنیەت و ئاسایش داویانە.

بەڵام بڕیارێکی وەها یا کەمکردنەوەی کاتیی چالاکیی هەندێ لە بەشەکانی ئەم ڕێکخراوە بە مانای ڕاگرتنی چالاکیە سەرەکیەکان نابێ. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە هەر هەلومەرجێدا درێژە بە چالاکیی خۆی دەداو هیچ کات بڕیاری ڕاوەستانی چالاکی ناداو ئەوەش هەرگیرز ڕوو نادا.

لە کۆتاییدا وێڕای ئاواتی ئازادی هاوکارانم لە لە زیندان و ئازادیی زیندانیانی سیاسی و ویژدانی و لە ئازادی بێبەش کراوانی بێ¬تاوان و هەروەها هیوای ئازادی، خوڵقانی ئەمنیەت و ڕەخسانی چالاکیی ئازادانەی داکۆکی¬کاران و لایەنگرانی مافی مرۆڤ و هەموو چالاکانی مەدەنی و سیاسی. ساڵرۆژی دامەزرانی ڕێکخراوی داکۆکی لەمافی مرۆڤی کوردستان لە هەموو ئەندامان، هاوکاران و تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ پیرۆزبایی دەکەم.

(تاران زیندانی ئێوین ١٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ )

درێژەی:

## پەیامی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### (بە بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە)

دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە واتای دەست پێکردنی قۆناغی نووسینی کوردی بە پەخشانە وتار، تۆماری ڕووداوەکان لەسەر کاغەزە. لەو سەردەمەدا، لە و هەلومەرجێک دا کە کورد لەگەمارۆی شۆڤێنیزم و دوژمنانی دایە ڕۆژنامەنووسی بە زمانی کوردی بە واتای تۆمارو تەسبیتی زمانی کوردی و دەستەبەری مانەوەی ئەم زمانە لە بەرامبەر تەوژمی سڕینەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی دا.

کارێک کە بەدرخانییەکان دەستیان پێ کرد، ئەگەر بە ئازادی لە کوردستان دا ئیمکانی گەشە پێدان و بەرەو پێشبردنی نەبوو، دواتر بوو بە ئامرازێکی زۆر گرنگ و دەتوانین بڵێین گرنگترین ئامرازی گەیاندنی بیروڕاو دەنگی بزووتنەی مافخوازانەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە خەڵکی کوردستان و دنیای دەرەوە. لە پاش دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە هەر جێیەک ڕاپەڕینێک یان بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی هەڵگیرسابێ، بە لانیکەمەوە ڕۆژنامەیەک یان بڵاوکراوەیەکی کوردییش لە دایک بووە. گرنگیی ئەم کارە بۆ کورد بە ڕادەیەک بووە کە لە دژوارترین کاتەکان و بە کەمترین ئیمکانات، تەنانەت لە نێو ئەشکەوتەکاندا درێژەی پێ داوە. بۆیە نەتەوەی کورد بە گشتی و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد بە تایبەتی قەرزداری بەدرخانییەکان و یەکەم ڕۆژنامەی کوردین.

نووسەران، ڕۆژنامەنووسان و ڕووناکبیرانی ئازادیخوازی کورد!

ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە دەرچوونی یەکەم ژمارەیەوە تا ئێستا ڕێگایەکی سەخت و ئاستەمی بڕیوە. ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ئاوارەیی و دووره وڵاتی، لە ئەشکەوت و بن بەرد و لە ژێر بۆمباران و هێرشی دوژمنانی کورددا ڕێگای خۆی درێژە پێ داوە. هەرچەند جارێ ڕێگایەکی زۆری لە پێش دا ماوە کە بتوانێ کارو ئەرکی ڕۆژانەو پیشەیی خۆی بە جێ بگەیەنێ، بەڵام بە خۆشییەوە لە ئاکامی خەبات و تێکۆشانی کورد دا ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە شێوەیەکی بێ وێنە کە لە مێژووی کورد دا نەدیتراوە، لە برەو دایە. بە سەدان ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی ڕۆژانە، حەوتووانەو مانگانە چاپ و بڵاو دەبنەوەو ئازادانە ئەرکی ڕۆژنامەنووسیی خۆیان بەڕێوە دەبەن. لە ئاکامی خەبات وتێکۆشانی بزووتنەوی کوردو پاشەکشەی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان¬دا هێندێک دەرەتانی فەرهەنگی بۆ کورد ڕەخساوەو چەند بڵاو کراوەیەکی کوردی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی بیرء باوەڕ دەربڕین دا بە تایبەتی لە بواری ئەدەبی و فەرهەنگی دا دەردەچن کە ئێمە بە دیاردەیەکی موسبەت و بە دەسکەوتێک بۆ نەتەوەی کوردیان دەزانین.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا سەرەڕای ئەوەی هێندێک دەرفەت بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی ڕەخساوە بەڵام لە ڕووی ئازادیی دەربڕین و ئیمکانی پەرەپێدان بەم بوارە، ڕۆژنامەی کوردی و ڕۆژنامەنووسانی کورد لە هەلومەرجێکی زۆر دژوار دا دەژین. جگە لەوەی لە باری ماڵییەوە دەستکورتن، ڕۆژنامە نووسان مەترسیی گیران و تەنانەت مەترسیی گیانییان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لەسەرە. گرنگیی کاری ڕۆژنامە نووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوە دایە کە قەدەغە کرانی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی لەلایەن ڕێژیمەوە، بۆ بەشێک لە ڕۆڵەکانی کورد قەرەبوو دەکاتەوە. بەڵام لەگەڵ دوو کۆسپی سەرەکی واتە: سەرکوتی دەولەتی و کەمیی ئیمکاناتی ماڵی بەرەو ڕوویە. چەند ڕۆژنامەیەکء بڵاوکراوەیەکی کوردی کە پێشتر توانیبوویان ئیزنی دەرکردنیان بۆ وەربگرن، بەشی زۆریان داخران، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووسانی کورد لە بارودۆخێکی خراپ دا لە زیندان دان و هێندێک لەوان مەترسیی گیانییان لەسەرە. چالاک ترین و ئازادترین بەشی ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو بەشەیە کە لە دووره وڵاتی یان لە لایەن هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردەوە دەردەچن. بێگومان تا ئەوکاتەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا بۆخۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکا ڕۆژنامەنووسی بە مانای واقعیی خۆی ناتوانێ جێگیر بێ.

هۆگرانی پێشکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی !

لە سەردەمی ئەمڕۆدا ڕۆژنامەنووسی بەهۆی پێشکەوتنی تێکنیک و سەنعەتی ڕاگەیاندن پێشکەوتنێکی خێراو زۆر سەرسوڕهێنەر بە خۆیەوە دەبینێ. ئەمڕۆ ڕۆژنامەی ئەلێکترۆنی لەسەر سایتە ئینتێرنێتییەکان یەکجار زۆر باوو بەربڵاوە. ئەمڕۆ ڕۆژنامە نووسی سنووری مەکانء زەمانی بڕیوە، لە ماوەیەکی کورت لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە دا ڕۆژنامە بەهۆی ئینتێرنێتەوە دەگاتە دەستی خوێنەر. بە خۆشییەوە ئەمەش دەرفەتێکی زێرینی دیکەیە بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی. هەوڵی دوژمنانی ئازادیی بیروڕا دەربڕین بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆسپ و تەگەرە خستنە سەرڕێگای ئەم شێوە لە ڕۆژنامە نووسییە،بە هۆی پێشکەوتنی خێرای ئەم بوارە هەوڵێکی نەزۆکە. تێکنیکی ڕاگەیاندن بە ڕادەیەک پێش کەوتوە کە هیچ ڕێژیمێکی سانسۆرچی و دژی دێموکراسی ناتوانێ پێشی پێ بگرێ. ئەمڕۆ بە سەدان سایتی کوردی ئیمکانی دەست پێڕاگەیشتنیان لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە دا هەیە. ئەمە بۆ نەتەوەیەکی بێ ماف و بێ بەشکراوی وەک کورد جێگای خۆشحالییەوە بۆیە دەبێ بە قازانجی خۆی کەڵکی پێویستی لێ وەربگرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا ئەمڕۆ دەورێکی دیارو بەرچاوی لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا هەبووە، بە ئەمەگەوە یادو بیرەوەریی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەرز ڕادەگرێ. لەم یادە پیرۆزەدا ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان سڵاو دەنێرێ بۆ گیانی میقداد میدحەت بەدرخان و بنە ماڵەی بەدرخانییەکان، سڵاو دەنێرێ بۆ گیانی ئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەرانەی لەو پێناوەدا شەهید بوون یان گیانیان بەخشیوە. ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چاوە ڕێزء ئەمەگەوە دەڕوانێتە سەربازانی بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردی و ڕێز لە خەبات و فیداکارییان دەگرێ، بە تایبەتی ڕێز لە خەبات و فیداکاریی ئەو ڕووناکبیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووسانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێ کە سەرەڕای ململانێ لەگەڵ ڕێژیمێکی سانسۆرچی و دژی ئازادیی بەیانی وەک کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای مەترسیی کارەکەیان، هەروا درێژە بە ئەرکی ڕۆژنامەنووسیی خۆیان دەدەن و خزمەت بە وشەو زمانی نەتەوەی خۆیان دەکەن.

هەر سەربەرز و لە پێشکەوتن دابێ کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

ناوەندی ڕاگەیاندنی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
٢٢ی ئاوریلی ٢٠١٠
( ٢ی بانەمەڕی ١٣٨٩ )

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# ئەگەر بمانهەوێ لە ئێراندا پێگەیەک بۆ کورد دروست بکەین، دەبێ ناوماڵی خۆمان ڕێک بخەین

دیمانە: کوردستان

**کوردستان: وەک یەکەم پرسیار، بە ئاماژە بەوەی ئەو ڕۆژانە مشتومڕێکی زۆر لە سەر کێشەی ناوکی کۆماری ئیسلامی ئێران لە گۆڕێدایە پێتانوایە ئەم کێشەیە بەرەو کوێ دەچێ؟**

**خالید عەزیزی:** کێشەی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە مەسەلەی ناوکی، ناکۆکییەکی چەند ساڵەیە تاکو ئێستا بە لایەک دا نەکەوتوە واچاوەڕوان ناکرێ بەوزوانەش یەک لابێتەوە. بەڵام جووڵانەوەی کۆمەلانی خەڵکی ئێران لە ساڵی ڕابردوو دا زۆر بەباشی ئەو پەیامەی بە دنیای دەرەوەدا کە ئەم ڕێژیمە بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە سەرکوت و ئیعدام و زیندانە ئازاری خەڵک پشتیوانیی جەماوەریی تا ڕادەیەکی زۆر لە دەست داوە. بۆیە ئەوە پەیامەی خەڵکی ئێران بۆتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پتر لە جاران دژی ئێران بوەستێ و بە جۆرێک بەرەو سەپاندنی کۆمەڵێک سزاو گەمارۆی ئابووری بەسەر ئێران دا برۆن. لەسەر یەک ڕێژیمی ئێران لە لایەک لەگەڵ نارەزایەتی خەڵکی خۆی بەرەوڕوویە و لە لایەکیتر لەگەڵ زەخت و گوشاری دنیای دەرەوە، ئەمەش ئەو ڕێژیمە لە ئاستی مامەلە سەبارەت بە کێشەی ئەتۆمی لاوازتر دەکا.

**کوردستان: باشە لەم نێوانەدا بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی ئێران چۆن هەڵدەسنگێن؟**

**خالید عەزیزی:** جووڵانەوەی ئێستای کۆمەلانی خەڵکی ئێران درێژەی نارەزایەتی چەندین ساڵەی خەڵکی وەزالە هاتووی ئێرانە. ئەو بزووتنەوەیە ڕەنگە تووشی هەورازء نشێو بێ و تەنانەت ڕێژیم بۆ ماوەیەک مەجالی خۆنواندنی پێ نەداوو مەیداندارییەکەی بەرتەسک بکاتەوە. بەلام لەناو ناچێ و بەتەواوی بێ دەنگ نابێ و تێک ناشکێ. ئێمە دەبێ تێ بکۆشین وێڕای بەشداری لەو بزووتنەوەیە بە هێزی بکەین و بیروبۆچوون و لێکدانەوەی خۆمان بە حەوسەلەوە بخەینە ناو ئەدەبیات و شێواز و ویستەکانی ئەو جووڵانەوەیە. کورد لە کوردستانی ئێران دەبێ تێ بکۆشێ بە گوێرەی توانا و ئەزموونی خۆی لە شکل گیریی عەقڵییەتی ڕێبەریی ئەو بزووتنەوەیە دا دەوری هەبێ. تەنیا ئاڵترناتیویک کە ئێستا بەرانبەر بە جمهووریی ئیسلامی جێکەوتووە ئەو بزووتنەوەیەیە کە بەرەنگی سەوز خۆی ناساندوە. دیارە تەعامولی ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە ڕەنگە بە دڵ و مەیلی ئێمە نەبێ، بەلام ئەوە نابێ بەو مانایە بێ کە ئێمە دوورە پەرێز بین. بەشداری و پشتیوانیی ئێمە مەجال و دەرفەت بۆ تەئسیر گوزاری دروست دەکا.

**کوردستان: ئاماژەتان بە مەجال و دەرفەتەکان کرد. مەجال و دەرفەتەکانی کوردستانی ئێران لە نێو بزووتنەوەی سەوز دا چۆن دەبینی؟**

**خالید عەزیزی:** ئێستاء داهاتووی کوردستان لەو سێناریۆیە دا پەیوەندیی بە دوو فاکتەرەوە هەیە. یەکەم: تەبیعەتء چەندوچۆنی ئاڵوگۆڕی دەسەلات لە تاران و سروشتی دەسەلاتی داهاتوو، ئەگەر قەرار بێ ئەو ڕێژیمە بڕووخێ و نەمێنێ، لەو حالەتەدا پرسیار ئەوەیە چۆن دەڕووخێ و کێ دەی ڕووخێنێ و ئێمەی کورد، بە چ پرۆژەو میکانیزمیکەوە لەو سێناریویە دا دەبین؟ ئەگەر واچاوەڕوان دەکرێ کە ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ، دیسان چۆن دەبێ و ئێمەی کورد لە کوێی ئەم گۆرەپانە قەرار دەگرین؟

دووهەم: لەبەر ئەوەی ئایەندەی ئێران بە نیسبەت مەسەلەی کورد زۆر ناڕوونە و کوردیش خۆی زۆر بڵاوەء یەکگرتوونین، سەیرنییە ئەگەر ئاڵوگۆڕو شێوانی ئێران بە جۆرێک بێ کە هەر لایەک بە تەبیعەتی دەسەلات و توانایی خۆی مەیدانداری بکا، لەو حالەتەدا بەربڵاویی هێزە کوردییەکان، بێتە هۆی ئەوە کە ئێمە نەتوانین لە مەجال و دەرفەتەکان کەڵک وەرگرین.

بۆ ئەوەی کورد بتوانێ لە سێناریۆ ئیحتیمالییەکاندا ئەو دەور و دەنگەی هەبێ، دەبێ نێوماڵی خۆی ڕێک بخاو کۆمەڵێک گیروگرفتی نێوخۆیی چارەسەر بکا، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ جۆرێک لە هاوکاری و لێکحاڵیبوون بکەوێتە نێو حیزبەکان و بەمیکانیزمێکی هاوبەش و عەمەلی ئاسانکاریی پێویست بۆ ڕووبەڕو بوونەوەی ئەو ئیحتیمالاتە بکرێ.

**کوردستان: با بینە سەر تەوەرێکی دیکە. ئێوە بەدوای کۆنگرەی چاردە، بەردەوام باسی هاوکاریی نێوان حیزبە کوردییەکان دەکەن و تەنانەت باسی لێک نیزیک بوونەوەو یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دیموکرات دەکەن ئەم خوێندنەوەیە لە چیەوە دێ؟**

**خالید عەزیزی:** لەژێر ڕووناکایی وڵامی پرسیاری پێشوو بۆ جارێکی تر تائکید دەکەینەوە کە ئالقەی هەرە لاوازو کزی جووڵانەوەی کورد بە درێژای مێژوو، نەبوونی یەکگرتوویی ڕیزەکانی خەباتی ئەو میللەتە بووە. ئەگەر بمانهەوێ لە ئێرانی فرەنەتەوە بە کۆمەڵێک «پێچیدگی»ی سیاسیی ئەو وڵاتەوە، جێگەءپێگەیەکی گونجاء بە متمانەیەکی نیسبی بۆ کورد دروست بکەین دەبێ لە پێشدا کۆمەڵێک کێشەوگرفتء ناکۆکیی نێوخۆیی چارەسەر بکەین. بۆیە دەبێ لێک نزیکبوونەوەو هاوکاری، وەک ئەرکء پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر چاو لێ بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ شەهامەت و ڕاشکاویمان هەبێ. ئەگەر بمانهەوێ سێبەرو تارمایی ئینشعابء لەت بوونەکان بسرینەوەو بەو جۆرە زەمینەی ڕێگاچارە بۆ داهاتوو دروست بکەین دەبێ لە ئێستاوە بیر لە داهاتوو بکەینەوەو بە حەوسەلەو تێبینییەوە ئاستەنگەکان لەسەر ڕێگا هەڵبگرین.

**کوردستان: باشە بە لەبرچاوگرتنی ئەو واقیعیەتانەی کە جەنابتان ئاماژەتان پێدا، پێتانوایە کۆسپی سەرەکیی بەردەم ئەو پرۆسەو پرۆژەیە چییە؟ چونکە زۆر کەس پێیان وایە پێوەندی هەر دوو حیزبی دیموکرات ئاستەنگێکی سەرەکییە لەبەردەم ئەم ئەرکەدا؟**

**خالید عەزیزی:** بەڵێ چەندءچۆنی پەیوەندی و عیلاقاتی هەر دوو حیزبی دیموکرات گرفتێکی سەرەکی لەبەردەم هاوکاریی هێزەکانە. ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ کێشەمان لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان لە حیزبەکەی دیکە نییە. بە دوای لەتبوونی حیزبی دیموکرات و کۆنگرەی چاردەوە ڕامان گەیاندوە کە ئێمە ئامادەین لە پێناوی لێک نزیکبوونەوەو لێک گەیشتن بێ قەیدوشەرت لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان دانیشین و لە هەمووی ئەو شتانەو تەنانەت یەکگرتنەوەش قسە بکەین. لەت بوونی دیموکرات بۆتە بەشێک لە مێژوو با چیتر لە خانەی مێژووی کێشەکان دا کە قەزاوەت کردن لەسەری یان زۆر ئاسان نییە گیر نەکەین. لە جیاتی ئەوە، کێشەکان بخەینە ئاستی پێداویستی بەرژەوەندی کوردستانی ئێران لە داهاتوودا. ئەگەر ئەوە بکرێ بە دەستووری کار ئەو کاتە دەکرێ ڕوو بە ئایندە بیروهۆشی ئەندامانی هەر دوو حیزب ئامادەی ڕێگاچارەکان بکەین و بەو جۆرە هیواو ئومێدی زۆرتر بە خەڵک بدەین.

**کوردستان: سەرەڕای ئەم هەڵوێستء بۆچوونانەی ئێوە لایەکەی دیکەی دیموکرات داوای ناوگۆڕین لە ئێوە دەکا. ئەو مەرجە چەندە لە جێگەی خۆی دایە؟**

**خالید عەزیزی:** سەبارەت بە ناوء ناوگۆڕین پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵ بکەم: یەکەم، ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشێکە لە مێژووی حیزبی دیموکرات. ئەو مێژویە بە شانازی و شکستەکانیەوە ڕابردووی هەر دوو حیزبی دیموکراتە. ئەگەر بە ڕابردووی تەمەنی چالاکی حیزبی و پێشینەی حیزبایەتیش بێ، ئەوە زۆربەی ئەو کەسانەی بەشی زۆری تەمەنیان ئەندامی حیزب بوونە کەوتونەتە لای حیزبی دیموکراتی کوردستان.

دووهەم، لایەک ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەو لایەکەی دیکە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ئەو دوو ناوە بە کوردی و ئینگلیسی و کورتکراوەکەی و بەتەواوی لێک جیاوازن، لە هیچ شوێنێکی ئەو جیهانە، نە لە کوردستان، نە لە ئوروپاو نە لە ئەمریکا و نە لە عیلاقات و پێوەندییەکانی خۆمان دا لەگەڵ حیزبەکانی ئێران و کوردستانی ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هیچ گیروگرفتێکی بۆ هیچ لایەک دروست نەکردوە.

سێهەم: لایەنەکان و حیزبەکان و دۆستانی حیزبی دیموکراتی پێش لەتبوون ئێستا بە خۆشییەوە دۆستی هەر دووک لامانن. هیچ کەس و لایەنەک لەوانە لەلایەک بە ئێمەیان نەگوتوە کە ناوەکەتان گرفت و مەسەلەیە، لەلایەکی دیکەشەو هیچ کەس و لایەنێک گرینگی بەمەرجەکەی ئەوان سەبارەت بە ناو گۆرین نەداوە.

چوارەم: هەر بەو جۆرەی کە کۆنگرەی چاردەی ئەوان پێڕەوء پرۆگرامی ئەوانی بە ناوی خۆیان پەسەند کردوە، کۆنگرەی چاردەی ئێمەش بە تێکڕای دەنگ پێرەوء پرۆگرام و ناوی ئێمەی پەسەند کردوە. مادام ئێمە حەق بە خۆمان نادەین داوا لەوان بکەین ناوی حیزبەکەی خۆیان بگۆڕن حەق وانیە ئەوانیش مەرج بۆ گورینی ناوی حیزبی ئێمە دابنێن. ناوء پێناسەی هەر حیزبێک پیوەندی بە ئەندام و کۆنگرەی ئەو حیزبە هەیە، نەک خەڵکی تر.

پێنجەم: ئەو مەرجەی ئەوان بۆ ناوگۆڕین، لە ڕاستیدا بیانوویەکە بۆ خۆ دزینەوە لە کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆ بۆ لێک نزیکبوونەوەو هاوکاری. ئەم بیانوویە لە لایەک بۆتە ئاستەنگ بۆ هاوکاریی حیزبەکان لەگەل یەکترو لە لایەکی دیکەوە لە خۆرا سەر ئێشەیەکی گەورەیان بۆ خۆیان دروست کردوە.

**کوردستان: ڕێبەرانی لایەکەی دیکەی دیموکرات باسی ئەوە دەکەن کە ئێوە واتە حیزبی دیموکراتی کوردستان بگەڕێنەوە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وڵامی ئێوە لەم پێوەندییەدا چییە؟**

**خالید عەزیزی:** لە لەتبوونی حیزبی دیموکراتدا هیچ کەس لە هیچ لایەکی دیموکرات بۆ هیچ شوێنێک نەڕۆیشتوە کە بگەڕێتەوە. ئەندامان و کادرەکان و پێشمەرگەکانی هەردوو حیزبی دیموکرات لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵاتء کەمپەکان هەموویان لە شوێن و جێگەی خۆیان تەنانەت لە«کەمپی ئازادی» کە کەمپی هاوبەشی هەر دوو حیزبەکەیە و ئەندامان و کادرەکانی حیزب و تەنانەت ڕێبەرایەتییش دیواربەدیوارء دەرگابە دەرگا لە تەنیشت یەک دەژین. هەر دوولای دیموکرات لەسەر جێگەی خۆیانن هیچ لایەک نابێ بە لایەکەیتر بڵێ بگەڕێنەوە، مادام حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران دەسەڵاتیان بەسەر گوندێکی کوردستان دا نیە حەق وانییە لە دەشتی کۆیەو دوور لە وڵات ئێمە باسی ناو گۆرینء هاتنەوەو شتی لەو بابەتانە بکەین، ئەو جۆرە شەرتء مەرجانە زۆرتر لە مەزنیخوازی وخۆبەزلزانین سەرچاوە دەگرن، نەک مەنتق «واقعیات»ی کۆمەڵگای کوردستانء پێداویستی سەردەم.



**کوردستان: ماوەیەکە کەمپەینک بۆ لێک نزیک بوونەوەی هەر دوو حیزبی دیموکرات دروست بووە. ئەم کەمپەینە داوا دەکا کە ڕێبەریی هەر دوو حیزبکە پێکەوە دابنیشن و کێشەکان چارەسەر بکەن. نەزەری ئێوە سەبارەت بەم کەمپەینە چییە؟**

**خالید عەزیزی:** پێشەکی من هەرچەشەنە هەوڵ و تێکۆشانێک لە پێناو دیالۆگ و لێک نزیکبوونەوەی هەر دوو حیزبی دیموکرات بە کارێکی باش و نیشتمانپەروەرانە دەزانم. هیوادارم کە بەرێوەبەرانی ئەم کەمپینە لە ژێر ڕووناکایی بێ لایەنی حیزبی، بە لایەنگریی لە یەکگرتوخوازی و بەرژەوەندی نەتەوەیی درێژە بە کاری خۆیان بدەن. لە لایەکی دیکەوە ئەندامانی کەمپەین خۆیان لە تێکۆشەرانی دیموکراتن کە پێ یان خۆشە هەر دوو حیزبی دیموکرات یەک بگرێتەوەو ئەوش دیسان هەوڵێکی پیرۆزە. ئێمە بە چاوی ڕێزو ئیحترام سەیری بیرورای گشتیی خەڵکی کوردستان بۆ لێک نزیک بوونەوە دەکەین، هەڵوێستی ئێمەوە زۆر ڕوونە کە لە هەست بە مەسئولیەتی کردنی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێ ئەوەش بریتییە لە ئامادەیی ئێمە بۆ دانیشتنء گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان بۆ چارەسەری گرفتەکان.

**کوردستان: بۆچی ئێوە هێندە لەسەر هاوکاری و لێکنزیکبوونەوە پێدا دەگرن، لەحاڵێکدا لایەنی دیکە بە بیانووی جوراوجۆر بە پێچەوانەی هەڵوێست و ڕوانگەکانی ئێوە دەجووڵێتەوە ؟**

**خالید عەزیزی:** یەکەم: مادام حیزب وەسیلەیەکە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی سیاسی وئیداری کۆمەڵگە ء جەمعەکی زۆر و بەرچاو کاری تێدا دەکەن دەبێ تێ بکوشین ئەو ئامرازە بە کادرو پێشمەرگە و ئەندامەکانی بە عەقلیەت و تێگەیشتنیک پەروەردە بکرێن بۆ ئەوەی سەرچاوەیەکی جێگەی متمانە بن، بۆ ئیدارەو دروست کردنی کۆمەلگای فرە چەشنی کوردستانی ئێران لە ئێستاوداهاتوودا. کێشەو ناکۆکی نێوخۆی حیزبی دیموکرات شتێکی تازە نیەو بەداخەوە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە. حەق وانیە لەسەر کێشەی حیزبی، دوژمنایەتی بکەویتە نێوان ئەو خەباتکارانەی کە بەدەیان ساڵ پێکەوە هاوسەنگەرو هاو حیزب بوون و خەڵک و کۆمەلگا چاوڕوانی کاری گەورەتریان لێ دەکا.

دووهەم: بەرژەوەندی کورد لە کوردستانی ئێران لە وڵاتێکی پڕ کێشەی وەک ئێران کە بەرەورووی زۆر سێناریۆی ناروونە لە ئێمە دەخوازێ کە لە خانەی کێشەکانی حیزبی دا گیر نەکەین و بیر لە داهاتوو بکەینەوە، بۆ ئێمە بەرژەوەندی نەتەوەییمان گرینگترەو لەسەرەوەی بەرژەوەندیی حیزبییە.

سێهەم: لێک نزیکبوونەوەو هاوکاری و تەنانەت یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێگا خۆشکەری دروست بوونی کەشو هەوایەکی گونجاوە بۆ پرۆژەی گەورەتری لێک نزیک بوونەوەی هەموو حیزبەکانی کوردستانی ئێران.

چوارەم: ئێمەوەک حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەموو بوارەکانی کار واتە ڕێکخستن، تەبلیغات، دیپلۆماسی و حزوور لە ژوورەوەو لە دەرەوە بە گوێرەی توانایی خۆمان زۆر چالاکین. ئەگەر لە لایەکی دیکەی دیموکرات چالاکترو بەرچاوتر نەبین، کەمترنین. کە وایە نەک لەبەر بێ توانایی و بێ داهاتوویی، بەلکوو لەبەر هەستکردن بە بەرپرسایەتییە کە پێشوازی لە نزیکبوونەوە دەکەین.

**کوردستان : وەک دوایین پرسیار، ڕێنوێنی ئێوە وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات بۆ دروست کردنی زەمینەی پێوەندی باش و سالم لە نێوان هەر دوو حیزبەکەدا چیە؟**

**خالید عەزیزی:** لەتبوونی دیموکرات جیاواز لەوەی کام بەش زۆرتر یان کەمتر تاوانبارە، چاک یان خەراپ بۆتە «امری واقیع»و حاشاهەڵنەگرە. ڕیگەچارەی ئەو کێشەیە ئەوەویە کە لە خانەی ڕق و کینەو تۆڵە ئەستاندنەوەو حوکم و بڕیاری یەک لایەنە دا گیرنەکەین و یەکتر بەو جۆرەی کە هەیە وەربگرین و قەبوول بکەن. باشترین قازی لە سیاسەت و کێشە و ڕەقابەتی حیزبی دا سەندوقەکانی دەنگدانە، ئێستا کە خەڵک بە داخەوە ناتوانن لە ڕێگەی سەندوقەکانی دەنگدانەوە قەزاوەت لەسەر هەر دوو حیزبی دیموکرات بکەن، ئەوە ئەرکی ئەندامانی هەر دوو حیزبە کە کێشەکان بخەنە بازنەی مەنتق و عەقلانیەت و شەهامەت و ڕاشکاوییان هەبێ کە لە سێناریۆی کێشەیکۆن دا نەمێننەوە و برینەکان نەکولێننەوەو بە ئەزموون وەرگرتن لە کێشە و ململانێیەکان و مێژووی دیموکرات، بنەمای فەرهەنگێکی سەردەمیانە بۆ چارەسەری کێشەکان دابمەزرێنن.

# گرفتەکانی بەردەم راگەیاندنی کوردی

## بە بۆنەی یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی

مادێح ئەحمەدی

راگەیاندن لە خەباتی سیاسی، کۆمەڵاتی، کەلتووریی هەر نەتەوەو وڵاتێک دا دەورێکی بەرچاوی هەبووەو وەک رەهەندێک لە خەبات چاوی لێکراوەو لەلایەن زۆربەی وڵاتانەوە بایەخی تایبەتی پێدراوەو بەردەوام گەشەی ستاندوە. وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ ئەم مەبەستە لە دوو رووەوە توانیویانە کەڵک لە میدیا وەربگرن:

**١. رەهەندی ناوخۆیی:** ئەو دەسەڵات و لایەنانەی کە لە رووی ناوخۆییەوە توانیویانە کەڵک لە میدیا وەربگرن، بەو مەبەستە بووە کە رای گشتی لەگەڵ سیاسەت و پلانەکانی خۆیان رێک بخەن و بەرانبەر بە کۆمەڵگای جیهانی بەکاری بێنن. ئەمە بەو مانایە نییە کە بە شێوەیەکی ئامرازی کەڵکیان لە ماسمیدیا وەرگرتبێ، بەڵکوو بەو مانایەیە کە توانیوانە بە پێی ستراتیژی و ئامانجە نەتەوەییەکانی وڵاتەکەیان لە کەناڵی میدیاوە ئاستی وشیاری خەڵک لە هەموو روویەکەوە بەرز بکەنەوەو تواناییەکان کەناڵیزە بکەن و کۆمەڵێکی زیندوویان پێک هێناوە.

**٢. رەهەندی دەرەکی:** لەرووی دەرەکییەوە ئەو وڵات و لایەنانەی کە لە رێگەی میدیاوە دیپلۆماسییان کردوە بەردەوام هەوڵیانداوە کە لە ئاستی جیهانیدا برەو بە تایبەتمەندییە سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بدەن و لەو کاناڵەوە شوێن پێی خۆیان لە نێو خەڵکی وڵاتانی جیهان دا بکەنەوەو هێژمۆنی خۆیان زاڵ بکەن و لە دیپلۆماسیدا بەکاری بێنن. واتە لەم سۆنگەیەوە ئامانجە ستراتیژی و نەتەوەییەکانی خۆیان بردۆتە پێش و بە ئاماژە بە رۆڵی میدیا، ئەرک و بەرپرسایەتیی نێردراوە فەرمییەکان و دیپلۆماتەکانیان کەم کردۆتەوە.

ئەگەر لە سەر ئەم بنەمایە تیشک بخەینە سەر راگەیاندن و میدیای کوردی بەو ئاکامە دەگەین کە کورد هێشتا پاش تێپەڕینی ١١٢ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی دا، تەنانەت لە بواری بڵاوکراوەی چاپییەوە لە ئاستی جیهاندا نەیتوانیوە خۆی دەربخا و قسەی بۆ وتن هەبێ و لە ئاستی نێوخۆی کوردستانیشدا زیاتر لە چوارچێوەی بۆچوونی حیزبی و رێکخراوەییدا ماوەتەوەو نەیتوانیوە لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیک کار بکاتە سەر رای گشتیی کۆمەڵگای کوردی تا چ بگات بە میدیای وێنەیی و ئێلێکترۆنی.

لێرەدا رەنگە پرسیار ئەوە بێ کە هۆکاری ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ لەم بارەوە بێگومان چەند هۆکارێکی سەرەکی کاریگەرن. ئەم هۆکارانە هەرکام لەگەڵ یەکدی پێوەندییان هەیەو کاریگەر بوون لە سەر خۆڵقاندنی یەکدی. هۆکارەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:

**یەکەم: خوێندەواری میدیایی**

خوێندەواری میدیایی (Media Literacy) بە شێوەیەکی گشتی واتە: تێگەیشتنێکی پشت بەستوو بە لێهاتوویی کە بەو پێیە دەتوانرێ جۆرەکانی میدیاو جۆرەکانی بەرهەمی ئەم میدیایانە لێک جیا بکەیتەوەو بیانناسی.(١)

خوێندەواری میدیایی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە سۆنگەی تێگەیشتنێکی راستەقینەوە کەڵک لە ئامرازە میدیاییەکان وەربگری و بەکاریان بهێنی.

ئەگەر لە ژێر تیشکی ئەم خوێندنەوەیەدا چاو لە میدیای کوردی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بە هۆی تێنەگەیشتن لە میدیا و ئەرک و قازانجەکانی، ئێستا کۆدەکاتەوەو بڵاوکراوەیەک دەر دەکا. هیچ ناوەندێکی وەهاش نییە کە پێناسەیەک لەم بوارە بە پێی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی بخاتە روو بۆ ئەوەی پەیڕەوی بکرێ. لەوەها حاڵەتێک دا کە بە پێی بەرژەوەندی چاو لە بابەتەکە دەکرێ، دەبینین بە سەدان ماڵپەڕی ئینتێرنێتی دەکرێنەوە، بە دەیان رۆژنامەو بڵاوکراوە دەر دەکرێن کە بە هاتوونەتە مەیدانەوەو کاری رۆژنامەگەرییان کردوە کە یا سیاسەتوان، یا شاعیر و رۆماننووس، یا بازرگان و... بوون. ئەگەرچی نابێ رۆڵی ئەم کەسانە لەبەر چاو نەگرین، بەڵام بە داخەوە ئەمە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ناپسپۆریەتی لە راگەیاندنی کوردی دا. هۆکاری ئەم ناپسپۆریەتییەش بەشێکی دەگەڕێتەوەو بۆ ئەو رابردوو و میدیایە. واتە راگەیاندنی کورد لەژێر سێبەری ئەو رابردووەدا نەیتوانیوە پێشکەوتنێکی وەها بە خۆیەوە ببینێ کە خۆی بخزێنێتە نێو قۆناغێکی تازەوەو لەو دۆخە قەیراناوییەی ئێستا دەرباز بێ. ئەمەش لە سەرەتادا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئاکادێمیک هێزی مرۆیی پرۆفیشناڵ تایبەت بە کاری راگەیاندن، پەروەردە



ئێمە لەم بوارەدا بینەری بێ سەروبەرەییەکی سەیرین. ئەم بێ سەروبەرەییە لە راگەیاندن و رۆژنامەگەریی کوردی دا ئێستا بۆتە دیاردەیەک کە پێویستە پێشی پێ بگیرێ و هۆکارەکانی لێک بدرێنەوە. هۆکاری سەرەکی ئەم بێ سەروبەرییە لە سەرەتادا دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی روانینی ئێمە بۆ کار و ئەرکی راگەیاندن. واتە ئەو کولتوورەی کە پێویستە لە نێوان کۆڕوکۆمەڵ و لایەنە کوردییەکان و تەنانەت تاکی کورد دا بەرامبەر بە کاری راگەیاندن دەگمەن تێیاندا دەبینی هەندێ پرەنسیپی گشتی راگەیاندن لەبەرچاو بگرن. ئێمە چەند بڵاوکراوەی رێک و پێکمان هەبێ زۆر باشتر لەوەیە کە رۆژانە دەیان بڵاڤۆک دەربچێ و کەسیش نەیخوێنێتەوە.

**دووهەم: هۆکاری سیاسی و مێژوویی**

کورد لەبەر ئەوەی خاوەن دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە، بێگومان لە تەواوی بوارەکاندا خەساری بەرکەوتوە، بۆیە نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست دۆخە سیاسییە کە کوردی تێدا ژیاوە.

**سێهەم: قەیرانی تیۆریک**

بە لە بەر چاو گرتنی هۆکاری یەکەم و دووهەم ئێستا قەیرانێکی تیۆریک بەرۆکی راگەیاندنی کوردی گرتوە.

ئەگەر بمانهەوێ هۆکارەکانی ئەم قەیرانە تیۆریکە دەستنیشان بکەین، یا ئەوەی کە لە بنەمادا دەگەڕێتەوە بۆچی و لێکبدرێتەوە، سەرەتا پێویستە چاوێک بە مێژوودا بخشێنین. چونکە ئەو دۆخە هەر وەک لەسەرەوە بکا. بۆیە لە کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەریی کوردیدا ئەو پرەنسیپانەی کە پێویستە رەچاو بکرێن، پشتگوێ خراون. قەت نەهاتووین لە رووی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگا بکەین و بەو پێیە کاری راگەیاندن بکەین و ئاراستە بە رای گشتی خەڵک بدەین. لەم حاڵەتەدا هاوسەنگیی نێوان میدیا و دەسەڵات و میدیا و کۆمەڵگا تێک چووە. واتە جۆرێک بێ متمانەیی لە نێوان میدیاکان و دەسەڵات و لە نێوان میدیاکان و

**پاش تێپەڕینی ١١٢ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی دا، کورد تەنانەت لە بواری بڵاوکراوەی چاپییەوە لە ئاستی جیهاندا نەیتوانیوە خۆی دەربخا و قسەی بۆ وتن هەبێ و لە ئاستی نێوخۆی کوردستانیشدا زیاتر لە چوارچێوەی بۆچوونی حیزبی و رێکخراوەییدا ماوەتەوەو نەیتوانیوە لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیک کاربکاتە سەر رای گشتیی کۆمەڵگای کوردی تا چ بگات بە میدیای وێنەیی و ئێلێکترۆنی**

و رۆژنامەگەریی هەبێ، بوونی نییە. ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە کوردستاندا بە شێوەیەکی ئامرازی چاو لە کاری راگەیاندن دەکرێ. بە گوێرەی بەرژەوەندی رێکخراوەیی و گرووپی لەگەڵی دەجووڵێنەوە. لەم رووەوە راگەیاندن لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆتە ئامرازێک لە خزمەت دەسەڵاتی تاک و حیزبەکان دا. لەم حاڵەتەدا دەبینین کە هەر کەس پارەی هەبێ بە بێ ئەوەی لە میدیا و پیشەی راگەیاندن تێ بگا، بارەگایەک دەکاتەوەو چەند کەس لە دەوری خۆی پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێ. بێگومان یەک لەو بوارانەش دەتوانێ بواری راگەیاندن بێ. بۆیە ئەمە دەتوانێ هۆکارێکی دیکەی پاشکەوتنی راگەیاندنی کوردی بێ.

لە بەر ئەوەی کورد خاوەن ناوەندی ئاکادمیک و فێرکاریی باڵا لە بواری راگەیاندندا نەبووە، دەتوانین بڵێین ئەو کەسانەی کە لە بواری راگەیاندن و رۆژنامەگەری دا لە کوردستان شارەزاییان هەیە، ژمارەیان لە قامکەکانی دەست تێناپەڕێ، بۆیە لەم بۆشاییەدا کەسانێک ئاماژەی پێ داروە، بەشێکی بەرهەمی ئەو رابردووەیەیە کە بە سەر کورددا زاڵ بووە. ئەو بارودۆخە مێژووییەی کە بە سەر کورددا سەپاوە، قەت ئەو هەلەی بۆ کورد نەڕەخساندوە کە وەک نەتەوەیەک هاوشان لەگەڵ نەتەوەو وڵاتانی دیکە لە ئاستی جیهاندا بچێتە پێش. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کورد لە زۆربەی بوارەکان دا لە دواوە بێ و لە ئێستاش دا لەو بوارانەدا لە ئاستی جیهان قسەیەکی بۆ وتن نەبێ. یەکێک لەو بوارانە، بواری راگەیاندن و خەڵک دا دروست بووە. ئەمەش بێ کاریگەریی میدیای کوردی لە ئاراستە پێدان بە سیاسەت و رای گشتیی لە کوردستان دا لێکەوتووەتەوە.

**چوارەم: کاریگەریی رۆژنامەگەریی شاخ بەسەر رۆژنامەگەری شارەوە**

راگەیاندنی کوردی قۆناغێکی درێژی لە شاخ تێپەڕ کردوە. لە قۆناغی شاخ دا هەر حیزب و لایەنێک بۆ خۆی خاوەن کۆمەڵێک میدیای وەک: رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ و.. بووە. ئەم میدیاگەلە هەر کام زمانحاڵی حیزبێک یان لایەنێکی تایبەت بوون. گوتار و ئاراستەی کار کردنی ئەم جۆرە میدیاگەلە، گوتارێکی شۆڕگێڕانە بووەو هەرکام کاریان بۆ بیر و رێبازێکی تایبەت کردوە. ئەقڵیەتێک ئەم میدیا و راگەیاندنانەی بەڕێوە بردووە کە رۆژانە لەگەڵ شار تێکەڵ نەبووەو لە بازنەیەکی دیاریکراودا بووە. هەروەها پێوەری کارکردن پرۆفیشناڵ بوون و مێتۆدیک نەبووە، بەڵکوو تەنیا پێوەر کار کردن لەو چوارچێوەیەدا بووە کە حیزب ویستوویەتی و لە سەرەوە بڕیاری لەسەر دراوە. هاوکات لەگەڵ ئەم قۆناغە بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە لە کوردستان دا زاڵ بووە، رۆژنامەنووسان و رووناکبیرانی کورد لە شارەکانی کوردستان ئەو دەرەتانەیان نەبووە کە بە سیمایەکی مەدەنییانەوەو بە پێڕەوی کردن لە کۆمەڵێک پێوەری زانستی کاری راگەیاندن بە کوردی بکەن. لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا گوتاری راگەیاندنی شاخ زاڵ بووەو خۆی سەپاندووەو لە بەرانبەردا گوتارێکی دیکە نەبووە کە گەشە بکا و دواتر ببێ بە بنەما. بۆ نموونە لە باشووری کوردستان، پاش کۆتایی هاتنی قۆناغی شاخ و رزگاری ئەم پارچەیە لە وڵات، گوتار و مێتۆدی راگەیاندنی حیزبی دبێتە بنەماو لە سەر ئەو بنەمایە راگەیاندنی کوردی پەرە دەستێنێ. واتە لەم قۆناغەدا بە جۆرێک راگەیاندنی شاخ دەگوازرێتەوە بۆ شار. ئاڵوگۆڕێکی کە لێرەدا دێتە گۆڕێ، ئەوەیە کە تاڕادەیەک ئەو حاڵەتە دروشماوییەی شاخ کەمڕەنگ دەبێتەوەو لە رووی چەندایەتییەوە دەزگاکانی راگەیاندن گەشەیەکی بەربڵاو دەکەن. کێشەکە لێرەدایە کە دەبا راگەیاندنی کوردی لەم قۆناغەدا لە رووی چۆنایەتییەوە گەشەی کردبا. بەم بۆنەوە ئێستاش سێبەری رۆژنامەگەریی شاخ زاڵە. ئەگەر کۆمەڵێک بڵاڤۆکی دیکە دەبینین کە تاڕادەیەک جیاوازتر کار دەکەن، ئەوانەش بەرهەمی پرۆفیشناڵی پیشەیی و تێگەیشتنێکی قووڵی میدیایی نین، بەڵکوو زیاتر لە ئاکامی دژکردەوەیەکدا لە بەرانبەر ئەو بارودۆخەدا سەریان هەڵداوە.

**پێنجەم: چەمکی راگەیاندنی ئازاد و راگەیاندنی حیزبی**

لە ئاکامی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی کە بەرانبەر بە رۆڵ و کارکردی میدیا لە کوردستان دا زاڵە، کێشە و ململانێیەکی زۆر لە نێوان راگەیاندنەکان لە ئاستی دوو بەرەدا کە پێیان دەڵێن «راگەیاندنی ئازاد» و «راگەیاندنی حیزبی» لە ئارادایە. ئەم ململانێیە وای کردوە کە هەڤڕکێیەکی نالەبار سەر هەڵبداو رۆژانە وزە و تواناییەکی زۆر بە فیڕۆ دەدا. ئەمەش بەرهەمی ئەو ئاراستەیە کە میدیاکان لە کوردستاندا گرتوویانەتە بەر. لێرەدا بە تەواوەتی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی کۆمەڵگاو... بە هۆی ئەم ململانێیەوە خراوەتە پەراوێزەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر تێگەیشتنێکی واقیعبینانە لە ناو میدیاکاران و بەڕێوەبەرانی دەزگا جۆربەجۆرەکانی راگەیاندن لە کوردستان هەبایە، ئەم دۆخە وای لێ نەدەهات.

ل ٦

٢٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵ (١٣٨٩) ٥ساڵ بەسەر دامەزرانی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان دا تێپەڕی.

دامەزرانی ئەم رێکخراوە لە زۆر روووەوە بە پێی رۆڵ و شوێندانانی لە سەر لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، حەق وایە خوێندنەوەی وردی لە سەر بکرێ و گرێنگی بە بوونی رێکخراوێکی ئەوتۆ لە کۆمەڵگای ئێستامان دا بدرێ.

لە روانگەی منەوە دامەزرانی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان توانی شوێنەواری مێژوویی خۆی لە چەندین بواری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەی ئەم بەشە لە کوردستان دا بچەسپێنێ و هەر لەو کاتەدا دا تا ئێستاش پاڵنەرێکی سەرەکییە لە گۆڕینی ئەقڵییەتی کۆمەڵگای کوردستان بە نیسبەت ئەو بابەتانەی کە پێوەندییان بە مافی تاکی کوردەوە هەیە.

لەم نوسینەدا هەوڵ دەدەم تەنیا لە سێ بوواردا کە بە رای من رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان توانیویەتی گۆڕانی قووڵ و بەرچاویان تێدا پێک بێنێ، باس لە رۆڵی ئەم رێکخراوە کوردییە بکەم:

**بەرێکخراو کردنی خەباتی مەدەنی**

هەرچەند تا ئێستا بە روونی پێناسەیەک بۆ خەباتی مەدەنی و مێژووی دەسپێکی ئەم جۆرە لە خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەکراوە، بەڵام بێگومان ئەم مێتۆدە لە خەبات لەم بەشە لە کوردستان دا زۆر پێش لە دامەزرانی ئەم رێکخراوە کەڵکی لێ وەرگیراوە. بەڵام دەتوانین دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە دەسپێکی بە رێکخراوکردنی خەباتی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دابنێین. بە رێکخراوکردنێکی نوێ و ئەمڕۆیی، بەو مانایە کە ئەم بە رێکخراوکردنە توانیویەتی هەموو ئوسوول و پرەنسیپە پەسندکراوەکانی

# دامەزرانی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، سەرەتای بە رێکخراوبوونی خەباتی مەدەنی

سمایل شەرەفی

ناوەندە جیهانییەکانی دنیای ئەمڕۆ لە خۆ بگرێ و هەنگاوی جیدی بۆ بە دامەزراوە کردنیان هەڵێنێتەوە.

لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا ئەم رێکخراوە بە پشت بەستن بە پەسندکراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی جیهان، توانیویەتی بەشێک لەو هەوڵە پرشوبڵاوانەی لە پێوەندی لە گەڵ چالاکییەکانی مافی مرۆڤ لە ئارادا بوون، یەک بخات و لە پێناوی کار کردن بۆ پشتیوانی لە مافی مرۆڤی کورددا کاناڵیزەیان بکات.

لەم پێوەندییەدا رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە دانانی سیستمێکی دێموکراتیکی بەڕێوەبەری و کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی راگەیاندن و گەیاندنی دەنگی ئەو مرۆڤە ماف پێشێلکراوانەی کورد بە کۆڕو کۆمەڵەکانی پشتیوانی لە مافی مرۆڤ و رای گشتی، رۆڵی شوێندانەری لە بە رێکخراو کردنی ئەم هەوڵانەدا گێڕاوە کە لە خانەی خەبات و چالاکیی مەدەنیی دا جێ دەگرن.

ئەگەر جاران هەوڵە تاکە کەسییەکان نەیاندەتوانی ئەم رۆڵە بگێڕن، بەڵام کۆبوونەوەی هەمووی ئەوانە لە دەوری رێکخراوێکی ئەوتۆ، توانی سنووری پشتیوانی لێکردن و بە هاناوەهاتنیان بەرین بکاتەوە بۆ کۆڕو ناوەندە جیهانییەکان.

ئەزموونی دامەزرانی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان جیا لە بە رێکخراوکردنی هەموو ئەو هەوڵانەی تایبەت بوون بە چالاکییەکانی مافی مرۆڤ، توانی بگوازرێتەوە بۆ لایەکانی دیکەی بوارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و بە رێکخراو بوونیان. هەر لە ماوەی چەند ساڵی دوای دامەزرانی ئەم رێکخراوەدا زۆرێک لە چالاکانی ژنان، ژینگەپارێزان و بوارەکانی دیکە لە دەوری یەک کۆبوونەوەو (ئین.جی.ئۆ) و رێکخراوی تایبەتیان پێک هێنا.

**وشیار کردنەوەی تاکی کورد لە مافەکانی**

بە پێی ئیدیعای زۆرێک لە کۆمەڵناسان و بەتایبەت پارێزەران، گرفتێکی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێمە، ناشارەزا بوونی تاکەکانی کۆمەڵگەیە لە سەر مافە ئینسانییەکانی خۆیان. تاکی کۆمەڵگەی ئێمە بە هۆی ناشارەزابوونی لەو مافانەی کە لە جارنامەکانی گەردوونیی مافی مرۆڤ دا پەسەند کراون، ناتوانێ بەرگری و دیفاع لە خۆی بکات.

رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە دیفاع لە ماف پێشێلکراوان و خستنە رووی مافەکانی مرۆڤی کورد لە رێگای جۆراوجۆرەوە، توانیویەتی تا رادەیەک تاکی کورد لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ناشارەزاییەی کە بە نیسبەت مافەکانی خۆیەوە هەیەتی رابچەڵکێنێ. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆرێک لەو هاووڵاتیانەمان کە لەلایەن دەزگا ئەمنییەتییەکانی رێژیمەوە دەستبەسەر کراون یان بە هەر جۆرێکی دیکە مافیان پێشێل کراوە، بە تێگەیشتن لە مافەکانی خۆیان، رێوشوێنی یاسایی بگرنە بەرو دیفاع لە خۆیان و مافەکانیان بکەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە راستییەکی تاڵ بکەین کە تا ئێستاش ئێمەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان وەک پێویست لە مافە تایبەتییە ئینسانییەکانی خۆمان شارەزا نین و ئەمەش گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێمەیە، بۆیە بێگومان پێویستە رێکخراوگەلێکی وەک رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە داهاتوودا بە بەرنامەوە کار لە سەر ئەم پرسە بکەن.

**قوربانیدان و بەردەوامبوون لە کارو چالاکی**

نزیک بە سێ ساڵە دامەزرێنەرو بەرپرسی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، سەدیق کەبوودوەند لە بەندیخانە دایە. چەندین کەسی دیکەی چالاک و هەڵسووڕی بواری مافی مرۆڤ کە سەر بەم رێکخراوەن لە چاڵە رەشەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا حوکمی قورسیان بە سەردا سەپاوە، بە دەیان کەس لە چالاکانی سەر بەم رێکخراوە بە هۆی فشاری دەزگاو ناوەندە ئەمنییەتییەکانی رێژیمەوە رێگای هەندەرانیان هەڵبژاردو ژیانی تاراوگەنشینییان بە سەردا سەپا. هەر ئێستا بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی ئەم رێکخراوە لە ژێر فشار دان و هەڕەشەیان لێ دەکرێ کە نابێ درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن.

هەمووی ئەمانە تەنیا بەشێکن لەو هەزینانەی کە ئەم رێکخراوە کوردییە تا ئێستا تەنیا بۆ دیفاع لە سەرەتاییترین مافە ئینسانیەکانی مرۆڤی کورد داونی. بەڕێوەبەرانی ئەم رێکخراوە جیا لەو هەزینانەی باسمان کردن، لە رووی ماڵییشەوە هیچ پشتیوانییەکیان نیە و خۆبەخشانە کاردەکەن و لە گیرفانی خۆیان کاروباری رێکخراوەکە رادەپەڕێنن. بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ و هەڵوێستەی شیاوی خۆی لە سەر بکرێ ئیرادەی بەردەوامبوونی بەڕێوەبەران و چالاکانی ئەم رێکخراوەیە لەسەر کارو چالاکیی مرۆڤدۆستانەی خۆیانە. ئیرادەیەک کە لە سەر باوەڕ بە مرۆڤ تەوەری دامەزراوە. ئەوە بۆ رێکخراوێکی هاوئەرکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە لە ولاتێکی دێموکرات دا، چالاکی دەنوێنێ و هەموو هەزینەیەکی لە سەر دەوڵەتە، کارێکی یەکجار ئاسانە بەڵام بۆ بەڕێوەبەران و چالاکانی رێکخراوی ناوبراو کە لە پلەی یەکەم دا سەرۆکەکەی لە بەندیخانە دایەو زۆرێک لە ئەندامانی بە مەبەستی درێژەدان بە کاری رێکخراوەکەیان حازرن کەل و پەلەکانی ماڵەوەشیان بفرۆشن، کارێکی پڕ گران و پیرۆزە. کارێکە کە پێویستی بە ئیرادەیەکی مەزنی ئینسانی و باوەڕێکی قوڵ بە دەروەست بوون لە بەرانبەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەیە.

لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا ئەم رێکخراوە بە پشت بەستن بە پەسندکراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی جیهان، توانیویەتی بەشێک لەو هەوڵە پرشوبڵاوانەی لە پێوەندی لە گەڵ چالاکییەکانی مافی مرۆڤ لە ئارادا بوون، یەک بخات و لە پێناوی کار کردن بۆ پشتیوانی لە مافی مرۆڤی کورددا کاناڵیزەیان بکات.

دریژەی:

# گرفتەکانی بەردەم راگەیاندنی کوردی

## بە بۆنەی یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی

«ئانۆن» وتەیەکی بە نرخی هەیە کە دەڵێ: «راگەیاندنەکان رەنگە سەر بە رێکخراو یان تاکێکی تایبەت بن، بەڵام ئازادی بڵاوکردنەوە هی خەڵکە».(٢) ئەم وتەی ئانۆن ئەوە دەگەیەنێ کە راگەیاندنەکان لە هەر حاڵەتێکدا دەبێ راستییەکان بگوازنەوە بۆ ناو کۆمەڵگاو ئاوێنەی دەرد و خەمەکانی خەڵک بن. واتە دەبێ بەرژەوەندی گشتیی خەڵک و کۆمەڵگا تەوەری سەرەکیی کاری هەموو دەزگاکانی راگەیاندن بێ. بە پێچەوانەی ئەم وتەیە لە کوردستان دا، ئەو راگەیاندنانەی کە سەر بە حیزبەکانن، بوونەتە بڵیندگۆی تایبەتی حیزبەکان و هەر کام لە لایەنەکان بە گوێرەی بەرژەوەندی حیزبی خۆی وەک ئامرازێک کەڵک لە دەزگاکانی راگەیاندن وەر دەگرێ، لە بەرانبەریشدا ئەو میدیاگەلەی کە بە میدیای ئازاد ناسراون تەوەری سەرەکی و ئاراستەی سەرەکیی کار کردنیان دژکردەوە نیشاندانە بەرانبەر بە میدیای حیزبەکان و خودی حیزبەکان. لەم نێوانەدا مافی گشتیی خەڵک و کۆمەڵگا کەوتووەتە پەراوێزە.

**شەشەم: کاریگەری میدیای فارسی، تورکی و عەرەبی**

یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی بەردەم راگەیاندنی کوردی کاریگەری میدیای فارسی، تورکی و عەرەبییە. لەم نێوەدا لەبەر ئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان تورک، عەرەب و فارس بوون، ئەوانیش وەک نەتەوەی باڵادەست هەمیشە هەوڵیانداوە کە شتی خۆیان بەسەر کورددا بسەپێنن و برەو بە زمان، کولتوورو...ی خۆیان بدەن. کۆمەڵگای کوردیش لەگەڵ فارس و تورک و عەرەب جیاوازەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ئێمەش کە بۆ خۆمان خاوەن هێزی تایبەت بە کاری راگەیاندن نەبووین و ئەو کەسانەش کە هەبوون پەروەردەی زانکۆکانی تورک و فارس و عەرەب بوون و کاریگەریی ئەوان هاتووەتە نێو راگەیاندنی کوردییەوە. ئێمە دەبێ لە روانگەیەکی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییە بڕوانینە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی و تاکی کورد و بەو پێیە ئاراستەی کاری راگەیاندنەکانمان دیاری بکەین و گرنگی بدەین بە بابەتەکان و ئەوجار شێوازی بڵاوکردنەوەیان. چونکە ئەو شتەی کە بە لای رۆژنامەیەکی تورکی یان فارسی و یان عەربییەوە گرنگەو خوێنەرو بەردەنگەکەی گرنگی پێدەدا، لە کۆمەڵگای کوردی دا بەو جۆرە نییە. ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە زۆرێک لە رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی ئێمەدا ئەو شتە لەبەرچاو ناگیرێ و بە هۆی زاڵبوونی ئەدەبیات و کولتووری ئەوان بەسەر ئێمەدا، بە جۆرێک کەوتووینەتە ژێر کاریگەریی راگەیاندن و شێوازی کاری ئەوانەوە. ئێستاش ئەو سەرچاوانەی کە ئێمە لە بواری کاری راگەیاندندا کەڵکییان لێ وەردەگرین و لە زانکۆکاندا دەوترێنەوە بەشێکیان لە زمانەکانی عەربی، فارسی و تورکییەوە بە شێوەیەکی ناتەواو وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی. یان بۆ وێنە بۆمبێک تەقیوەتەوە، یان ژنێک خۆی سووتاندوە، زۆربەی راگەیاندنەکانی ئێمە دەنووسن «لە.. بۆمبێک دەتەقێتەوە»، «لە.. ژنێک خۆی دەسووتێنێ». ئەم شێوە مانشێت لێدانە لە راگەیاندنی عەربی دا بە پێی تایبەتمەندییەکانی زمانی عەرەبی باوە، بەڵام لە کوردیدا بەو شێوەیە نییە. واتە ئەم شێوە دەربڕینە لە زمانی عەرەبیدا باوە. ئەگەر بڕیارە بۆمبێک بتەقێتەوە یا ژنێک خۆی بسووتێنێ، دەبێ پێشی پێ بگری و نەهێڵی روو بدا!!!

بە گشتیی ئەم چەند هۆکارەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم راگەیاندنی کوردیین. ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی راگەیاندنی کوردی نەتوانی ئەم قۆناغە دەرباز بکا، بچێتە خانەی رێکخستنی رای گشتیی و رۆڵ گێڕان لە سیاسەتدانان دا. هەر ئێستا ئەم گرفتانە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی رۆژنامەگەریی زەرد(yellow journal) لە کوردستان دا و ئەوەی کە رۆژانە رێژەیەکی زۆر لە بڵاوکراوە چاپییەکان لە بەردەم رۆژنامە فرۆشییەکان دا دەمێننەوەو کەس لێیان ناپرسێ سەلمێنەری ئەم راستییەیە.

شێوەی روانینی ئێمە بۆ پیشەی راگەیاندن هەڵەیەو ئەم کولتوورە پێویستە بگۆڕدرێ. واتە لە روانگەیەکی نەریتییەوە چاو لە کارو ئەرکەکانی ئەم بوارە دەکەین. بۆیە وەک ئامرازێک بۆ خزمەت کردن بە دەسەڵاتی تاک و حیزبەکان کەڵک لە راگەیاندن وەرگیراوەو چاوی لێکراوە. زاڵبوونی ئەم شێوە رۆانینە لە باشووری کوردستان یەکێک لەو کۆسپانەیە کە بەردەوام راگەیاندنی کوردی لە قۆناغێکی قەیراناویدا راگرتوەو تەنانەت بێ سەروبەرەیی لێکەوتووەتەوە. حیزبەکان دەتوانن هەرکام تەلەڤزیۆنێک یان رۆژنامە یان رادیۆیەکیان هەبێ، نە ئەوەی هەر حیزبێک چەند تەلەفزیۆن و چەندین گۆڤار و رۆژنامەو رادیۆ پاوان بکەن. ئەمە مەترسییەکی هەرە گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد و بزووتنەوەی کورد لە داهاتوودا.

**سەرچاوە:**

١- شکرخواه، دکتر یونس، سواد رسانەای چیست؟ وب سایت مدیا نیوز

٢- رندال، دیوید، روزنامەنگاری حرفەای، ترجمە: علی اکبر قازچی زادە، اول، موسسە انتشاراتی روزنامە ایران، سال ١٣٨٢، ص ٣٣

# مەترسیی وشکبوون لەسەر گۆلی ورمێ

موعتەسەم نوورانی

گۆلی ورمێ بە هۆی تایبەتمەندییە سروشتی، ژینگەیی، مێژوویی و ژئۆپۆلیتیکییەکانی یەکێک لە گرینگترین، بەناوبانگترین و جوانترین گۆلەکانی جیهانە، کە لە باکووری رۆژئاوای ئێران لە نێوان دوو پارێزگای ئازەربایجانی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا هەڵکەوتوە. ٨٠٪ ی ئاوی ئەو گۆلە لە رووبارەکانی زەرینەرود (جەغەتوو)، سیمینەرود (تەتەهوو)، چۆمی مەهاباد، گادەر، باراندوز، نازلوو، شارچای و زولای کە لە کێوەکانی پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی رۆژاواوە سەرچاوە دەگرن دابین دەبێ و ٢٠٪ یش لە رووبارەکانی ئازەربایجانی رۆژهەڵاتەوە دێتە ناو ئەو گۆلە. رووبەری ئەو گۆلە زیاتر لە ٥ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەیە کە هەر ئێستا زیاتر لە ٢٥٠ هەزار هێکتار لە زەوی و زاری دەوروبەری وشک بووەو بۆتە شۆرەکات.

ئاوی گۆلی ورمێ زۆر سوێرە. دوای «بحر المیت» یا دەریای مردوو دووهەمین گۆلی سوێری جیهانە. بۆیە هەر لە کۆنەوە بە بەحری خوێیە ناودێرکراوە. ئاوی ئەو گۆلە بەهۆی بوونی مەواددی کانزایی وەک کلۆریدی سۆدیۆم، کلۆریدی کالسیۆم و مەنزەنیۆم هەر لە کۆنەوە بۆ عیلاج و دەرمانی نەخۆشییەکانی پێست، ئێسک، باداری، ژنانە، سیاتیک و زۆر نەخۆشیی دیکە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لە کۆنەوە خەڵکی ئێران لە دوورو نیزیکەوە هاوینان دێنە قەراخ ئەو گۆلە. هەم بە مەبەستی گەشت و گوزارو هەم بە مەبەستی دەرمانیش لە ئاوو لم و لیتەی تەنیشت دەریاکە کەلک وەردەگرن. هەربۆیە ئەو گۆلە هەر لە کۆنەوە گرینگیی خۆی هەبووە. بەهۆی سوێریی ئاوەکەی هیچ جۆرە ماسییەکی تێدا ناژی، تەنیا جۆرە مێگۆیەکی تێدا دەژی بە ناوی ئارتمیا کە درێژییەکەی نزیک بە ٣ سانتیمیترە، بۆ خۆراکی ماسییەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هەندێک قەوزە و جولبەکی تێدایە کە خۆراکی باڵندەکانن.

ئەو گۆلە نزیک بە ١٠٢ دورگەی گەورەو چووکەی تێدایە کە چەند دورگەیان زۆر گەورەن و یەکێک لەو دورگانە، پارکی میللیی حەیواناتی تێدایە کە ئەو پارکە زیاتر لە ٢١٢ جۆر باڵندە و٢٧ جۆر ئاژەڵی شیردەرو ٤١ جۆر خشۆکە و چەند گیانلەبەری جۆراوجۆر و ماسیی تێدایە کە لە ناوچوونی ئەو دەریاچەیە بە مانای لە ناوچوونی مانەوەی زۆر لەو گیانلەبەرانەیە. هەروەها بە وشک بوونی ئەو گۆلە مادەیەکی نیوە کانزایی قورسی ژەهراوی بە ناوی ئارسنیک بەجێ دەمێنێ کە ئەو مادەیە دەبێتە هۆی پێکهاتنی سەرەتان و نەخۆشیی خوێنی لە ناو لەشی مرۆڤەکانی ئەو ناوچەیەداو، زۆر مەترسیدارە.

هەر وەک باسم کرد وشک بوون و بە شۆرەکات بوونی ئەو گۆلە لەو ناوچەیە دا باسێکی گرینگی ئێکۆلۆژی ecologyواتا ژینگەیی و ژینگەپارێزییە. هەم هۆکاری سیاسی هەیە، هەم هۆکاری سروشتی و هەم هۆکاری بێموبالاتی و خەمساردیی کاربەدەستانی رێژیمی تێدا بەرچاو دەکەوێ. تەنانەت هۆکاری دیکەشی لەپشتن. بە بڕوای من سێ هۆکاری سەرەکی لە وشکبوونی دەریاچەی ورمێ دا کاریگەریی بەرچاویان هەیە کە هەرسێ هۆکار بەداخەوە زۆر دەخیل و مەترسیدارن : هۆکاری یەکەم هەڵبەستن و دروست کردن زیاتر لە ٣٠ بەنداوی سەرەکی و پاش بەنداو لەسەر ئەو رووبارانەی کە دەرژێنە ناو ئەو گۆلە، بێ ئەوەی بەشە ئاوی ئەو گۆلە وەبەرچاو بگیرێ. دیارە ئەو بەنداوانە بۆ ئاودێری وکشتوکاڵ وئابووریی ناوچەکە قازانجن، بەڵام بۆ گۆلی ورمێ زەرەریان هەیە، چونکە دەبنە لەمپەر بۆ گەیشتنی ئاو بەو گۆلە. هەروەها دەبنە هۆی بە فیرۆدان و کۆنترۆل نەکردنی ئاوی ئەو رووبارانەی کە دەرژێنە ناو گۆلی ورمێ بۆ نموونە ناردنی ئاوی رووباری جەغەتوو بە هۆی کاناڵ و بۆڕی بۆناوچە دوورەکان بۆ ئاودێری.

هۆکاری دووهەم دروست کردنی ئەو رێگا ناوقەدبڕەیە کە مەبەستی سیاسیی لە پشتەو بۆ نزیک کردنەوە و ئاسانکردنەوەی پێوەندیی نێوان شارەکانی ورمێ و تەورێزە کە ئەو دەریاچەیە دەکاتە دووبەشی باکوورو باشوور. دیارە لێدانی ئەو رێگایە بەناو دەریاچە دا دەبێتە هۆی ئەوە کە ئاوی ئەو دەریاچەیە بە باشی نەتوانێ سووڕ بخواو لە راستیدا گیروگرفتێکی گەورەی خوڵقاندوە. هۆکاری سێهەم ویشکەساڵی (drought) یە. کە لەماوەی ٧ ساڵی رابردوو دا بەفرو باران کەم باریون ئاوی پێویست نەگەیشتووەتە دەریاچەکە. چونکە پێشتر کە هیچ بەنداوو پاش بەنداوێک لەسەر ئەو رووبارانە نەبوو، ٥,٥ میلیارد میتری سێجا ئاو دەگەیشتە ناو ئەو گۆلە، بەڵام ئێستا بە دروست کردنی ئەو بەنداوانە رێژەکە دابەزیوە بۆ ١ میلیارد میتری سێجا. هەموو ئەو هۆکارانە دەستیان داوەتە دەستی یەک بۆ وشکبوون و لەناوچوونی ئەو دەریاچەیە.

وشکبوونی ئەو دەریاچەیە زیانێکی زۆری هەیە بۆ ناوچەکە، لە بواری سروشتی، لە بواری کشتوکاڵ، لە بواری ئابووری و لە بواری سەنعەتیدا زیانێکی زۆر بە خەڵکی ئەو ناوچەیە دەگەیەنێ. چونکە دەشتەکانی میاندواو، مەهاباد، پیرانشار، نەغەدە، ورمێ، سەڵماس، تەورێزو مەراغە کە دەکەونە دەوربەری ئەو گۆلە لەمەترسی دان وبە وشک بوونی گۆلی ورمێ هەموو ئەو زەوییە پڕ پیت وبەرەکەتانە دەبنە کەویرو شۆرەکات و دانیشتوانی بەشێکی هەرە زۆری شارو گوندکانی دەوروبەری، ژیانیان دەکەوێتە مەترسی و ناچار دەبن ناوچەکە چۆل بکەن.

لە هەلومەرجی ئێستادا پێویستە دانیشتوانی دەوروبەری ئەو دەریاچە بە یەکگرتوویی و کۆدەنگی زەخت وگوشار بخەنە سەر کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و ناچاریان بکەن بۆ ئەوەی فریای گۆلی ورمێ بکەون و ئەو ئەو سامانە سروشتییە لە وشکبوون رزگار بکەن.



**پێویستە دانیشتوانی دەوروبەری ئەو دەریاچە بە یەکگرتوویی و کۆدەنگی زەخت وگوشار بخەنە سەر کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و ناچاریان بکەن بۆ ئەوەی فریای گۆلی ورمێ بکەون**

# کوژران بە چ تاوانێک و لە پێناو چی دا؟

عەلی بداغی

لە نیوەی یەکەمی یەکەم مانگی بەهاری ئەمساڵ دا لانیکەم ٥ کەس لە کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران و زیاتر لە ٦ کەسیش بە تەقەی ئەو هێزانە بریندار بوون و بایی زیاتر لە چەند سەد میلیون تمەنیش باری کاسبکاران، کە لە پارچەو سیگارو چایی و شەکرو مۆبایل و LCD ی پێک هاتوون، لەلایەن ئەو هێزانەوە دەستیان بە سەر داگیراوەو بە تاڵان چوون.

ئەوە لە حاڵێک دایە کە میدیاکانی کوردستان و ناوەندەکانی چالاک لە بواری مافی مرۆڤ ئاشکرایان کردوە کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەماوەی ساڵی ٨٨ ی هەتاوی دا ١٣٣ کەس لە خەڵکی مەدەنی و کاسبکارو هەژارو دەسکورتی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانیان کوشتوەو زیاتر لە ٨٦ کەسیشیان بریندار کردوە کە ناونیشان و شوێنی کوژران و بریندار بوونی هەموو ئەو کەسانەش بە وردی باس کراون.

درێژەی ئەو رەوتە و کوشت و کوشتاری خەڵکی بێ دەرەتان و بەش مەینەتیی کوردستان لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە حاڵێک دایە کە رێژیم ئیددیعا دەکا ئەو کەسانە قاچاغچین و هێزە چەکدارەکانیان لەبەرەنگاربوونەوەی تۆڕو باندەکانی قاچاغچی و دەست بەسەر داگرتنی شمەکی قاچاغ لە رەوتی بەرگری کردن لە خۆیان دا دەستیان بۆ چەک بردوە. بەڵام بەرپرسانی رێژیم لە کوردستان باس لەوە ناکەن کە تا ئێستا چەند کیلۆ مەوادی موخەدیریان لەو بە ناو قاچاغچییانە گرتوە و ناڵێن کە دەستیان بە سەر کام چەک و چۆڵ و جۆری تەقەمەنی یان شوێنەوارو کەلوپەلی مێژوویی دا گرتوە، چونکی روون و ئاشکرایە کە ئەو بارو شتومەکەکانی ئەو کوشتارەی لە کوردستان لە سەریان وەرێ خستوە، لە شەکرو چایی و سیگارو مۆبایل و کریستاڵ و مەشرووب بەو لاوەتر ناچێ کەلە کوردستانەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران دەچن، بەڵام باجەکەی کە کوژران و بریندار بوون و ماڵوێرانکەرییە، هەر دەبێ خەڵکی کوردستان بیدەن.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەوەش ناڵێن کە لە بەرامبەر کوشتنی ئەو ١٣٣ کەس و بریندار کردنی زیاتر لە ٨٦ کەس لە کاسبکارانی کورد، ئەی زیانە گیانییەکانی هێزەکانی خۆیان چەندە بووە؟ لاشەی چەند کوژراوی هێزەکانی رێژیم لەو بەناو بەرەنگاری دژی ئەو قاچاغچییانە دا لەسەر عەرزی کەوتوون و لاشەی چەند بریندارێ هێزەکانی رێژیم براونەتە نەخۆشخانەکان؟ چونکی لە راستی دا لە بەرەی هێزەکانی رێژیم دا خوێن لە لووتی کەس نەهاتوەو وکوشتنی سەرەڕۆیانەی خەڵکی بێتاوان و بێدەرەتان و رێگەپێدان بە بەکارهێنانی چەک بە بێ هیچ رێوشوێن و یاسا و رێسایەک بۆتە مایەو هۆی چێژوەرگرتنی سادیسمانەی هێزەکانی رێژیم و خوڵقاندنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن و لەسەر پێ راگرتنی ماشێنی نیزامی و چەکداریی رێژیم لە کوردستان دا.

بەڵام خۆ ئەگەر واشی دابنێین کە ئەو هێنان و بردنی کەل و پەل و شمەکانە بۆ ئەم دیوو ئەو دیوی سنوور لەبەر ئەوەی مافی یاسایی و گومرکیی ئەوان لەبەرچاو نەگیراوە، کارێکی ناقانوونییەو، لە گۆشەنیگای تاوان ناسی و لە پێناسە قەزاییەکان دا مۆرکی قاچاغی لێ دەدرێ، ئەدی هەر بۆ بە پێی یاساو قانوون مامەڵە لە گەڵ بەرەورووبوونەوەی ئەو دیاردەیە ناکرێ؟ کامە قانوون رێگەی کوشتن و تەقەکردن لەو کەسانەی داوە کە نەک چەکیان پێ نیە، بەڵکوو لەو پەری داماوی و ناچاری داو بە قیمەتی بە گیان کڕینی هەموو ئەو نەهامەتییانە درێژە بەو کارە دەدەن؟

رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کاتێک دا ناوی قاچاغچی بە سەر ئەو کۆڵبەرانە دا دەبڕێ کە ئێران بۆتە شاڕێی قاچاغ و ترانزیتی مەوادی مەخەدیر بۆ ئورووپا، بەڵام کوا لە ساڵ دا چەند قاچاغچیی موادی موخەدیری تەیار بە چەکوچۆڵی مودێرن لە ئێران دا کوژراون؟ ئەگەر رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەی راستەقینەی شەڕ دژی دیاردەی قاچاغی! کردۆتەوە، ئەدی چی لەو «لەنگەرکە شاراوانە»ی خودی سپای پاسداران کردوەو بە کام میکانیزم چاوەدێریی فڕۆکەخانەکانی کردوە کە لەلایەن خودی ئاخوند و بێچووە ئاخوندەکان و دامودەزگا حکوومەتییەکانەوە رۆژانە بە میلیۆن تۆن کەل و پەل و شمەکی قاچاغ دێنن و دەبەن؟

ئاخۆ ئەوانە قاچاغچین یان ئەو کۆڵبەرە داماوانەی لە کوردستانێکی هەژارو ولە دواکەوتوویی ئابووری راگیراو دا، کە لە نەبوونی هیچ ژێر خانێکی ئابووری و گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی رۆژانە بە هاتوچۆی سەرسنوور بژێوی ژیان، ئەویش ژیانی مەمرەو مەژیی خۆیان و بنەماڵەکانیان دابین دەکەن و لەسەر ئەوەی کە چەند کارتۆنە سیگارێک یان چەند پاکەتە بلوور و کریستاڵێکیان بە کۆڵەوەیە، دەدرێنە بەر گوللەو دەکوژرێن؟

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێک دا پاساوی قانوونی! بۆ ئەو کوشت و کوشتارەی کاسبکاران و کۆڵبەران لە کورستان دێننەوە کە بۆ کەسی روون ناکەنەوە کە بە پێی کامە قانوون ئەو بەشە لە وڵاتی ئێران لە هەژاری و دواکەوتوویی دا راگیراوە و بەدبەختی و فەلاکەتی لێ دەبارێ؟ بە پێی کام قانوون ئەو هەمووە فەرق و جیاوازیدانانە دەرحەق بە گەلی کوردو ناوچەکانی کورستان لەچاو بەشەکانی دیکەی ئێران بە رەوا بینراوە کە بۆ نموونە لە قووڵایی ٧٠ کیلۆمیتریی هەموو ناوچەکانی کوردستان تاقە کارگەو کارخانەیەک نابینی کە ٢٠ کەس کاری تێدا بکەن، بەڵام بۆ نموونە لە نیزیک شاری زەنجانەوە( وەک یەکەم شاری نیزیک بە کوردستان) تا تاران و لەو مەودا ٦٥٠ کیلۆمیترییە دا زیاتر لە ٧٠٠٠ کارخانە تەقەتەقیانە و دووکەڵ دەکەن، بەڵام بەشی کوردی داماوو هەژار هەر لە تەقە و لوورەی تفەنگ ماوەتەوە؟!

کەواتە ریشەی ئەو دیارەیە لە کوردستان بۆ تێڕوانینی ئەمنیەتیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان و گەلی کورد دەگەڕێتەوە کە نە هێشتوویەتی ئەو بەشە لە وڵاتی ئێران رەوتی گەشەی ئابووری و مرۆیی خۆی بپێوێ و نە ئیزنی ئەوەی داوە کە کەرتی تایبەتی (بە بیانووی نەبوونی ئەمنییەت) لەو بەشە دا گیان بگرێ و سەرمایە گوزاری بکا و نە بۆ خۆشیان وەک کەرتی دەوڵەتی هیچ پڕۆژەو پلانێکیان بۆ گەشەی ئابووری و گرینگیدان بە ژێرخانی ئابووریی کوردستان داوە.

رەشە کوژی و دەست بردنە بەر هەموو جینایەتەکانیشیان لە کوردستان، بۆ تێڕوانین و نێوەڕۆکی دوژمنکارانەیان دەرحەق بە گەلی کورد دەگەڕێتەوە کە هەر لە بنەڕەت دا میللەتی کورد بە جودا لە خۆیان و بە نەیار و چقڵی چاوی خۆیان دەزانن، هەر بۆیەش لە ئەنجامدانی هیچ جینایەتێک و کردەوەیەکی دوژمنکارانە سڵ ناکەن.

**بە پێی کامە قانوون ئەو بەشە لە وڵاتی ئێران لە هەژاری و دواکەوتوویی دا راگیراوە و بەدبەختی و فەلاکەتی لێ دەبارێ؟ بە پێی کام قانوون ئەو هەمووە فەرق و جیاوازیدانانە دەرحەق بە گەلی کورد وەک ناوچەکانی کورستان لەچاو بەشەکانی دیکەی ئێران بە رەوا بینراوە کە بۆ نموونە لە قووڵایی ٧٠ کیلۆمیتریی هەموو ناوچەکانی کوردستان تاقە کارگەو کارخانەیەک نابینی کە تێی دا ٢٠ کەس کاری تێدا بکەن، بەڵام بۆ نموونە لە نیزیک شاری زەنجانەوە( وەک یەکەم شاری نیزیک بە کورستان) تا تاران و لەو مەودا ٦٥٠ کیلۆمیترییە دا زیاتر لە ٧٠٠٠ کارخانە تەقەتەقیانە و دووکەڵ دەکەن، بەڵام بەشی کوردەی داماوو هەژار هەر لە تەقە و لوورەی تفەنگ دا ماوەتەوە!**

# ناسیۆنالیزمی کورد

سامان فەقێ نەبی

لە دەسپێکی قۆناغێک کە مۆدێرنیتە وەک شەپۆلێکی هزری و ماددیی ڕۆژئاوایی پێی نایە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، تێکۆشانی کۆمەڵگا سوننەتییەکان لەم بەشەی گۆی زەوی بەو ئاقارەدا چوو کە پێویستە بە سازدانی دەوڵەت بە شێوازێکی مۆدێرن ئەرکی بونیادنانی بەجێ بگەیەنن.

لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بەو لاوە، بە مەودایەکی درەنگتر لە چاو نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بزاڤی نەتەوەیی کوردیش وەکوو دیاردەیەکی هەڵقوڵاو لە گۆرانکارییە نوێیەکان و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا بەرەبەرە بوونی خۆی لە ناو چینی بورژوای خۆجێیی و نووسەر و شاعیرانی کورد بەرجەستە دەکا.

هۆکاری وەدواکەوتنی پرۆسەی بیچم گرتنی بزاڤی ناسیۆنالیستی لە نێو کوردان دا دەتوانین بە سروشتی شاخاویی کوردستان، نەبوونی پەیوەندیی بەرفراوانی مرۆیی بە هۆی خۆدکەفایی ڕێژەیی گوندنشینان، هێژمۆنیی پێکهاتەی عەشیرەیی و پێکنەهاتنی بازارێکی بەرفراوانی ئابووری و بازرگانی گرێ بدەین.

لە هەمان دەسپێک دا ئەو کارتێکردنە نێگەتیڤ و نەخوازراوە کە ناسیۆنالیزمی پەرەگرتووی فارسی، تورکی و عەرەبی بۆ کۆمەڵگای کوردەوارییان بە دیاری هێنا، ڕۆڵ و شوێن پێی بەرچاوی لە مەڕ وەخۆوەهاتن و جموجۆڵی کوردان بۆ پاراستنی شوناس و ناسنامەی کولتوورییان جێهێشت. لە واقیع دا ڕوخساری هێرشهێنەر و پاوانخوازانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی جیران و پلانی دەوڵەتە شێوە مۆدێرن و تازە دامەزراوەکانی ئەم نەتەوانە لە پێناوی پراکتیزەکردنی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و تواندنەوە، گەلێک سەرهەڵدانی لە سۆنگەی وەڵام و کاردانەوەی کوردان بە هەڕەشەکان لێکەوتەوە.

ئاشکرایە کە وەکوو وەڵامێکی سروشتی لە بەرامبەر هێرش و سووکایەتی، ناسیۆنالیزمی کوردی ڕوخسارێکی دیفاعی ودژکردەوەیی بەخۆیەوە گرت و پێویستی ئامادەکاریی لە بەرامبەر هەڕەشەکان و بەرپەرچدانەوەی بە کۆمەڵی ئەو مەترسیانە بوو کە ناقووسی ڕابوونی نەتەوەیی لە نێو کوردان دا وەلەرزە خست و بەوچەشنە دڵەڕاوکێ و کەڵکەڵەی پاراستنی شوناس بە جۆرێک خۆی نیشان دا کە هەتاکوو ئەمڕۆکەش تەواوی بوارەکانی هزری و پراکتیکیی ژیانی مرۆڤی کوردی لە خۆوە گرتوە.

ڕوتی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سۆنگەی دوورخستنەوە و پووچەڵ کردنەوەی هێرشی ناسیۆنالیزمی زێدەخواز و هێرشبەری ئەو گەلانەی کە خاکەکەیان بە خۆیانەوە لکاندوە، تاکوو ئێستا زیاتر لە سەر بنەما عەینییەکانی سەلماندنی نەتەوە وەکوو خاک، زمان، مێژوو و ئابووریی هاوبەش پێداگری و تەرکیزی کردووە.

ڕوونیشە کە ناسیۆنالیزمی کورد لە چوارچێوەی بزاڤ گەلێکی نەتەوەیی کردەیی (بالفعل) و هێزەکی (بالقوە) تاکوو هەنووکە بوونی خۆی سەلماندوە و بە

> **ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سۆنگەی دوورخستنەوە و پووچەڵ کردنەوەی هێرشی ناسیۆنالیزمی زێدەخواز و هێرشبەری ئەو گەلانەی کە خاکەکەیان بە خۆیانەوە لکاندوە، تاکوو ئێستا زیاتر لە سەر بنەما عەینییەکانی سەلماندنی نەتەوە وەکوو خاک، زمان، مێژوو و ئابووریی هاوبەش پێداگری و تەرکیزی کردووە**

پراکتیک کردنی ئیرادە و ویستی سیاسیی نەتەوەی کوردی بە ئەرکی سەرەکیی خۆی زانیوە و لە ژێر تیشکی ئەم بنەمایە، هەوڵی داوە کە بەستێنێکی گونجاو بۆ چالاکیی و خەبات لەم پێناوەدا، مەیسەر بکا.

بەڵام ئەوەیکە ئەمڕۆکە جێگای سەرنج و مشتومڕە، ئەوەیە کە نەوەی هەڵگری بیرۆکەی ناسیۆنالیزم، پتر هۆکارە فیکری و زەینییەکان لە ناوەندی ڕاڤەی خۆی دادەنێ. ئەم نەوەیە بەم قەناعەتە گەیشتوە کە ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێ پێشەنگی دامەزراندنی سیستمێک بێ کە لە نێوئاخنیدا، تاکی کورد لە ڕوانگەی هزری و دەروونییەوە خۆی بە هاووڵاتییەکی پلە دوو دانەنێ و بایەخگەلێکی جیاواز لە حافزەی مێژوویی مرۆڤی کورد، چارەنووسی پێشهاتەکانی ژیانی لە خۆوە نەگرێ.

بەو پێیە ئەو توێژە نوێیە، خستنەڕووی چارەسەرییەک لە مەڕ سڕینەوەی هەستی نەخۆش و لەخۆنامۆی تاکی کورد و وەڵامدانەوە بە کێشە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤی کورد کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ بونیادی هزری تاکی کوردیان ئاڵۆز کردوە، لە سەرووی ئامانجە دیاریکراوەکانیان دادەنێن.

توێژی ڕووناکبیر و بەشێک لە توێژی ئاکادێمیک لە کوردستان بەو مەعریفەیە گەیشتوون کە لە دونیای سەردەم هەر شت گوتارەو گوتاریش هەموو شتێکە بۆیە توانایی بەخشین بە گوتارێکی ناسیۆنالیستی کە بەر لە هەر شتێک لە سەر چەمکەکانی مۆدێرن وەک هاووڵاتیبوون و مافی مرۆڤ و ژنان و بەها دێموکراتیکەکان تەرکیز بکا، بە بنەما و بنچینەی خەبات دەژمێردرێ تاکوو بەو شێوەیە هەبوونی زەینی مرۆڤی کورد و تارماییە هزرییەکانی پێش لە هەر شتێک لەگەڵ چەمکە مرۆڤدۆستانەکان لێک درێن و لە لایەکیتر بزاڤی نەتەوەیی وەکوو بزاڤێکی فرەلایەن تەواوی بوارەکانی کۆمەڵایەتی، فکری و فەلسەفی و دەروونیی تاکی کورد و کۆمەڵگاکەی لە خۆ بگرێ.

لە کۆتاییدا دیسان پێویستە جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە کە توێژی نوێی هەڵگری بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کورد، بزاڤی نەتەوەیی لە سۆنگەی داخواییەکانی هەڵقوڵاو لە ماناکانی سەردەم و حافزەی مێژوویی تاکی کورد پێناسە دەکەن کە لە نێویدا ئەرکی سەرەکیی بزاڤی نەتەوەیی بریتی دەبێ لە نەهادینە کردنی مێکانیزمێکی شیاو بۆ سەر لە نوێ دارشتنەوەی قەوارەی کۆمەڵایەتی و هەروەها کردنەوەی دەرگا بەرەورووی هێنانەکایە و سەقامگیر کردنی کەسایەتییەکی دیمۆکراتیک لە ناخی مرۆڤی کورددا.

# بزاڤێکی زیندوو و ئۆبژێکتیڤ
# بە ناوی بزووتنەوەی کرێکاری

## (چاوخشاندنێک بەسەر خەباتی بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا)

ئارام ئیبراهیم خاس

**بەرایی:** کرێکار وەک بەشێکی گرینگ و بنەڕەتی لە پۆتانسیەل و هێزی مرۆیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە توانایی بەرهەمهێنانی بۆ کۆمەڵگە هەیە، بە توێژێکی گرینگ و کاریگەری هەر کۆمەڵگەیەک دەژمێردرێ.

ئەو تایبەتمەندییانەو هۆکارە شوێندانەرەکانی دیکەی وەک پاڵنەری ئیدئۆلۆژیکی، هەوڵی کرێکارانی بۆ هێنانە بەرباس و گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان بەدواوەیە، کە دەبێتەهۆی ئەوە کە بزووتنەوەیەکی چالاک و یەکسانیخواز بە ناوی بزووتنەوەی کرێکاری لە گۆرەپانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دا سەرهەڵداو تا ئێستاش درێژە بە ژیان و خەباتی خۆی بدا.

بزووتنەوەی کرێکاری بەو ڕابردوو و خەباتەی لە مێژووی خۆیدا تۆماری کردوە دەکەوێتە ڕیزی بزووتنەوە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییە گەورەکان. بە درێژایی مێژوو بەشێکی زۆر لەو بزووتنەوەیە لە ژێر کاریگەری پاڵنەری ئیدئۆلۆژیکی لە چوارچێوەی کۆمۆنیستی دا ڕێک خراوەو فێرکارییە مارکسیستییەکانی کردۆتە سەرچەشن و هێڵی گشتیی سەرەکیی خەباتی خۆی.

### بزووتنەوەی کرێکاری پاش ڕووخانی بلوکی کۆمۆنیستی ڕۆژهەڵات

دوای ڕووخانی بەرەی کۆمۆنیستی ڕۆژهەڵات و هاتنە ئارای پرۆژەو پلانەکانی وەک پێکهێنانی دەوڵەتی خۆشبژێوی لە ئورووپای ڕۆژئاوا، بزووتنەوەی کرێکاری هەنگاوی نایە قۆناخێکی نوێ لە تێکۆشانەکانی خۆیەوە.

ئەو بزووتنەوەیە دوای ڕووخانی بەرەی ڕۆژهەڵات بۆ مانەوەو سەقامگیر بوونی خۆی پێویستی بە جۆرێک هەڵکردنی وشیارانە لەگەڵ سیستمی سەرمایەداریی حاکم دا هەبوو. ئەگەرچی نیئۆمارکسیستەکان بە هێنانە گۆڕێی پێناسە مرۆیی و یۆتۆپیاییەکان هەوڵیان دا ڕوومایەکی نوێ لە کۆمۆنیزم پیشان بدەن بەڵام بەم حاڵەشەوە ئەو بزووتنەوەیەی کە لەسەر دەستی پرۆلتاریا گەشەی سەندو ئیمپراتۆریی سۆسیالیستی دامەزراند، دوای ڕووخانی سیستمی کۆمۆنیستی تووشی جۆرێک وەستانی کاتی هات. ئیدی پێناسە ئۆرتۆدوکسییەکانی کرێکاری وەک هێزی کار، بایەخی زێدە، سەرمایەدارو،... وەک پێشتر باویان نەمابوو و بگۆڕێکی دیکە بە ناوی دێموکراسی لە هاوکێشەکاندا هاتبووە بەرباس و لە هەوڵی گرتنەوەو پڕکردنەوەی شوێنی خەباتی چینایەتی دابوو و بەرەبەرە تیۆردارێژەرانی جیهانی ڕۆژئاوا هەر لە زۆڕنای فەوتانی ئیدئولۆژییەکان و کۆتایی مێژوویان دەتووڕاند.

بەڵام بزاڤی کرێکاری بە مامڵەی دروستی خۆی لەگەڵ ڕووداوەکانی دوای شەڕی سارد، قۆناخی خۆی تێپەڕاندو توانی ببێ بە یەکێک لە بزووتنەوە شوێندانەرەکانی کۆمەڵگە.

ئەگەرچی بارودۆخی ئەو بزاڤە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا بە سەرنجدان بە چۆنێتیی پێبەندیی ئەو وڵاتانە بە بنەما یەکسانیخوازەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و قانوونە عادڵانەکانی کار، وەک ٤٨ کاتژمێر کار لە حەوتوودا یان سیگۆرتا (بیمە کردن) و مافی پێکهێنانی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان جیاوازە. بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەک سوئێد کە خاوەن ئابووری و خۆشبژێوییەکی بەرزە، بزووتنەوەی کرێکاری لە خۆشبینانەترین حاڵەت دا خۆی لە چوارچێوەی هێندێک دامەزراوی زەردی سەر بە دەوڵەت دا دەردەخا، کە ئەم بابەتەش ڕاستکەرەوەی ئەم وتەیەی خاتوو «ڕایادو نایفسکا»یە کە دەڵێ: «ئێستا کرێکاری جیهانی یەکەم لە سیستمی لیبراڵی و ئابووریی بازاری ئازاد دا باسکی بەهێزی کاپیتالیزمە بۆ چەوساندنەوەی کرێکارانی جیهانی سێیەم».

لە حاڵێکدا هەر ئەم بزووتنەوەیە لە وڵاتێکی دیکەو لە شوێنێکی دیکەی جیهان دا لە ئورووپای ڕۆژئاوا جیاوازە و ڕەنگە لە چوارچێوەی دامەزراوێکی نهێنی، شۆڕشگێڕو یان توندوتیژ خۆی دەرخا.

### بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران)

بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی دەرناکەوێ.

دواکەوتوویی کوردستان لە باری پیشەیی و ئەمنییەتی بوونی کوردستان لە ڕوانگەی حکوومەتە داگیرکەرەکانەوەو میلیتاریزە بوونی ئەم بەشەو نەبوونی کار لە کارخانەی پیشەیی بە کردەوە بواری پێکهێنانی پرولتاریای ـ کرێکاری پیشەیی ـ لە کوردستان دا نەدەرەخساندو بەشێکی زۆری کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران دا خەریک کارو چالاکی بوون. وێڕای ئەوەی کە بەشێکیش لەو هێزە هەر لە نێوخۆی کوردستان دا خەریک کاری کشت و کاڵ و ئاژەڵداری بە شێوازی نەریتی بوون.

پێکهاتەی نەریتیی کۆمەڵگەی کوردستان و گەشە نەکردنی ئابووریی پیشەیی لەو ناوچەیەدا بوو بە هۆی ئەوە کە خەباتی چەکداری پارتە ئیدئۆلۆژیک ـ مائوئیستەکانیش وەک «ئانتۆنی گرامشی» دەڵێ نەتوانن فێرکارییە مارکسیستی و کۆمۆنیستییەکان وەک فەرهەنگ ڕاگوێزنە کۆمەڵگەکانیانەوەو دەسکەوتێکی ئەوتۆشی نە بۆ خۆیان و نە بۆ کرێکارەکانی کوردستان بەدواوە نەبوو.

بەڵام بە هاتنە کایەی دروشمی «خەبات لە کارگەکان دا» لە ساڵی ١٣٦٧ لە لایەن هێندێک لە ڕەوتەکانەوە، یەکەمین نیشانەکانی لە دایک بوونی بزووتنەوەی کرێکاری وەک بزاڤێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی کە هەنووکە بە بەشێکی گرینگی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان دەژمێردرێ وەدیار کەوت.

ئەو بزووتنەوەیە لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ١٣٧٠ی هەتاوی دا خۆی ڕێکخست و لە ماوەیەکی کورت دا توانی بە پێکهێنانی سەندیکاکان، یەکیەتی و دامەزراوە سەربەخۆو سینفی و کرێکارییەکان پەرە بستێنێ و لە هەموو کارگەکان و کوورەخانەکان و.. هتد زمانحاڵی ڕاستەقینەی توێژی کرێکار بێ و داواکانی چینی کرێکار لە زمانی کرێکار بێنێتە گۆڕێ.

ڕێبەرە پراکتیکییەکانی بزاڤی کرێکاری لە ماوەیەکی کورت دا لە نێوخۆی کوردستان کارگەکانیان کردە سەنگەری سەرەکیی خەبات. کوردستان ئەم جارەش وەک یەکەمین و دوایین مەتەرێزی خۆڕاگری و خەبات وەک هەمیشە پێشەنگی ئەم گۆڕەپانەی خەبات بوو و بە فیدا کردنی تێکۆشەرانی هێژای وەک «جەماڵ چراخ وەیسی» ئەو ڕاستییەی سەلماند. تێکۆشانی بێپسانەوەی کرێکاران لە کوردستان نیشانەی ئەم ڕاستییەیە کە بزووتنەوەی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی چالاک و زیندوو، ڕێکخراوەو خاوەن بەرنامەو پلانی تایبەتە بۆ پێشخستنی خەباتەکەی و بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ و بێ ئەوەی بە هیچ جۆرێک لە بەرانبەر سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکانی ڕێژیم دا سەر دانەوێنێ. دامەزراندنی سەدان سەندیکاو ڕێکخراوو ئەنجومەن و شووڕاو دامەزراوی سەربەخۆی کرێکاری کە وەک ئەڵتێرناتیڤی پووچەڵکەرەوەی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی وەک «خانەی کرێکار» کە بە شێوەیەکی دەسکردو ساختە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە پێک هاتوون، نیشاندەری ئەو بزاڤە مەزنە کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەیە کە شانبەشانی بزووتنەوەی کرێکاریی سەرانسەری ئێران ڕێگەی پێواوەو یەکێک لە کۆمەڵە بنەڕەتی و پتەوەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران بووە.

کۆماری ئیسلامییش لەم نێوەدا لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک بۆ بە لاڕێدا بردنی بزووتنەوەی کرێکاری لە هێڵە گشتییەکەی کەمتەرخەمی نەکردوە. بەڵام ئەو کات گرنگیی ئەو بزووتنەوەیەو لێهاتوویی و لێزانیی ڕێبەرەکانیمان بۆ دەردەکەوێ کە بزانین بزووتنەوەی کرێکاری وەک هەموو بزووتنەوە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات دا پشتی بە هێزی چینی کرێکاری ئێران و کوردستان بەستوەو سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگەی سەر ئەو بزووتنەوەیەو چالاکانی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، توانیویەتی داوا ڕەواکانی خۆی لە ئاستی ئێران دا بێنێتە بەرباس و تەنانەت بیگەیەنێتە گوێی خەڵکی جیهانیش.

### لەمپەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان

ئەگەرچی دۆخی ئاڵۆزی ئابووریی ئێران، سەرنج نەدانی دەوڵەت بە کوردستان و نەبوونی پرۆژە سەنعەتییەکان و نەڕەخساندنی هەلی کار بۆ هێزی بەرینی کارو لاوانی کوردستان، حەقدەستی کەمی کرێکاران کە زۆربەشیان لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین، نەبوونی سیگۆرتا (بیمە)، ساعاتی کاری زۆری ڕۆژانە، نەبوونی ئەمنییەتی گیانی بۆ کرێکاران لە کاتی کار کردندا، گرێبەستەکانی واژۆی سپی، داخرانی کارگەکانی بەرهەمهێنان بێ هیچ هۆکارێکی پاساوهەڵگرو دەرکردنی دەیان و بگرە سەدان کرێکار بێ ئەوەی خاوەن هیچ پشتیوانییەکی شوغلی و ئابووری بن، دیاردەی کرێکارانی وەرزی کە لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی کرێکارێکی ئاسایی بێبەشن، کێشەکانی پێوەندیدار بە دامەزراندنی ژنانیش کە لەو بابەتەی ئێمەدا ناگونجێ و سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی باسمان کردن، گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانی کردنەوە بگرە تا، تیرۆرو هەڕەشەو تۆقاندنی چالاکانی کرێکاری، کاری ئەو بزووتنەوەیەی دژوار کردوەو کۆسپ و تەگەری زۆری خستۆتە بەردەم ئەو بزاڤە.

**ئاکام:**

بەڵام بەو حاڵەشەوە لەسەر ئەم بڕوایەم کە بزووتنەوەی کرێکاری، ڕاستییەکی ئۆبژێکتیڤە کە وەک بەشێک لە خەباتە مەدەنییەکانی خەڵکی کوردستان دەتوانین و دەبێ لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بە شێوەیەکی کاریگەر کانالیزە بکرێو لە خەبات دژی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی دا کەڵکی لێ وەرگیرێ. پارتە سیاسییەکانی کوردستانیش ـ چ چەپ و چ ڕاست ـ دەبێ گرینگی بەو بزووتنەوەیە بدەن و کەڵک لە پوتانسیەل و هێزە مرۆییە مەزنەکەی وەرگرن و تەنیا بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی لە پێشدا نووسراو لە ساڵوەگەڕەکانی وەک ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا ڕازی نەبن. چونکی موتوربە کردنی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەسپێکی پرۆسەی نوێی خەباتە.

# ئەرکێکی گرنگی بایەخپێنەدراو

## (بە بیانووی بڵاوبوونەوەی کتێبی «لە کەشکۆڵی پێشمەرگەوە»)

قادر وریا




مرۆڤ کە لە وڵاتێکی دیکتاتۆرلێدراو دا پێی نایە نێو تێکۆشانی سیاسی و خەباتگێڕانەو، لە ژێر زەبروزەنگ و هەڕەشەو پەلاماری هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتێکی دژی گەلی و خوێنڕێژدا، ئەرکی نیشتمانپەروەرانەی بەڕێوە برد، هەر ساتێک لە ژیانی تێکەڵ بە مەترسی و رووداوی جۆراوجۆر دەبێ. بە تایبەتی ئەگەر ئەم مرۆڤە خەباتکارە، وەک پێشمەرگەو وەک کادرێکی بواری رێکخستن، لەو شوێن و ناوچانەدا کە دوژمن بەسەریان دا زاڵە، چالاکی سیاسی، نیزامی و تەشکیلاتیی بەڕێوە ببا، مەترسی و کارەسات و بارودۆخی دژوار، لەگەڵ چارەنووسی گرێ دەدرێ و لێی دانابڕێن.

لە رەوتی خەباتێکی درێژخایەن دا کە نێوەندی شارەکان، قووڵایی ناوچەکان، بەرزایی چیاکان و دەروونی بەندیخانەکان، هەر یەکەی دەبن بە گۆڕەپانی بەربەرەکانیی تێکۆشەران و شۆڕشگێران لەگەڵ دوژمنان و زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی خەڵک، هەزاران قارەمانەتی و سەدان حەماسە خوڵقاون. بە میلیۆنان رووداو و بیرەوەری هەن کە هەر یەکێک لەوان یەک یا چەند لایەن و رەهەندی ژیان و خەباتی خەڵکی کوردستان بەگشتی و بوێری و لەخۆبردوویی رۆڵە پێشمەرگەکانی نەتەوەکەمان بە تایبەتی، بەرهەمیان هێناون. ئەمانە، هەموویان شایانی گێڕانەوە، تۆمارکردن و لێ فێربوونن.

با ئاماژەیەک بە سەنگەری بەندیخانە بکەم. هەر مرۆڤێکی خەباتگێری خۆڕاگرو بە بیروباوەڕ کە کەوتبێتە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی و دواتر لە مەرگ رزگاری بووبێ، لە چۆنیەتیی لەدواکەوتن و گیران، لە چەندو چۆنی لێپرسینەوە (بازجویی)، لە ئازارو ئەشکەنجەدران لە نێو گرتووخانەدا، لە شێوەی خۆڕاگری و پاراستنی نهێنییەکان، لە جۆری بەناو دادگایی و حوکمدران، لەبارەی بارودۆخی جیسمی و رۆحی و لەشساغیی هاوبەندەکانی، لەسەر خەون و ئاوات و ئارەزووەکانی مرۆڤ لە نێو زنجیرو کۆت و بەند دا، لە ئەزموونی ژیان لەگەڵ مرۆڤی جۆراوجۆر لە بەندیخانەدا، لە دڕندەیی ئەشکەنجەگەران، لە چونیەتیی رووبەڕووبوونەوەی ئازادیخوازانی بە بیروباوەڕ لەگەڵ مەرگ دا و لە وەسیەت و دوا پەیامی ئەوان، بیرەوەریی جۆراوجۆری هەن. ئایا ئەو کەسانە هەرگیز بیریان لەوە کردۆتەوە کە لە رێگای گێڕانەوە، نووسین و چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەم بیرەوەرییانەیان، دەتوانن چ خزمەتێکی گەورە، بە خەباتی نەتەوەکەیان بکەن؟ ئەرێ بەراستی کەمتەرخەمی لەوە گەورەتر کە، ئەو زانیارییانەی لەبارەی خۆڕاگریی بەنرخترین رۆڵەکانی نەتەوەکەمان، تەنیا لەلای هێندێکمان هەن، بۆ ئەم نەتەوەیە ناگێڕینەوە تا، بزانن کچ و کوڕی چەندە نەتەوەپەروەرو نیشتماندۆست و ئازادیخوازیان هەبوو؟! ئەدی نەسلی ئەمڕۆو نەوەکانی داهاتوو، ئەم قارەمانە لەخۆبردووانە چۆن بناسن؟! دەبێ هەر بەندییەکی سیاسیی لە مەرگ و بەند رزگار بوو، بە ئەمانەتەوە، سەربردەی خۆی و هاوبەندەکانی بگێڕێتەوە، ئەشکەنجەگەران و «بازجو»ەکان، بەناو قازییەکان، بەندییەوانەکان و جەللادەکانی ئەم رێژیمە خوێنڕێژەو کردەوەو رەفتاریان لە قاو بدا. دەبێ بۆ کەسوکارو پاشماوەکانی گیانبەختکردووانی سەنگەری بەندیخانەو بۆ هاوبیران و هاوڕێیانی ئەو شەهیدانە بگێڕنەوە کە ئازیزانێک و هاوڕێیانێکی چەندە بەنرخیان لەدەست داوە کە پێویستە ناویان لە دەفتەری نەمران دا تۆمار بکرێ و بۆ هەتاهەتایە بە رێزەوە باسیان بکرێ.

من تەنیا ئاماژەم بە یەک بووار کرد. با بپەرمەوە بوواری خەباتی چەکداری و ژیانی پێشمەرگایەتی، ئەوەندە دیمەنی تاڵو شیرین و رووداو و حەماسەی جۆراوجۆر هەن کە لە ژماردن نایەن. هەر یەک لەو رووداوو کارەسات و حەماسانە، گۆشەیەک و چەند لایەنێک لە قۆناغە پڕشنگدارەکانی خەبات و خۆڕاگریی گەلەکەمان و رۆڵە پێشمەرگەکانی دەگێڕنەوە. دەبێ بیرەوەریی ئەو سەردەم و رووداوەکانی ئەو کات بنووسرێن تا دڕندەیی هێرشکەران و تاوان و جینایەتی ئەوان بە دژی خەڵکی کوردستان، جوامێری و بوێریی پێشمەرگەکانی ئەم گەلە لە بەربەرەکانی لەگەڵ هێزی زۆرو پۆشتەو پەرداخی دوژمن داو، هاوکاری و پشتیوانیی بێدریغی خەڵکەکەمان لە رۆڵە چەک بە دەستەکانیان، بۆ نەسڵی ئێستاو نەوەکانی داهاتوو روون بێتەوە. با بزانن نەتەوەکەیان چی بەسەر هاتوەو، رۆڵەکانی ئەم نیشتمانە، نەتەوەو وڵاتی خۆیان چۆن پاراستوەو، لەم رابردووە خوێناوی و پڕ لە فیداکارییە، دەبێ چ دەرس و ئەزموونێک وەربگرن؟

دەبێ دادنی پێدا بنێین کە لەم بارەیەوە، ئەوەندە کەمتەرخەمیمان کردوە کە لە باس کردن نایە. کتێبی «لە کەشکۆڵی پێشمەرگەوە» کە بە هەوڵ و زەحمەتی تێکۆشەری دێرین و ناسراوی کوردستان بەڕێز کاک جەلیل گادانی، ئامادە و چاپ و بڵاو بۆتەوە، هەنگاوێکە لەم بەستێنەدا. کتێبەکە ٢١٤ لاپەڕەو لە سەرەتایەک بە قەڵەمی کاک جەلیل گادانی، ٢٥ بیرەوەری و، بەسەرهاتی ژیانی سەید رەسووڵ دێهقان پێک هاتوە. بیرەوەرییەکان، لەگەڵ ئەوەی هێندێکیان لە باری ئەدەبییەوە کەم و کووڕییان هەیەو تەنانەت ژمارەیەکیان ناو یا سەردێڕێکی گونجاویان نیە، بەڵام هەرکامێکیان، چەند لایەن لە ژیانی پێشمەرگایەتی و حەماسەخوڵقێنیی ئەو هێزەو خۆشەویستیی تێکۆشەران و ئازادیخوازان لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا، نیشان دەدەن. ساتەکانی لەدەستدانی خۆشەویستترین هاوڕێکان و، ئەو کاتانەی مرۆڤ تەنیا بیر لە جێبەجێکردنی ئەرکی خەباتگێڕانەو نیشتمانپەروەرانە دەکاتەوەو هەموو شتێکی خۆی لە پێناوی دا وەلادەنێ، هەروەها زۆر دیمەنی تاڵ و شیرینی دیکەی سەردەمی خەباتی چەکداری و ژیانی پێشمەرگایەتی لە توێی بیرەوەرییەکانی نێو ئەم کتێبەدا، سەرنج رادەکێشن.

بەبۆنەی بڵاو بوونەوەی «لە کەشکۆڵی پێشمەرگەوە» دەستخۆشی لە کاک جەلیل دەکەم. داواش لە هەموو مرۆڤێکی تێکۆشەرو خەباتکاری کوردستان دەکەم، نووسینەوەی ئەو رووداوانەی بۆ خۆیان تێیان دا بەشدار بوون و لە نزیکەوە لێیان ئاگادارن، لە بیر نەکەن. چونکە ئەم نووسینانەی ئەوان ئەگەر بە ئەمانەتەوەو راستگۆیانە نووسرابن، یارمەتیی زۆری ئەو کەسانە دەدەن کە لە داهاتوودا مێژووی خەباتی ئەم نەتەوەیە، دەنووسن.

# سیناریۆکانی پێکهاتنی حکوومەت لە عێراق و پێگەی کورد

حسێن ئەحمەدپوور

نزیک بە مانگێکە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق راگەیەندراوە، لیستەو قەوارە براوەکان نەیانتوانیوە لە سەر هاوپەیمانییەک بۆ پێکهێنانی حکوومەت ساغ ببنەوە. کێشەی نێوان لیستەکان و هەروەها نزیکیی رێژەی کورسییەکانی دوو لیستی سەرەکی واتە ئەلعێراقیە بە ٩١ کورسی و دەوڵەتی یاسا بە ٨٩ کورسی بەستێنێکی لەبارتری بۆ دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکە لە کارو باری نێوخۆی عێراق دا خوڵقاندوە، بە چەشنێک کە رێبەرانی ئەو لیستانە بەر لەوەی کە لەگەڵ یەکتر بکەونە وتووێژەوە، بە پەلە روویان لە وڵاتانی ناوچەکە بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی ئەوان کرد. ئێستا بارودۆخی سیاسیی عێراق بە شێوەیەکە کە لە راستیدا بووەتە مەیدانی کێبەرکێی وڵاتانی ناوچەکەو بەتایبەت ئێران و عەرەبستانی سعوودی. ئێران بۆ پشتیوانی لە شیعەکان و عەرەبستانیش بۆ پشتیوانی لە سونییەکان. لەم نێوەشدا تورکیەش رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ و زیاتر هەوڵ دەدا پێگەی کەسایەتییە نەتەوەخوازەکانی نێو شیعە و سونییەکان بەهێز بکاو لەو رێگەیەوە پێگەی کورد لە عێراق لاواز بکاو پێش بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد بگرێ.

بەشێک لە چاوەدێرانی سیاسیی عێراق لە سەر ئەو باوەڕەن بە دوای هەڵبژاردنەکانەوە رۆڵی وڵاتانی دراوسێ لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا زیاتر بووەو هۆکاری ئەوەش بۆ گۆڕینی ستراتێژیی ئەمریکا لە عێراق دەگەڕێننەوە، کە بە رای ئەو چاوەدێرانە ئەمریکا چونکە لە لایەک لە بەرنامەی دایە تا کۆتایی ئەمساڵ - وەک چۆن ئۆباما بەڵێنی دابوو - بەشێکی بەرچاوی هێزەکانی خۆی لە عێراقدا بکشێنێتەوەو لە لایەکی دیکەوە ناتوانێ لە کورت ماوەدا نفووزو هێژمۆنیی ئێران لە نێو گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی شیعەدا کەم بکاتەوە، هەر بۆیە ناچار بە گۆڕینی ستراتێژیی خۆی لە عێراق بووەو بۆ راگرتنی باڵانس رێگەی بە عەرەبستان و تورکیە داوە لە بەرامبەر ئێراندا رۆڵ ببینن. دەستێوەردانی ئەو وڵاتانە بەتایبەت ئێران و عەرەبستان لە عێراق، دەستێوەردانێکی ئاسایی نیەو زۆر ستەمکارانەو بێ بەزەییانەو لە هەموو ئاستەکاندا رۆڵ دەبینن و پەنا بۆ هەموو ئامرازو رێگەیەک دەبەن. لە بڕیارەکانی پارلمان و دیاریکردنی پاڵێوراوی سەرۆکایەتیی حکوومەت و وەزیرەکانەوە بگرە تا دەگاتە یارمەتی کردن و دروست کردنی گرووپی توندڕەوو تیرۆریستی. بۆ نموونە زنجیرە تەقینەوەکانی ماوەیەک لەمەوبەری بەغداو شارەکانی دیکەی عێراق لە لایەن هێندێک کەسەوە وەکوو هەڕەشەی عەرەبستان لێک دەدرایەوە کە ئەگەر لایەنەکانی دیکە رازی بە پێکهێنانی حکوومەت لە لایەن لیستی ئەلعراقییەوە نەبن، ئەوا عێراقی ٤ ساڵی داهاتوو خوێناویتر لە رابردوو دەبێ و هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تەقینەوانە دا هێندێک کەسی دیکە کۆماری ئیسلامییان تاوانبار کرد.

جیا لە دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری نێوخۆی عێراق کە پرۆسەی سیاسی لەو وڵاتەدا گەیاندۆتە ئاستێکی مەترسیدار، ناکۆکی و بەرژەوەندی دژبەیەکی قەوارەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی عێراقیش لە ئاستێک دایە کە قبووڵکردنی یەکتر و پێکەوە سازان و رێککەوتنی نێوان لایەنەکان ئەستەم دێتە بەرچاو. هەرکام لە لیستە براوەکان نوێنەرایەتیی ناوچەو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینیی عێراق دەکەن. لیستی عێراقییە ئەگەرچی لە لایەن کەسێکی شیعە، بەڵام بە رواڵەت سێکۆلارەوە رێبەری دەکرێ بەڵام نزیک بە ٨٠ لە سەدی دەنگەکانی هی خەڵکی عەرەبی سوننی بوون. ئیئتلافی نیشتمانیی عەممار حەکیم و موقتەدا سەدریش لە بەسرەو پارێزگاکانی باشووردا زۆرینەی دەنگەکانیان هەبوو و دەوڵەتی یاساش لە بەغداو پارێزگا شیعەنشینەکانی نێوەراست دا دەنگی هێناوەتەوەو لیستە کوردییەکانیش تەنیا دەنگی کوردو دانیشتووانی کوردستانیان پێدراوە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخا کە هاووڵاتیانی عێراق بەر لەوەیکە ئینتیمای نیشتمانی و عێراقییان هەبێ، ئینتیمای ئایینییان هەیە، یان وەکوو کورد ئینتمای نەتەوەییان هەیە. تەنانەت باس لەوە دەکرێ کە ئێستا لە پارێزگاکانی باشووردا بەتایبەتی لە بەسرە مەیل بە جیابوونەوە و دابەشکردنی عێراق زیادی کردوەو متمانە بە بەغدا لای هاووڵاتیان لاواز بووە. لیستی عێراقییەش کە وەک وترا نوێنەرایەتیی زۆرینەی عەرەبی سوننی دەکا، لەو ماوەیەدا بە چەندین جار هەڕەشەی کردوە کە ئەگەر ئەوان حکوومەت پێک نەهێنن و لیستەکانی دیکە بە دژی عێراقیە هاوپەیمانی ببەستن، ئەوا دەبێ چاوەڕوانی شەڕی ناوخۆیی و پەرەسەندنی نائەمنی بکەین.

ئەوەی تا ئێستا باسی کرا وێنەیەکی گشتی لە بارودۆخی سیاسیی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٧ی مارسی ئەمساڵەوەیە. بە پێی ئەم بارودۆخە دەبێ ئاسۆ و دوورە دیمەنی پرۆسەی سیاسیی عێراق چۆن بێ؟ ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین زۆر بە کورتی بپڕژێینە سەر ئەم بابەتە.

لە عێراق دا کە ئەمریکاو رۆژئاوا چاوەڕوانی لێدەکەن لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا ببێتە نموونەو مۆدێلێک لە دێموکراسی بۆ وڵاتانی ناوچەکە، کلتووری دێموکراتیک لە نێو تاکەکانی کۆمەڵ و لە نێو رێکخراوە سیاسییەکان و رێبەرانی سیاسی دا زۆر لاوازە. لە عێراقی ئێستادا متمانە لە نێوان لایەن و قەوارە سیاسییەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان دا زۆر لاوازە و یان هەر بوونی نیە. لەم عێراقەدا هەمووان لە دەسەڵاتی داهاتووی بەغدا دەترسێن و هەموانیش ئەگەر لە دەسەڵاتی داهاتوودا جێگەیان نەبێ، ئەو دەسەڵاتە بە دەسەڵاتی خۆیان نازانن. هەر بۆیە دیاریکردنی سەرۆک وەزیران کارێکی زۆر ئاستەمەو بە پێی رای زۆر لە چاوەدێران پێکهێنانی حکوومەت تا دوو مانگی دیکە دەخایەنێ.

**سیناریۆکانی پێکهێنانی حکوومەت و پێگەی کورد**

١- لیستی ئەلعێراقییە لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانی (یان بەشێک لەو ئیئتیلافە کە کورسییەکانی عەممار حەکیم بێ) و کورد دا پێک دێ. ئەیاد عەلاوی دەبێتە سەرۆک وەزیران، بەڵام زۆربەی وەزارەتە گرینگەکان وەبەر شیعەو تا رادەیەکیش کورد دەکەون. لەم حاڵەتەدا سوننییەکان جیا لەلایەن هێندێک وەزارەت زیاتر هەوڵ دەدەن بەدەنەی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان (کە زۆر گرینگن) وەدەست بێنن.

ئەم دەوڵەتە لە وڵاتانی عەرەبی بە تایبەت سعوودی و تا رادەیەکی زۆریش تورکیەو ئەمریکا پشتیوانی لێ دەکرێ و لە هەمان کاتیش دا لە لایەن ئێرانەوە دژایەتی دەکرێ. ئێران تا بتوانێ رێگری لەم سیناریۆیە دەکاو ئەگەر نەتوانێ پێشی پێبگرێ ئەوا دوواتر هەوڵی شکست پێهێنانی دەداو ئەوەش کارێکی زۆر ئاسانە. چونکە ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لە پارلمان دا دەبێ. بۆ شکست هێنانی ئەم کابینەیەش کوردەکان رۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن. شایەد باشترین حاڵەت بۆ کورد سەرگرتنی ئەم سیناریۆیە بێ، چونکە بە هۆی رۆڵی یەکلاکەرەوەیان کارتی فشاری بەهێزیان لەبەردەست دایەو دەتوانن لە رێگەی فشارەوە بۆ سەر عەلاوی داخوازەکانیان جێبەجێ بکەن. هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم سیناریۆیە دا، ئەم دەوڵەتە زۆر دەوڵەتێکی لاواز دەبێ و پاش ماوەیەکی کورت تووشی کێشەی گەورە لە بەڕێوەبردنی وڵات دا دەبێتەوە.

٢- سیناریۆی دووهەم ئەوەیە کە دەوڵەت لە لایەن دەوڵەتی قانوون و عەممار حەکیم و کوردەوە پێک دێ و مالیکی یان کاندیدێکی دەوڵەتی قانوون دەبێتە سەرۆک وەزیر. ئەم دەوڵەتە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی لێ دەکرێ. ئەگەری سەرگرتنی لە سیناریۆی یەکەم زیاترە و ئەگەری شکست هێنانیشی کەمترە. بەڵام دیسانەکەش دەوڵەتێکی بەهێز نابێ. لەم سیناریۆیەدا کورد لە گەیاندنی مالکی بە سەرۆک وەزیری رۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێ، چونکە سەدرییەکان لە ئیئتیلافی نیشتمانی بە هیچ شێوەیەک متمانە بە مالکی ناکەن و لە حکوومەتی مالکی دا ئەگەری زۆر لاوازە کە بەشداری بکەن.

لەم حاڵەتەش دا ئۆپۆزیسیۆنێکی بە هێز لە پارلماندا بوونی هەیە کە پشتیوانی دەرەکی زۆری هەیە. کوردیش ئەگەر بێتو لەگەڵ مالکی تووشی کێشە بێ، ئەگەری لەگەڵ کەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی بە هێزە و لەو حاڵەتەش دا دەوڵەت مەشرووعییەتی لە دەست دەدا.

ئەم دەوڵەتە گەورەترین کێشە کە هەر لە سەرەتاوە رووبەڕووی دەبێتەوە، پەرەسەندنی نائەمنییە. ئەمەش شتێکی زۆر پێشبینی کراوە و بەلای ئەمریکاشەوە زۆر گرنگە بۆیە پشتیوانی ئامریکاو رۆژئاوای نیە.

٣- هەموو لیستەکان جیا لە کوردەکان لە ناوخۆیاندا کێشە و ناکۆکییان زۆرە و ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەگەر بێتو پێکهێنانی حکوومەت ماوەیەکی زۆر بخایەنێ، ئەم لیستانە لەبەریەک هەڵوەشێنەوە. لەم حاڵەتەدا لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی کە لە دوو لایەن پێکهاتووە، لایەنی عەممار حەکیم رۆڵی سەرەکیی دەبینێ. ئەم لایەنە لەگەڵ هەردوو لیستی سەرەکی عێراقیەوە دەوڵەتی یاسا کێشەیەکی ئەوتۆی نیەو پێوەندییەکی باش و مێژوویشی لەگەڵ کوردا هەیە. ئەم حکوومەتە لە رووی ناچارییشەوە بێ لەگەڵ دژایەتی لایەنە دەرەکییەکان رووبەڕوو نابێتەوە.

٤- سیناریۆی چوارەم پێکهێنانی حکوومەتێکی بنکە فراوانە بە بەشداریی سەرجەم لایەنە براوەکان. لەم سیناریۆیەدا ئەو ئەگەرە بەهێز دەبێ کە پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران لە نێوان دوو لیستی دەوڵەتی یاسا و ئەلعراقیەدا هەر کام بۆ ماوەی ٢ ساڵ ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێ. ئەم دەوڵەتە لە رووی پشتیوانیی نێو دەوڵەتییەوە کێشەی زۆر نابێ، بەڵام لە رووی بەڕێوەبەریی وڵاتەوە زۆر لاواز دەبێ. چونکە بە هۆی ناکۆکییەکانەوە، لایەنەکان دژ بەیەک کار شکێنی دەکەن. ئەم سیناریۆیە ناتوانێ بە قازانجی کورد تەواو بێ، چونکە عەرەبەکان بە شیعە و سوننییەوە دەتوانن لە بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی کورددا کۆک بن، بە تایبەت لەم دەوڵەتەدا پێویستی بە رۆڵی کورد کەمتر هەیە. بۆیە بە باوەڕی من کورد تا دەتوانێ دەبێ پێش بە سەرگرتنی ئەم سیناریۆیە بگرێ.

ئەم سیناریۆیە ئەگەری سەرگرتنی لە سیناریۆکانی دیکە زیاترە، چونکە: یەکەم، پشتیوانیی گەورە پیاوانی ئایینی شیعە وەکوو سیستانیی هەیە. دووهەم ئەگەر بێتوو کێشەکانی بەردەم پێکهێنانی حکوومەت ماوەیەکی زۆر بخایەنێ، لایەنی دەرەکییش ئەگەری زۆرە لە سەر ئەم سیناریۆیە رێک بکەون.

لە کۆتاییدا ئەوەندەی پێوەندی بە کوردەوە هەیە، کورد دەتوانێ رۆڵی چارەنووس ساز لە پێکهێنان یان شکست هێنانی حکوومەت دا بگێڕێ، کورد توانای فشار هێنانی بۆسەر بەغدا زیاتر دەبێ. تەنانەت وێدەچێ بتوانێ لە ٤ ساڵی رابردوو زیاتر قورسایی خۆی لە بەغدا بنوێنێ. لە سیناریۆی چوارەم دا پێچەوانەی ٣ سیناریۆکەی دیکە کورد لاوازتر لە جاران دەبێ و ئەگەری پشت گوێ خستنی مافەکانی کورد زیاتر دەبێ. بۆیە خراپترین حاڵەت بۆ کورد پێکهاتنی حکوومەتی بنکە فراوانە.

# «محەممەد ڕەزا ڕەحیمی» هێمای گەندەڵیی ئابووری لە کۆماری ئیسلامیدا

مەنووچێهر ئاتەش پووش

یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکان کە دەبێتە هۆی نەبزووتن و پێشنەکەوتنی وڵاتان و کۆمەڵگەکان، گەندەڵیی ئابوورییە . گەندەڵیی ئابووری دەتوانێ هەڕەشەیەک بۆ سەر سیستەمی سیاسی و ئابووریی و مەتمانە پێکراویی حکوومەت بێ. بە واتایەکی دیکە، گەندەڵی، کەڵکوەرگرتنی خراپ لە دەسەڵاتی حکوومەتی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی تاکەکەسییە.

گەندەڵیی ئابووری و ئیداری، وەکوو هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بە هەندێ هۆکار و پرۆسەی ئاڵۆزەوە بەستراوەتەوە و لە ڕوانگەیەکی بەربڵاوتر دا هۆکارە دەروونی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی و .. هتد لە خۆی دەگرێ.

یەکێک لەو سیستەمە سیاسییانەی کە لە ٣٠ ساڵی رابردوو دا، گەندەڵیی ئابووریی بە زەقی تێدا وەبەرچاو کەوتووە، نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە و ئەو دیاردەیە تەنیا لە ئاستەکانی خوارەوەی سیستەم و حکوومەت دا نەبووە، بەڵکوو گەورە کاربەدەستان و کەسانی ناسراوی ئەو حکوومەتە، گەندەڵترینی ئەو کۆمەڵگایە بوون .

هەر چەند زۆر جار گەندەڵیی مل ئەستوورەکانی کۆماری ئیسلامی لە قاو دراون، بەڵام دوای ماوەیەک بینراوە کە ئەو کەسانە نە تەنیا سزا نەدراون یان لەسەر کارەکەیان لانەبراون، بەڵکوو خێرا دەسەڵاتێکی زیاتر و پۆستێکی هەستیارتری حکوومەتییان پێ دراوە و قسەی لە جاران زلتریان کردوە.

دوایین نموونەی گەندەڵیی ئابووریی ئێران، لە نێو خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا و لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە قاو درا.

ڕۆژی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩، «ئەلیاس نادران» نوێنەری تاران لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی، بۆ یەکەم جار و لە پێش چاوی میدیاکانی نێوخۆی ئێران، ئاشکرای کرد کە «محەممەد ڕەزا ڕەحیمی» جێگری یەکەمی مەحموود ئەحمەدینژاد یەکێک لە ئەندامانی سەرەکیی باندی گەندەڵیی ئابووریی ناسراو بە «بازنەی شەقامی فاتمی»یە و راشیگەیاند کە سەرجەم ئەندامانی ئەو باندە جگە لە محەممەد ڕەزا ڕەحیمی قۆڵبەست کراون و نارەزایەتی خۆی سەبارەت بە چاوپۆشی لەو تاوانەی «ڕەحیمی» لە لایەن دەزگای قەزاییەوە دەربڕی.

هەرچەند دوای ئەو لەقاودانەی «ئەلیاس نادران» نوێنەری تاران لە مەجلیس، محەممەد ڕەزا ڕەحیمی و ئیسفەندیار ڕەحیم مەشایی و ڕاوێژکارانی دیکەی ئەحمەدی نژاد نارەزایەتیی خۆیان لەو وتانەی نوێنەری تاران دەربڕی، بەڵام بەڵگەکان نیشان دەدەن کە هەموو گەندەڵیی و پارەوەرگرتن و ڕاگواستن و دابەشکردن لەو باندە دا، بە واژۆی محەممەد ڕەزا ڕەحیمی ئەنجام دراوە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە مانگێک پێشتریش، ٢١٦ ئەندامی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە نامەیەکی سەرئاوەڵا دا بۆ «لاریجانی»، وێڕای ئاماژەکردن بە گرتنی ئەندامانی باندێکی «گەندەڵیی ئابووری» ڕایانگەیاندبوو کە چەند کەسێک لەو پەروەندەیەدا ناویان هاتووە کە بڕیاردەری سەرەکی لەو باندە دابوون، بەڵام هێشتا نەگیراون.

دوای لە قاودرانی ڕۆڵی «محەممەد ڕەزا ڕەحیمی» لەو باندە گەندەڵەدا، ژمارەیەک لە ئەندامانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی داوایان کردوە کە لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە بکرێ کە دراونە پاڵ «ڕەحیمی»، بەڵام تا ئێستا ئەو بابەتە بێدەنگەی لێ کراوە و نیزیکانی ئەحمەدی نژاد و ڕەحیمی، بە هێنانە گۆڕی ئەو بابەتە کە ئەوانە دەیانەوێ بوختان بۆ کابینەی ئەحمەدی نژاد هەڵبەستن، هەوڵی لەنێوبردنی دۆسیەی ئەو گەندەڵییە چەند میلیارد تمەنییەیان دا.

## محەممەد ڕەزا ڕەحیمی کێیە و بیر لە چی دەکاتەوە؟

محەممەد ڕەزا ڕەحیمی، جێگری یەکەمی ئەحمەدی نژاد، ڕەمزی هەلپەرستی و بێ بڕوایی دەوڵەتی ئێستایە . بە چاولێکردن لە کارنامەی ڕەحیمی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەریی و سیاسی دا، لایەنە نەخۆش و ئاڵۆزەکانی پێکهاتەی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ.

ڕەحیمی لە دایکبووی شاری قوروەی پارێزگای سنەیە و باوکی تورک زمان و دایکیشی وەکوو هاوسەری چوارەمی باوکی، لە دایکبووی یەکێک لە گوندەکانی قوروە و سوننی مەزهەب بووە.

ناوبراو لە سەرەتاکانی شۆڕشی ٥٧دا لە لایەن پارێزگای سنەوە وەک بەخشداری شاری دێولان دیاری کرا و پاشان چووە ڕیزی بەربژێرانی هەڵبژاردنەکانی «مەجلسی شۆرای ئیسلامی»یەوە و توانی ببێتە نوێنەری شارەکانی دێولان و قوروە و سریشاوا لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا.

ڕەحیمی توانی لەو ماوەیەدا، لە گۆڕینی پێکهاتەی سیاسی و ئەمنیەتیی ئەو پارێزگایە دا ڕۆڵی هەبێ.

یەکەمین ڕووداو لەو ساڵانەدا تێکهەڵچوونی دەروێشەکانی «شێخ هادیی هاشمی» لەگەڵ گرووپێک لە ناڕازییانی شیعەی سریشاوا بوو، نوێنەری خومەینی دەیەویست ئەو کێشەیە چارەسەر بکا بەڵام ڕەحیمی نەیهێشت . ناوبراو بوو بە هۆی هاندانی شیعەکانی قوروە دژی شێخ حوسێن و دواتر ناردنە دەرەوەی شێخ هادی لە ئێران . ئەو کێشەیە بوو بە هۆی ئەوەکە چەند ساڵ لە شاری قوروە مەسەلەی شیعە و سوننی بێتە گۆڕێ و تا دەهات پتر کێشەی لێ دەبۆوە. هەر لە دەیەی ٦٠ دا ژمارەیەک لە لایەنگرانی حیزبە کوردییەکان لە قوروە بە بێ دادگاییکران سزا دران و لە دەرەوەی شار ئیعدام کران. دەگوترێ ڕەحیمی لەو کوشتارەدا ڕۆڵی هەبووە، بەڵام بکەرانی ئەو جینایەتەش ئێستاش نەزانرا کە کێ بوون و چیان لێ هات.

محەممەد ڕەزا ڕەحیمی لە ڕەوتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس دا خۆی بە کوڕە کورد پێناسە دەکرد و توانی لەو ڕێگەوە دەنگی خەڵک کۆ بکاتەوە و لە هەڵبژاردنانەکاندا سەرکەوتن بە دەست بێنێ.

ناوبراو پاش بە ناو نوێنەرایەتیکردنی شارەکانی دێولان و قوروە و سریشاوا لە «مەجلسی شوورای ئیسلامی»دا جارێکی دیکە بە هەمان شوناسی ساختەیی کوردییەوە وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی شارەکانی سنەو کامیاران و دیواندەرە لە مەجلیسدا مایەوە.



لە ساڵی ١٣٧٢ وەزارەتی نێوخۆی کابینەی دووهەمی ڕەفسەنجانی بە هۆی ڕاسپاردنی سەرکۆمارەوە، محەممەد ڕەزا ڕەحیمی وەکوو پارێزگاری سنە دیاری کرد و ڕەحیمییش هەتا هاتنە سەرکاری باڵی ریفۆرمخوازی دەسەڵات لەو پۆستەدا مایەوە و، هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی بۆ سەلماندنی خۆشخزمەتی بە ڕەفسەنجانی و هەروەها مسۆگەرکردنی کورسییەکانی سەرەوەی دەسەڵات خستە گەڕ.

بەرپرسیارەتیی ڕەحیمی لە سنە هاوکات بوو لەگەڵ چالاکییەکانی حیزبە کوردییەکان لەو ناوچەیە، ئەوەش بوو بە هۆکارێک کە ڕەحیمی بە پیلان دارشتن بۆ ئەو حیزبانە و دژایەتیکردنیان زیاتر خۆی لە دەسەڵات لە تاران نیزیک بکاتەوە . هاوکاریی ڕەحیمی لەگەڵ ئەحمەدی نژاد بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، کاتێک کە لە سنە ئەحمەدی نژاد ڕاوێژکاری پارێزگار بووە و دواتر ڕەحیمی وەکوو پارێزگاری سنە دیاری دەکرێ و ئەحمەدیی نژادیش دەبێتە پارێزگاری ئەردەبێڵ. ئیعدامەکانی ئەو کات لە سنە و قۆڵبەستکردنە بە کۆمەڵەکان لە سەردەمی فەرمانداریێتیی ناوبراو دا، بوو بە هۆی ئەوەکە ئەو سەردەمە بە سەردەمی ترس و تۆقاندن لە سنە ناوبانگ دەربکا.

ناوبراو لە سەدەمی دەسەڵاتدارەتی لەو پارێزگایەدا مودەعی ئەوی بوو کە ١٣ هەزار پرۆژەی ئاوەدان کردنەوەی بەرێوەبردوە و بەم شێوەیە لە کاتی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانی دا خۆی بە «سردار سازندگی» کوردستان پێناسە دەکرد. ئەوە لە حاڵێک دابوو کە بە وتەی خەڵکی ئەو شارە، ئەو ئیدعایەی ڕەحیمی درۆیەکی گەورە بووە و باسکردن لە بەڕێوەبردنی ١٣ هەزار پرۆژە بۆ پارێزگای سنە، تەنیا بانگەشە بۆ خۆی و خۆشیرین کردن لە پێش چاوی کاربەدەستانی تاران بووە.

## چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان لە ڕێگای پەرەدان بە مادده سڕکەرەکانەوە

بەدناویی ڕەحیمی لەو سەردەمەدا زیاتر لە پەیوەندی لەگەڵ درۆگەورەکان و پرۆژە ئەمنیەتییەکانی دا بوو. ڕەحیمی ئەکات بەردەوام پێی لەسەر ئەوە دادەگرتەوە کە دەبێ خەڵکی سنە بە شتێکەوە سەرقاڵ بکەین و بۆ جێبەجێ کردنی ئەو وتەیەی ڕووی لە دانانی پارکەکان و شوێنی گەشتیارییەکان و دواتر پەرەدان بە مادده سڕکەرەکان کرد. نابراو بە یەکێک لەو کەسانە ناسراوە کە بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستی لە بڵاوکردنەوە مادده هۆشبەرەکان لە سنە دا هەبووە و باندێکی تایبەتیی بۆ هاوردەکردنی ئەو مامدانە بۆ سنە لەبەر دەست دا بوو. بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایەش دەکرێ بڵێین تا پێش ئەوەی کە ڕەحیمی ببێتە پارێزگار، شاری سنە خاوێنترین پارێزگای ئێران لە بواری گیرۆدەبووان بە مادده هۆشبەرەکان بوو، بەڵام دوای هاتنە سەر کاری ناوبراو، ئەو شارە سیمایەکی دیکەی بە خۆیەوە گرت.

## کوشتنی جیابیران بۆ گەیشتن بە ئاواتەکان

ڕووداني قەتڵە سیاسییەکان لەو سەردەمەدا، دەبێتە هۆی بەدناویی زیاتری ڕەحیمی. ئەو کوشتار و تیرۆرانە لە دوو بەشی نێوخۆیی و دەرەکی دا بژاردەکانی کورد دەگرێتەوە. شەهیدکرانی دوکتوور شەرەفکەندی لە دەرەوەی وڵات، لە نێوبردنی «فاروق فەرساد»، ئیعدامی «ناسر سوبحانی» و لە ئاکامدا کوشتنی خوتبەخوێنانی نوێژیی هەینیی سوننی مەزهەبەکانی کرماشان و یەک لەوان مامۆستا مەلا «محەممەد ڕەبیعی»، بەشێک لە کارنامەی تیرۆری ڕەحیمی لە کوردستانن . ناوبراو لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی بۆ کوشتنی مەلا ڕەبیعی لە نامەیەکدا بۆ «بەشارەتی» وەزیری ئەوکاتی نێوخۆی ڕێژیم داوا دەکا کە بۆ ناردنی دیاری و حەقدەستی بکوژانی ئەو تیرۆرە سیاسییە پەلە بکەن. هەروەها ڕەحیمی چەند جار لە دانیشتن و کۆڕە جۆراوجۆرەکانیدا، بەشداری لە کوشتنی ناڕازییانی حکومەت بە تایبەت دوکتوور شەرەفکەندی و مامۆستا ڕەبیعیی بە یەکێک لە شانازییەکانی خۆی لە قەڵەم داوە.

لە دوایین ساڵەکانی پارێزگاریی ڕەحیمی دا، ناوبراو و هاوبیرەکانی بڵاوکراوەی «ئابیدەر» دەردەکەن . لە یەکەم ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیەدا، ڕەحیمی هەوڵی دەدا وێڕای نیشاندانی دیمەنێکی پێچەوانە لە کوردستان، بارودۆخی ئەو ناوچەیە بە دڵی خۆی و پێشکەوتوو و زیندوو و ئاوەدان نیشان بدا . هەر لەو ساڵانەدا مەسەلەی فرۆشتنی بەشە ئاردی پارێزگای سنە بە خوراسان و هەروەها دۆسیەی کۆرەخانەی «شێل» کە بە پشتیوانیی ماددیی ئەنجومەنی قەشەکانی ئیتالیا و بۆ کەڵکوەرگرتنی کوردە ئاوارەکانی باشووری کوردستان، دەبوایە دوو کارگە دامەزرابا کە تەنیا یەکیان لە جاددەی کرماشان – سنە دامەزرا و پووڵەکەی دیکە ون بوو، و بەم شێوەیە ئەو پەروەندەیەش وەکوو پەروەندەکانی دیکە لە هێزی دادوەریی ڕێژیم دا بایەگانی کرا.

دوای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی خاتەمی، ڕەحیمی وەکوو»ڕاوێژکاری حوقووقیی دەزگای دادوەری» دیاری کرا و بە دوای ئەوەوە و هاوکات لەگەڵ دیاریکرانی لە لایەن مەجلیسەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی «دیوان محاسبات کشور» ڕەحیمی، بە «دوکتوور محەممەد ڕەزا ڕەحیمی» ناوی دەرکرد و لە بازنەی ئەو دەسەڵاتە و لەژێر ڕکێفی ڕەفسەنجانیدا درێژەی بە خزمەت بە کۆماری ئیسلامی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دا.

لە خولی نۆیەمی سەرکۆماریدا و بە هاتنە سەرکاری ڕەوتی توندئاژۆی باڵی بناژۆخوازی دەسەڵات، ڕەحیمی بە هۆی بردنە پێشی سیاسەتەکانییەوە، لە لایەن ئەحمەدی نژادەوە وەک جێگری حوقووقیی و مەجلیسی سەرکۆمار دیاری کرا.

ڕەحیمی دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ فرتوفێل و ژیانێکی پڕ لە گەندەڵی و تاوان، بە یەکێک لە ئاواتەکانی گەیشت و وەکوو جێگری سەرکۆمار هەڵبژێردرا.

هەر لەو ساڵەدا بوو کە چەند کەس لە ئەندامانی مەجلیس ئاشکرایان کرد کە بڕوانامەی دوکتوڕای محەممەد ڕەزا ڕەحیمی ساختەیە و ناوبراو ساختەکاریی کردوە، بەڵام ڕەحیمی دواتر بە سەرسوڕمانەوە وەکوو بەرپرسی ناوەندی نەهێشتنی «گەندەڵیی ئابووری» هەڵبژێردرا!!

لەوانەیە سرنجراکێشترین بەشی ژیانی ڕەحیمی، ڕۆژەکانی خزمەتی لە تاران بووبێ کە ئەو کات بە وێناکردنی کەسایەتیی ئەحمەدی نژاد بە پێغەمبەر ــــ ئەویش لە حاڵێکدا کە وەلیی فەقیە وەکوو سیمبولی ئیسلام و نوێنەری خودا دەژمێردرێ ــــ نیشانی دا کە «هەلپەرست»ترین کەسی نێو حکوومەتە. ناوبراو گێڕایەوە کە کاتێک کە سەردانی سوریەی کردوە، موسڵمانێک پێی گوتووە کە ئەگەر قەرار بوایە پێغەمبەرێکی دیکە لە دوای حەزرەتی محەممەد هاتبایە، ئەو کەسە «ئەحمەدی نژاد» دەبوو!!!

ئێستاش دوای ٩ مانگ کە خامەنەیی و ئەحمەدی نژاد تامی شیرینی سەرکەوتنەکەیان بە تەواوی نەچێشتوە، هەموو ئەو فاکتۆرانەی کە «موهەندیس»ی ساختەکارییەکانیان کردبوو ئاشکرا دەبن و کێشەی نێوان شەریکی «ساختەکارییەکان» و «تاوانباران» ئاماژە بە دۆخی شێواوی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەکەن. ئەگەرچی گەندەڵییەکانی «محەممەدڕەزا ڕەحیمی» لەبەرامبەر لەقاودرانی پڕ هەرای «پالیزدار» زۆر بچووکە، بەڵام تاوان و گەندەڵیی ڕەحیمی لە ٣٠ ساڵی ڕابردوو، گرینگیی زیاتری هەیە . چونکە پشتیوانیی سەرەکی ئەو کەسایەتییە، ڕێبەر و بناژۆخوازانی نێو حکوومەتن و پەیوەندیی بە ساختەکاریی لە ئاکامەکانی دەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییشەوە هەیە.

کارناسانی سیاسی – ئابووری لەو باوەڕەدان کە کاربەدەستانی حکوومەتی و سیاسی، هیچ کات ئەزموون لە ڕابردوو وەرناگرن و بیرگەی مێژوویی لاوازیان هەیە . هەر بۆیە لەو وڵاتانەی کە بە سیستەمی دەوڵەت ناوەند و ئابووریی دەوڵەتی بەڕێوە دەچن، بەرتیلدان و گەڕان بە دوای بەرتیلدان پەرە دەگرێ. هۆکارە گەندەڵخوڵقێنەکان لە پەنا یەکتر

هەر چەند زۆر جار گەندەڵیی مل ئەستوورەکانی کۆماری ئیسلامی لە قاو دراون، بەڵام دوای ماوەیەک بینراوە کە ئەو کەسانە نە تەنیا سزا نەدراون یان لەسەر کارەکەیان لانەبراون، بەڵکوو خێرا دەسەڵاتێکی زیاتر و پۆستێکی هەستیارتری حکوومەتییان پێ دراوە و قسەی لە جاران زلتریان کردوە

دەبنە هۆی پەرەگرتنی گەندەڵی لە نێو لایەکانی بنەوەی کۆمەڵ و هەڵدانی ئابووری، تووشی گرفت دەبێ. بە واتایەکی دیکە گەندەڵی ڕەوتێکە کە بەها ئەخلاقییەکانی مرۆڤ لاواز دەکا و باوەڕەکانی ئەو مرۆڤە گەندەڵکارە پشتی پێ نابەسترێ.

سەرچاوەکانی ئەم زانیارییانە :

١ – «نقش محمدرضا رحیمی در دولت دهم ؟» ناصر غفاری – سایت جنبش راه سبز

٢ – «فساد در سال های استانداری»– سایت زبان

٣ – «مولفەهای فساد اقتصادی» – حسین رادمنشیان

٤ – سایت بی بی سی و «ایلنا»

# سیاوەش

لە ماڵی ئێوە داوەت بۆیە دەنوێ
لە ئەسپی کامەرانیتان سواران
ڕکێف دەکوتن لە ڕێگەی خۆشکراوا
لە تەختی دۆڵێدا چوو کمان دەبیتن
مەگەر نەودی لە سەر ڕێبازی پیرۆز
گولی عومری سیاوشمان بەفیڕۆ
مەگر نەوریوە داسی مێرگ و جاڕان
ئەوا خێڵو حەساوە مزلو دیارە .
بەکەم مەگرن لە لامان پڕشکۆیە
لەبن هەر کوێێ لێویلە و بەشادی
لە گۆوەندی برادا هەر برایە
بەڵام یادێ بکەن لەو شۆڕە سوارەی
بە جێ ماوە لە دۆڵێکی بە ساما
هەتا مێلاقە تەمسیلی شەهیرە
دەسەلمێنێ لە قۆناغێکی ئەستەم

شەپۆڕی شینی ئێمەو نایەتە گوێ
خودا نەیکا کە پێشەنگو هەڵەنگوێ
بەرەو ڕەشماڵی تازە و خێوەتی جوێ
کە سەرکەوتن لەرژدان گەینەسەرسوێ
لە ڕیزی پێشی پێشەنگی مەدەنگوێ
لە سەر تەشتی خەیانەت چۆن دەپروێ
هەتا تیژتر بێ گوڵ سوورتر دەپشکوێ؟
لە بیرو بێ لە کوێوە گەیونە کوێ
مبارەک بێ لە شانو، شەوکەتی نوێ
لە دەسکەوتی خەباتی ئێوە دەدوێ
لە پێش خەڵکێوە شان و پیل دەهەنوێ
لە کویستانان هەمیسان ئەسپی داژوێ
بەڵام کۆل نادا شیرو تیری دەسوێ
لە کام جێ ڕژدە، ریشاژۆیە، دڕوێ
تەلانیش سەنگەرە پێویستە نەبزوێ

تەلان
٢٠، ٤، ١٣٧١ی هەتاوی

# شەبەقی ناز

ئەمین گەردیلانی

کووچە چۆڵ و شەبەقی نازێ لە پەنجێرە تکا
ئاسمان شەق بوو تکەی شەونمی ئەستێرە تکا
شەونمی واژە لەسەر کۆشی خەیاڵ بوونە شێعر
کە تریفەی بزە لەو لێوە گوڵاودێرە تکا
وتم: ئەی شۆخی بەرەو بۆخەمی تۆ بوومە هەور
وەرە ئەم تک تکی فرمێسکمە بژمێرە، تکا
ئاوری بەرداوەتە دڵ پێڵی گڕ هاوێژی نیگات
بکە ڕەحمێک و بە تاڤگەی قژەوە بێرە تکا
مەملەکەت بگرە لەبەر حاکمی ئەشقی دڵڕەق
بۆ گرێ دانی دڵ و وەسڵی ئەوین خێرە، تکا
سەرم هەڵگرت و لەبەر دەرکی ئەوینم دانا
دایە بەر شەق وتی پێم: باوی نییە لێرە تکا
من نیگام برسییە بۆ دینی گوڵی ڕووت و کەچی
لە نیگات شەونمی ماچی ئەوی چاو تێرە تکا
بوومە تاوێلی سڕی کەوتوو لە نێو کووچەکەتان
چابوو تیرێژی بزەت هات و لە پەنجێرە تکا.
پاییزی ١٣٨٦

# ژیانی مامۆستا (هێمن) لە ئاوێنەی چەند دێڕە شێعرێکیدا

ڕەسووڵ سوڵتانی



ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر زۆر گوشراو و کورتکراوە تاریفێک لە ریالیزم، بکەین، دەکرێ بڵێین، بریتییە لەو قوتابخانە هونەری و بەتایبەتی ئەدەبی¬یەی، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم دا، لە فەرەنسا، سەری هەڵ دا، و دژکردەوەیەک بوو لە بەرامبەر قوتابخانەی پارناس (هونەر بۆ هونەر)دا. ئەوان خوازیاری ئەوە بوون کە ژیان و واقیع دەقاودەق دەبێ لە نێو هونەر و بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا رەنگدانەوەی هەبێت.

ریالیزم خۆی بەسەر چەند جۆردا، دابەش کراوە وەک: ریالیزمی مارکسیستی، ریالیزمی رەخنەگرانە و ریالیزمی جادوویی...

بەشێکی هەرە زۆری شێعرەکانی مامۆستا هێمن دەچنە خانەی ریالیزمی رەخنەگرانەوە. لێرەدا مەجالی لێکدانەوەی هەمە لایەنەی ئەو بابەتە نییە، هەر بۆیە تەنیا چەند دێڕە شێعرێک لە هۆنراوەکانی هێمن کە تەنیا تەعبیرێکی بێ پێچ و پەنا و بێ سانسۆرن لە ژیانی خۆی وەک نموونە دێنینەوە.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە رەخنەگرانی بواری ئەدەب و هونەر، بە تا یبە تی پاش گووران و پێگەیشتنی فۆ ر ما لیستە کا ن ، هاتنە سەر ئەوەی ئیتر دەقە ئەدەبییەکان نەک بە پێی ژیاننامە و بواری کۆمەڵایەتی و سەردەمی لەدایکبوون و....ی شاعیر و نووسەران لێک بدەنەوە و تەفسیریان بکەن بەڵکوو بۆ لێکدانەوەی بابەتە ئەدەبییەکان، پشت بە خودی دەقەکان ببەستن بە بێ لەبەرچاوگرتنی نووسەر و شاعیر. چونکە ئەوان پێیان وابوو، دەقی ئەدەبی خۆی جیهانێکی سەربەخۆی زمانییە و خوێنەر و رەخنەگر دەبێ بە شیتەڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتە و بنەمای دەقەکە مەتەڵی ماناکەی هەڵێنن. ئەو بوارەش هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەر قسە هەڵدەگرێت و قسەی لەسەر دەکەنەوە.

شێعری هێمن بە هەموو بوارێکدا لێکدانەوە هەڵدەگرێت. هەم دەکرێت بە پێی پێوەرە هێرمنۆتیکی و فۆرمالیستییەکان بخوێندرێتەوە و هەمیش دەکرێت لە بە ئاوڕدانەوە لە رووداوەکانی سەردەمی خۆی باسیان بکرێت و هەمیش دەکرێت لە ڕێگەی شێعرەکانییەوە بزانێت ئەو مرۆڤە کێ بووە و چۆن ژیاوە....

بۆ نموونە هەر کەس ئاگاداری بارودۆخی دامەزرانی ڕێکخراوی (ژ.ک) نەبێت و نەزانێت لەوێ یەکێک لە سوێندەکان ئەوە بووە کە دەبێ هەموو ئافرەتێکی نیشتیمانەکەت وەک دایک و خۆشکی خۆت سەیر بکەیت، پێی وا دەبێت هێمن کەسێک بووە لەگەڵ دەروون و ناخ و ویستەکانی خۆی راستگۆ نەبووەو بەڵکوو درۆشی لەگەڵ خۆی کردووە، ئەگینا چۆن هێمنێک، کە لە تەمەنی پیریدا دەڵێت:

«بە ڕیشی بۆزەوە سوژدە
دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ
ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە
پیر بوو تازە دانایە؟»

چۆنە لە هەڕەتی لاوەتی دا دەڵێت:

«ئاشقی چاوی کەژاڵ و
گەردنی پڕ خاڵ نیم...»

بەڵام دڵنیاشم ئەگەر خوێنەرێک هیچ ئاگاداری ژیانی لێوڕێژ لە مەینەتی و دەرد و ئازاری هێمن نەبێت، بەڵام بەمەرجێک خوێنەرێکی بیر ورد بێت و ئەو دێڕە شێعرە بخوێنێتەوە:

ئێستێ بۆ چاری خەمم
گۆشەیی مەیخانەیە جێم
من کە ڕۆژێک دەمەویست
میللەتەکەم بێ خەم کەم...

تێ دەگات کە هۆنەری ئەودێڕە شێعرە، شۆڕشگێڕێکی ڕێگەی خەبات و ئازادیخوازێکی ماندووە و ڕۆژگارێکی دوورودرێژە لەو ڕێگەیە دایە، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە شۆڕشەکەی هیچی لێ شین نەبۆتەوە و تووشی نوشوستی بووە، ئێستا ئەوی بێ هیوا لە گۆشەیەکی مەیخانە کەلەلا کەوتووە و بۆ بەباداکردنی خەمەکانی پەنای بۆ مەی بردووە.

لایەنێکی بەرچاوی ژیانی هێمن کە لە شێعرەکانیدا بە تۆخی ڕەنگی داوەتەوە، تەمەنی هێمنە. ئەویش زیاتر لەوەی تەمەنی لاوەتی و گەنجێتیی هێمن بێت، تەمەنی پیری و بەساڵاچوویی شاعیرە. تەمەنێک کە ئاخی حەسرەت و خەفەتی ڕۆژانی رابردوو لەنێو دێڕ بە دێڕیاندا وەک ڕەشەبایەکی دڕ گڤەی دێت:

«گوتی سەبرت هەبێ دووبارە
دێمەوە دیتنت ئەمما
لەکورتیپدا تەمەن وا دیارە
بەو دیدارە ڕاناگا
هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پتر
هەڵدەکشێ مینی ژۆپ
ئیتر دەستم بە داوێنی کچی
ڕەسووڵ سوڵتانی ئەو شارە ڕاناگا»

لە بەیتی یەکەمدا ترس لە مەرگ و نەگەیشتن بەو مزگێنی و بەڵێنەی پێی دەدرێت روون و دیارە. بەڵام لە بەتی دواتردا دەردەکەوێ ئەو ترسە لە مردن تەنیا ترس لە مەرگێکی لەنەکاو و دەستی قەزا و قەدەر نییە بەڵکوو، ترس لە تەمەنە. ترس لە پیرییە. ئەوی شاعیر بە وردی ئاگاداری باری جەستەی خۆیەتی و دەزانێ چواردیوارەکەی جەستەی لەرزۆک بووە و وەک خەییام دەڵێ:

«گیانم دەرئەچوو وتم وچانێک
فەرمووی
دیواری لەشت شکستە چۆن
بار ناکەم؟»

هێمنیش لەوە دەترسێت ڕێبواری گیانی، چیتر لە دیواری شکستی جەستەیدا ڕانەوەستێ و بەو دیدارە نەگات...

ئەم حەسرەتە لە زۆر دێڕە شێعری دیکەدا بەرچاوە:

«دەستی لەرزۆکم هەتا تێیدایە
هێزی بەی گوشین
لێم گەڕێ تاوێ لە باخی سینە
میوان ببمەوە...»

بەڵام ئەو هەست بە پیرێتییە زۆربەی جاران لە بەرامبەر ڕەگەزی بەرامبەردا بەرۆکی هێمن دەگرێت و لەناخەوە ئاخی پێ هەڵدەکێشێت:

«بەڵام ئەی فریشتەی جوانی
ڕەنگە ئەم نوکتە نەزانی
پەریی شێعر وەک کچی جوان
بۆ پیاوی پیر نایەتە ژوان»

یا:

ئەو پەنجەی وا لە بێ هێزی
دەلەرزێ
گوشیوێتی مەمکۆڵەی باڵا
بەرزێ
ئەو ددانەی ئێستێ نەماوە تاقی
گەستوویەتی زۆرجار
چەناگەی ساقی
ئەو باهۆیەی زەمانە لێی بڕی
هێز
کام کیژ جوانە گرتوویەتە نێو
ئامێز...»

لەگەڵ ئەوەشدا هێمن لە شێعری «بارگەی یاران»دا کوڵ و حەسرەتی شاعیر ئەگەر لە لایەکەوە دوورکەوتنەوەیە لەو تەمەنەی کە ڕێبواری شەو و نیوەشەوی جێژوانان بوو، لەو تەمەنی کە، بە سیلەی چاوێک مامزێکی سڵ و ڕەوەکی ڕاو دەکرد، ئیتر خەمی ئەوەش دایگرتووە کە ڕێبوارانی ڕێگەی خەبات باروبنەیان بۆ مەیدانێ پێچاوەتەوە بەڵام ئەو بە هەنگاوی شلەوە ناتوانێ ڕەگەڵیان بکەوێت و بە خەم و پەژارەی پیرییەوە بە تەنێ جێ دەمێنێت:

«دێت و ڕادەبڕێ وەکوو
سەرەوی ڕەوان من چ بکەم
کە بەقوربانی نەکەم ڕۆح و
ڕەوان من چ بکەم
قەدی ئەو شۆخە وەکوو دۆخ
و خەدەنگە و ئەفسوس
پشتەکەم کۆمە وەکوو ماڵی
کەوان من چ بکەم؟
...
...

ڕەوانی خۆشی
هەرەتی لاوەتی دێتە
خەونم
کاتێ ئاوێلکە دەگەڵ
زیندەخەوان من چ بکەم

...
بارگەیان تێکەوە پێچا
و بەرێ بوون یاران
لە ژنێ وا بە تەنێ
پاش ئەوان من چ بکەم؟

...
ئاو نەبوو ئەودەمێ
هێمن مەلەوانی کورد بوو
ئاو شوکر بزۆرە
وەرن زوو مەلەوان من چ
بکەم؟



KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No: 533 20 Apr 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، «ڕۆژنامەی کوردستان» و رادیۆ دەنگی کوردستان لە ژۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
- www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# خاتوونی جێی شانازی من

هیوا

دادە پیرۆز ئەو خاتوونە بەڕێزەیە کە هەر چەند ساڵ جارێک دەیبینم، نزیکەی ٣ دەیە لە شەهید بوونی مێردەکەی رابردووە، بەڵام هێشتا جەوان دیارە. ئەو کە مەینەت و ئازاری سێ دەیەی دابـڕان لـە پیاوە خۆشەویستەکەی و، کوێرەوەریی سێ دەیە بێوەژنکۆشی و بەخێوکردنی کۆشێک منداڵیشی بینیوە، ئاوا جوان و جەوان ماوەتەوە. بەم پێیە دەبێ لە کاتی شەهید بوونی مێردە پێشمەرگەکەی دا، لە سەرەتای قۆناغی لاوەتی دا بووبێ.

وێناکردنی زۆر بە زەحمەتە! ژنێکی ٢٠-٢٢ ساڵەی جوان و جەوان، بە چوار پێنج منداڵەوە بە دەروونێک کە خەمی بێکۆتایی لە دەستدانی باوکی منداڵانی تێدایە، بە گژ کێشەکانی ژیان و بەڕێچوون دا بچێ، ئەویش لە سێبەری ڕێژیمێک دا کە مێردەکەی کوشتوە، لە خۆت و منداڵەکانت بێزارەو زۆر داوی ناوەتەوە بۆ ئەوەی بنەماڵەی شەهیدان و خەباتگێرانی کوردستان تێی بکەون و تێیدا عەیبدار بن. خاتوونی جێی شانازی من، نەک هەر کەسێکی ئەوتۆی نیە، باری قورسی دابینکردنی ژیانی چەند منداڵ لە سێبەری ڕێژیمێکی دوژمنی لەگەڵدا بخوا، دەبێ خەمخۆری دوو بنەماڵەی دیکەش بێ، بنەماڵەی دووشووبرای خۆی کە ئەوانیش، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەورەی ماڵیی لێ کوشتوون. دوو بنەماڵە، کە سەرپەرستیی ئەوانیش بە چەند منداڵەوە، کەوتۆتە سەر شانی دوو دایکی هێشتا جەوان.

وێنا کردنی زۆر بە زەحمەتە! پیاوان، ئەوانەی گوشاری تایبەتیی ڕێژیم و بەکرێگیراوانی ئەو ڕێژیمەشیان لەسەر نیەو لە ڕەوتی کار لە بازارو هاتنە نێو کۆمەڵدا، چەختی بوون و خاراون، لە سەرپەرستیی بنەماڵەو دابینکردنی ژیانی ئەوان بەو هەمووە گرانی و بێکاری و کێشە کۆمەڵایەتییانەوە، وەزاڵە هاتوون و هەمیشە ناڵەیان دێ، ئەدی ژنانێکی هێشتا ساردو گەرمیی ڕۆژگار نەچێشتوو و کەم ئەزموون کە لە پڕ مێردیان لە دەست دەدەن، چۆن خۆ لە قەرەی ئەم ژیانە بدەن؟ بەڵام دادی من، قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ. منداڵەکانی، کە بابیان شەهیدی ڕێگای ئازادییە، نابێ برسی و نەخوێندەوار بن. بۆ خۆی کە ژنی شەهیدە، نابێ عەیبەی بێتەوە سەر، هاوسەرو یادگارەکانی شووبرا شەهیدەکانی بێکەس نین، ئەوەنیە ئەویان هەیە. دادی من، ئەگەر چی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لە دوای مەرگی مێردە شەهیدەکەی لە خۆی حەرام کردووە، بەڵام بۆ هاوسەری شووبراکانی بە شتێکی ڕەوا و سروشتیی زانیوە کە شووبکەنەوە، بەومەرجەی دەست لە منداڵەکانیان هەڵ نەگرن، هێلانەیان لێ تێک نەدەن و ئەنوایەک بۆ جگەر گۆشەکانیان پەیدا بکەن. مخابن، زۆر جاران ئەم "ئەنوا" و فریارەسانە کە بەرواڵەت بە مەبەستێکی ئینسانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ ژنانی هەتیوبار پێک دێنن، بە کەسانێکی هەلپەرست دەردەچن و رووی راستەقینەی خۆیان دەردەخەن. دەکەونە بەدرەفتاری و بیانووگرتن بە منداڵە بێباوکەکان، ژنەکەیان دەخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی لە نێوان مێرد و منداڵی تازە و منداڵانی مێردی پێشووی یەکیان هەڵ بژێری. مشوور خۆری منداڵانی پێشووی هاوسەری ئێستایان نین، یا بۆ خۆیان دەیانچەوسێننەوە یا دەریان دەپەڕێنن و بەرەو چارەنووسێکی نادیار، پاڵیان پێوە دەنێن. لێرەش دا خاتوونی جێی شانازیی من، جێگای دایک بۆ منداڵەکانی شووبرای شەهیدی پڕ دەکاتەوە و تەنانەت لە دوا تخووبی هەڵدێران، لە سنووری مەرگ دەیانگێڕێتەوە و دەیانهێنێتەوە سەر ڕێگای ژیان بە سەر بەرزی.

خۆزگەم دەخواست ئەوەندە لە پەردەدا نەدوابایەم و بم توانیبا یەکەیەکەی ئەو ژنە رووسوور و سەربەرزانەم بە دەنگ و ڕەنگی خۆیان و لە زمانی خۆیانەوە بەهەموولا ناساندبا کە بە هیممەتی کەم وێنە و بەوپەڕی لە خۆ بردووییەوە، ژیانی خۆیان بۆ خزمەت و سەرپەرستیی یادگارەکانی شەهیدانی ئەم کوردستانە تەرخان کردوە. خۆزگەم دەخواست ئەوەندەم دەسەڵات هەبایە،لە سامانی ئەو کەسانەی تەنیا لە بیری پێکەوەنانی سەروەتوسامان دابوون و هیچیان بۆ نەتەوەکەی خۆیان نەکردوە، باشترین ژیان بۆ ئەم قوربانییانەی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەکەمان دابین دەکرد. خۆزگەتێچووی خەباتی رزگاریخوازیی ئەم نەتەوەیە، نادادپەروەرانە دابەش نەکرایە.




## پیرۆز بێ یادی ١١٢ ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

بە بۆنەی یادی ١١٢ ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ڕۆژنامەی "کوردستان" وێڕای بەرز ڕاگرتنی ئەو یادە، سەری ڕێز لە ئاست دامەزرێنەری یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و هەروەها شەهیدان و تێکۆشەرانی کۆچکردووی بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دادەنەوێنێ و هیوادارە ساڵی داهاتووی تەمەنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ساڵێکی پڕ لە سەرکەوتن بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردو ڕۆژنامەنووسیی کوردی بێ.

کارگێڕان و نووسەرانی
رۆنامەی کوردستان

## خەڵاتی ئازادیی ڕادەربڕین لە لایەن هەواڵنێرانی بێ سنوورەوە درایە ژیلا بەنی یەعقوب



ژیلا بەنی یەعقوب، وێبلاگنووس و چالاکی مافی ژنان خەڵاتی ئازادی ڕادەربڕینی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنووری پێ درا.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور لە بڵاوکراوەیەکدا بە بۆنەی بەخشینی ئەم خەڵاتە ڕایگەیاندوە کە ژیلا لە ریزی هەرە پێشەوەی تێکۆشان بۆ ئازادی ڕاەربڕین لە وڵاتەکەی دا خەبات دەکاو ئەوو بنەماڵەکەی هەتا ئێستا تێچوویەکی قوورسیان بۆ ئەو مەبەستە داوە.

لە پاش ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران، کە ناڕەزایەتیی بەربڵاوی خەڵکی لێکەوتەوە، ژیلا بەنی یەعقوب و هاوسەرەکەی بەهمەن ئەموویی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کران.

بڕیارە ئەم خەڵاتە لە مانگی ژوئەنی ئەمساڵ دا لە شاری بۆنی ئاڵمان پێشکەش بە وێبلاگی "ئێمە ڕۆژنامەنووسین" کە وێبلاگی ژیلایە بکرێ.

## شوجاعەدین شەفا، ئەدیب و ناوداری ئێرانی کۆچی دوایی کرد



شوجاعەدین شەفا، ئەدیب، لێکۆڵەرو وەرگێڕی بەناوبانگی ئێرانی ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی خاکەلێوە لە پاریس کۆچی دوایی کرد.

شەفا ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی لە قوم لەدایک بوو و دوای زانکۆی تاران لە بەیرووت و پاریس درێژەی بە خوێندنی باڵای خۆی داو پلەی دوکتورای وەرگرت. شوجاعەدین شەفا کتێبی"کۆمێدی ئیلاهی" بەرهەمی دانتە و بەهەرمگەلێکی دیکەی گوتە و ئاندرێ ژێدی کردوە بە فارسی.

ناوبراو لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتیی دا پلەی جۆراوجۆری وەک سەرۆکایەتیی کتێبخانەی نەتەوەیی پەهلەوی، سەرۆکی گشتی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی ئێران ناسان و جێگری فەرهەنگی دەرباری پادشایەتیی لە ئەستۆدابووە.

ناوبراو هەروەها دوکتورای ئیفتختاری لە زانکۆکانی ڕۆم، مۆسکۆ، ئیسپانیا و ئۆتریش وەرگرتوەو دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش درێژەی بە کاروچالاکی خۆی داوە.

## ئەنجومەنی"لینکۆن سەنتەر" ڕێزی تایبەتی لە بەهمەن قوبادی دەگرێ



ئەنجومەنی ناوداری فیلمی"لینکۆن سەنتەر" لەشاری نیویۆرک چاوی بە بەرهەمە سینەماییەکانی سینەماکاری ناوداری کورد بەهمەنی قوبادی داخشاند و ڕێزی تایبەتی لە ناوبراو گرت.

لەم چاوخشاندنە بە بەرهەمەکانی قوبادی دا کە بە ئامادە بوونی خۆی و خاتوو ڕۆکسانا سابیری لە ڕۆژی ١٤ ئەپریل دا بە پێشاندانی "کەس بە پشیلە ئێرانییەکان نازانێ" دەستی پێ کردو دواتر بەرهەمەکانی دیکەی دەرهێنەر وەک "ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان"، گۆرانییەکانی وڵاتی دایکم""کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن"و" نیوەی مانگ" نیشان دران.

لە بروشودری ئەم بەرنامەیە دا هاتووە کە " قوبادی هەر لە یەکەمینی فیلمە بەرچاوەکەی ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان"، ناوی نەک تەنیا وەک یەکێک لە سینەماکارە بەهرەمەندەکانن. ناوی خۆی تۆمار کرد بەڵکو وەک یەکێک لە بەوزەترین فیلمسازەکانی نەوەی خۆی لە مێژوودا تۆمار کرد.

بەرنامەی چاوخشاندن بە بەرهەمەکانی قوبادی لە کاتێک دابەرێوە دەچێ کە کۆمپانیای فیلمی IFG لە ڕۆژی ١٦ی ئەپریلەوە دەستی کردوە بە کردنەوەی فیلمی "پشیلە ئێرانییەکان" لە چەندین شاری ئەم وڵاتە.

## ڕەزاکەرەم ڕەزایی ئەکتەری کوردی ڕۆژهەڵات کۆچی دوایی کرد.



ڕەزاکەرەم ڕەزایی لە دایکبووی ١٣١٦ لە سونقورئابادی کرماشان ڕۆژی ١٤ی خاکەلێوە بە هۆی نەخۆشی سییەکانی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تاران کۆچی دوایی کرد.

ڕەزایی کە نزیک بە نیو سەدە ئەکتەرێکی ئەکتیڤی بواری هونەری نواندن بوو ساڵی ١٣٦٤ بڕوانامەی لە ئەنیستیتۆی فیلم و تیڤی و شانۆی زانکۆی مۆنیخی ئاڵمان وەرگرتوەو جگە لە نواندن و دەورگێران لە زۆرێک فیلم و زنجیرەی تیڤی دا کاری نووسین و دەرهێنان و وەرگێرانی دەقە ئەدەبییەکانی کردوە.

ڕەزا کەرەم ساڵی ١٣٤٩ بە دەورگێران لە فیلمی" دەستدرێژی" دا هاتە نێو کاری سینەماو ساڵی١٣٨٦ دوایین کاری خۆی بە ناوی «مەجنون و لەیلی» لە مێژووی کاری سینەمایی خۆی دا تۆمار کرد.